کانونی دووەمی 2018 (8)

دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

گفتوگۆ لەبارەی نارەزایەتیەکان و ئایندەی خەباتی جەماوەری، دۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم، چەپ لە کوردستان و نامۆبوون بە سیاسەت، لێکەوتەکانی سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی وقوڵبونەوەی هەژاری، ترەمپ و بەڕەسمی ناسینی قودس بە پایتەختی ئیسرائیل، شۆڕشێك كە کۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کرد، تێزەکانی نیسان، مانیفێستی ئەدەبی

عوسمانی حاجی مارف،
محسن کەریم،
خەسرەو سایە،
دەشتی جەمال
موزەفەر موحەمەدی
سورەیا شەهابی
عەبدوڵ سلێمان(مەشخەڵ)
جەمال موحسین

دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات
ژمارە ٨ / ساڵی دووەم / کانونی دووەمی ٢٠١٨

سەرنوسەر:

جەمال موحسین

دیزاین:

خەسرەو سایە

بەشدارانی ژمارە:

عوسمانی حاجی مارف، محسن کەریم،

خـەسرەو سایە، دەشتی جەمال، سورەیا شەهابی،

موزەفەر موحەمەدی، عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ)،

جەمال موحسین

پەیوەندی:
0047 47276028
<u>**didgaisocialisti@gmail.com**</u>

ناوەڕۆک:

★ **سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکان و**

ئایندەی خەباتی جەماوەری،

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان حاجی مارف ٢

★ **سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکان و**

ئایندەی خەباتی جەماوەری،

گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال ١٠

★ **بارودۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم،**

گفتو گۆ لەگەڵ خەسرەو سایە ٢٢

★ **چەپ لە کوردستان و نامۆبوون بە سیاسەت،**

موزەفەر موحەممەدی.. ٣٤

★ **لێکەوتەکانی سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی لەسەر**

قوڵکردنەوەی هەژاری لە کوردستان!

موحسین کەریم ٤٨

★ **سەبارەت بە بڕیاری ترەمپ بۆ بە بەڕەسمی ناسینی**

ئۆرشەلیم (قودس) بە پایتەختی ئیسرائیل،

گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی.. ٦٩

★ **شۆڕشێك کە کۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کرد!**

لە یادی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا.

جەمال موحسین ٧٧

★ **تێزەکانی نیسان،**

ڤلادیمیر لینین ٨٨

★ **مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی،**

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ).. ٩٥

پێشەکی ژمارە و پۆزشێک:

بەر لە پێشەکی و ناساندنی بابەتەکانی ئەم ژمارەیە ئەمەوێ پۆزشی زۆرم بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکە بهێنمەوە کە ئەم ژمارەیە بە هۆی تەندروستیمەوە لە کاتی خۆی زۆر دواکەوت. داوای لێبوردن لە تەواوی هاورێیان و دۆستان و خوێنەرانێک ئەکەم کە لە چاوەڕوانیدا ڕاگیران.

لەم ماوانەدا کوردستان بە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و دژواردا تێپەڕی و زۆر مەسەلە ڕوویاندا. هەربۆیە تەوەری سەرەکی ئەم ژمارەیە بۆ پۆشینی چەندین لایەن و ڕەهەندی ئەم دۆخە و ئایندەی کوردستان تەرخان کراوە و چەندین گۆشە و مەسەلە لە شێوەی گفتوگۆدا سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکان، ڕیفراندۆم و دۆخی دوای ڕیفراندۆم دێتە بەر دیدەتان. هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە وتارێک هاتووە بە ناوی (چەپ لە کوردستان و نامۆبوونی بە سیاسەت). هەروەها بابەتێکی تر سەبارەت بە هەژاری لە کوردستان لێرەدا هاتووە.

هەروەها بە پێویستمان زانیوە گفتوگۆیەکی کورت سەبارەت بە بڕیاری ترەمپ بۆ بە ڕەسمیەت ناسینی قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل پێشکەش بکەین.

وتارێک لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تێزەکانی نیسانی لینین و هەروەها باسێک سەبارەت بە ئەدەبی کرێکاری سەرنجی خوێنەرانی ژمارە ڕائەکێشێ.

جەمال موحسین

سەرنووسەر

٧ ی کانونی دووەمی ٢٠١٨

عوسمانی حاجی مارف

سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکان و ئایندەی خەباتی جەماوەری
گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

دیدگای سۆشیالستی: بە کردەوە شتێک نەماوەتەوە ناوی حکومەت بێ بە تایبەتی لە ڕوانگەی جەماوەری برسی و هەژارکراوی کوردستانەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی و پارتی و تەنانەت لایەنەکانی تریش باس لە هەڵبژاردن ئەکەن. گۆڕان و کۆمەڵ کە لە ''حکومەت'' کشاونەتەوە باس لە ''هەڵبژاردنی بێگەرد'' ئەکەن. پێتان وایە دوای ئەم هەموو دەرد و مەینەتیەی کە بەسەر کۆمەڵگایان هێناوە بتوانن جارێکی تر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش فریو بدەنەوە و ڕاپێچی ئەم بەدیلەی خۆیانی بکەن؟

عوسمانی حاجی مارف:

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو باسەی کە حکومەتی هەرێم لە پەلوپۆکەوتوە و هەڵوەشاوەتەوە و زەلیل و بێکار بوە، یان ئەوەی ئایا ئەتوانن جارێکی تر هەڵبژاردن بکەن و پەرلەمانی تازەو کابینەی تازە دامەزرێننەوە..؟، پێویستە ئەوە بزانین کە بۆ بەم دەردەسەری و بێ پەڕوباڵ بونە گەشت، چونکە وەک خۆتان دەزانن لەم بارەیەوە بۆچون ولێکدانەوەی

جیاوازی بۆ دەکرێت. نمونەی ئەوەی کە دەڵێن هۆکاری ئەم هەلومەرجە ئەنجامدانی ڕفراندومە، خیانەتکاری و ناڕاستگۆیی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، کورد دۆستی نییە، یاخود قەیرانی ئابوری ودارایی و چەندین بۆچوونی ڕووکەشی لەم بابەتە ڕەواج پێدەدرێ و دەوری نەرێنیش لەسەر زەهنیەت و مەزاج و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک دادەنێ، لەوانەیە لە باری لۆژیکی شکڵی یەوە هەریەک لەو بۆچونانە بۆ لایەنگرانی ڕاستیەک بخاتە سەر شێوازی کێشەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدنیای واقع دا ناتوانێ بچێتە سەر ئەسڵی کێشەکە، لە وەڵام دانەوەیان بۆ چارەسەری کێشەکە ڕادەوستن و ڕێگا چارەیەکی عەمەلی بۆ وەڵام بە قەیرانەکان پەیدا ناکات، جگە لە دەربڕینی توڕەیی و بێزاری یا هێنانە دەرەوەی ئەحکامی گشتی بە بەکارهێنانی مەقولەی خۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردن شتێکی تر نادەن بەدەستەوە.
مەبەستم ئەوەیە ئەم هەلومەرجە نالەبار و کارەساتبار و پڕ تراژیدیایەی خەڵکی کوردستان لەماوەی ٢٦ساڵی دەسەڵاتی ملیشیایی هەردوو حیزبی ناسیۆنالیستی یەکێتی وپارتی دەرگیریان بووە، بە لێکدانەوەی ئەنجامدانی ڕفراندوم و قەیرانی ئابوری وخیانەت و بودەڵەیی ئەو حزبانە سەرقاپی بنرێتەوە نەک ناگات بەئاکامێکی ئیجابی و عەمەلی بەڵکو دەبنە بەربەستێک لەبەرامبەر هەر پێشڕەوی و هەنگاوێکی کارسازدا.
بە بۆچوونی من ئەگەر بمانەوێت واقعیانەتر لە قەیران و هەلومەرجی نالەباری ئێستای کوردستان ووردبینەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرج و هۆکاری سیاسی دنیا و ناوچەکە و عیراق و کوردستان لە ماوەی ٢٦ ساڵی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتیدا. گەر بەکورتی ئاماژەی پێبدەین لە جەنگی کەنداوەوە کە تعبیر بوو لە نەخشە و ستراتیجی دەوڵەتی ئەمریکا بۆباڵادەستی بەسەرجیهاندا، هەر لەم ڕێڕەوەدا بوو حیزبەکانی کوردایەتی فرسەتی خۆبەستنەوەیان بەو نەخشەو ستراتیجەی ئەمریکای قۆستەوە و وەک دوو هێزی ملیشیا بۆ بەرژەوەندی هێزەکانیان کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردو خۆیان و خەڵکیان لە مەوقعیەتی چاوەڕوانی بۆ نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا دانا و چارەنوسی کوردستانیان گرێدا بە ئاکامی مەرحەمەتی دەور و جێگاوڕێگای ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بە مانایەک چارەنوس و هەلومەرجی سیاسی کوردستان هەر لە سەرەتاوە کەوتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە کە نیشانەی دۆخێکی قەیراناوی بەردەوام لەدەسەڵاتی سیاسی و نەبونی دەوڵەت و خنکاندنی چارەنوسی کوردستان لەناو گێژاوی سەرگەردانی و هەڵواسراوی و ناجێگیری سیاسیدا درێژەی کێشا.
بینیمان تا ڕوخانی حکومەتی بەعس لە ٢٠٠٣ دا چەندین کارەسات و مەینەتی و دەردی سەری هەمیشە میوانی خەڵکی کوردستان دەبوو. دواتر هاوکاتی ڕوخانی حکومەتی بەعس، دووبارە حزبەکانی کوردایەتی بون بە بەشێکی سەرەکی لە جێبەجێکردنی نەخشە و

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

سیاسەتەکانی ئەمریکا و خزانە ناو چۆنیەتی دەور و مامەڵەی ئەمریکا بۆ پێکهاتنی دەسەڵاتێکی میلیشیایی قەومی و ئیسلامی و طائیفی و عەشیرەتی لەناو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، کەبوە سەرچاوەی بەردەوامی دان بە هەمان گێژاو و ناجێگیری سیاسی وهەڕەشە و مەترسی لەسەر خەڵکی کوردستان و عێراق، بەدوای ئەو مێژووەوە بە شێوازێکی تر هەردوو دەسەلاتی یەکێتی وپارتی بەناوی ڕێککەوتنی ستراتیجی ودواتر بەناوی حکومەتی بنکە فراوان، بەردەوامیان بەهەمان دەسەلاتی میلیشیایی و دوو ئیدارەیی زۆنی زەردو سەوز و چاوەڕوانی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و وولاتانی ناوچەکە و مانەوە لە ناو گێژاوو ناجێگیری سیاسیدا کوردستانیان بەرێوە برد.

لە هەمان کاتدا هەوڵیاندا لە ناو بۆشایی و ئەو گێژاوە سیاسیەی عێراقدا پێگە و مەوقعیەتی دەسەلاتی سیاسی و هێزەکانیان بەرنە سەر و بەهێزتری بکەن، تا لەناو هاوکێشەی سیاسی و هەلومەرجی نالەباری سیاسی عێراقدا هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆیان بگۆڕن، بەتایبەتی پارتی لەم بارەیەوە وەک هێزی یەکەم قورسایی خۆی خستە سەر ئاڵوگۆڕەکان و لەنێو هاوکێشەی سیاسی عێراق و ناوچەکەدا بووە جەمسەرێکی سەرەکی لە ساتوسەودا و مامەڵە لەگەڵ وولاتانی ناوچەکە و حکومەتی ناوەندیدا. هەروەها پارتی و یەکێتی توانییان لەباری ئیمکاناتی داراییەوە وەک دوو مافیا گەورەترین جەردەیی و تالانی لە سەروەت و سامانی کوردستاندا بکەن.

بۆ ئەم واقعیەتە دەتوانین بڵێین تاهاتنی داعش و شەڕ لەگەڵ داعشدا درێژەی کێشا و یەکێتی وپارتی بە گوێرەی هاوسەنگی هێزیان مامەڵە و کێشمەکێشیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بەسەردەبرد. بەلام پاش دەرکردنی داعش لە موسڵ و سەرکەوتنەکانی حکومەتی عێراق لەبەرامبەر داعشدا هاوکێشەکە گۆڕدرا و هاوسەنگی هێز بەقازانجی عبادی و دەوڵەتی قانون گەڕایەوە ئاستێکی تر. هەر بۆیە هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێکەوتن و بەرژەوەندیەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی کەوتە دۆخێکی ترەوە، حکومەتی ناوەندی پێویستی بە ئارایشکی تر و دەور و ڕێکەوتنێکی ترە لەپەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. بەو پێیە هەلومەرجی سیاسی کوردستان لەپەیوەند بە حکومەتی ناوەندیەوە دەورانی بەردەوام بونی قەیرانەکان و گیژاوی سیاسی چڕتر دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەم هەلومەرجە زیاتر بە ناو دۆخیکدا گوزەر دەکات کە وەزعی سوریا و شەڕ لەگەل داعش زیاتر گرێی خواردبوو بە کێشمەکێش و شەڕی ولاتانی زلهێزی دنیا، بەتایبەتیش دەورو کێشمەکێشی روسیا و ئەمریکا دۆخێکی ئاڵۆزتری هێنایە پێشەوە. بەمانایەک بن بەستی و قەیرانەکانی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا هەر ئەو کاتەی دەیان گوت حکومەتەکەیان ساوایە بۆ خۆی هەر بەبن بەستی و بودەڵەیی دامەزرا، وە

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

ئێستا ئەو بنبەستی و سەرگەردانیە لەسەر بنەمای پێکهاتەی خۆی زۆر فراوانترە لەوەی کە قەتیس بکرێت بەوەی بخرێتە سەر دەوری ڕفراندوم و خیانەتکاری و نەبونی دۆستی کورد، کە گوایە هۆکاری ئەم بارودۆخەن. هەر بۆیە کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە پەیوەندە بە خۆ ڕزگارکردن و کارکردن بۆ هاتنەدەرەوە لە تەواوی ئەو چوارچێوە و هەلومەرجانەی ئەم بارودۆخەی هیناوەتە پێشەوە.

حکومەتی هەرێم یان دەسەڵاتی میلیشیایی هەردوو حزبی ناسیۆنالستی پارتی و یەکێتی لەچوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی نەتەوەپەرستی و ئیسلامی و تائفی عێراقدا بە چاوەڕوانی لە دەور و مەوقعیەتی ئەمریکا و کێشمەکێش و بەرژەوەندی وولاتانی زلهێزی دنیا ئاشکرایە کەهەر لە سەرەتای دروست بونیەوە دارمان و داڕوخانی خۆی سازمان داوە و مایەی بەڵاو دەردی سەری دەبێت بۆ سەر ژیانی خەڵک.

گەر سەرنج بدەن لە پرۆسەی دەسەڵاتداری و حکومەتداری لە کوردستاندا تەواوی دام ودەزگاو پێکهاتەکانی لە پەرلەمان و دادگاو وەزارەتەکان لە ٢٦ ساڵی ڕابردودا جگە لە ڕێکەوتن و ڕازی کردنی یەکتر و بەشکردنی سەرەوت و سامان لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا هیچ مانا و جێگاوڕێگایەکی تری نەبوو، وەک ئاماژەمان پێکرد لەهەمان کاتدا لەناو هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکاندا یاری و مامەڵەی پێ دەکرا. هەر بۆیە ئاکامی سروشتی حکومەتێکی لەو چەشنە دارمان وهەڵوەشانی حەتمیە.

ئەتوانم ئەوە بڵێم کەهەر باس کردنێک دەربارەی هەڵبژاردن بەهەر شێوازێک بێت ئیتر بە ئاشکرا جێگای گاڵتەجاریە و دوبارە یاری کردنی بەردەوامە بە ئایندە و چارەنوسی کوردستان و هێشتنەوە و قوڵکردنەوی قەیرانەکان و داشکانەوەی زیاترە بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا. هەر بەو مانایەش ئەو لایەنە سیاسیانەی وەک گۆڕان و ئیسلامیەکان کە بانگەوازی ئەوەیان دەکرد لە ڕێی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسی دا دەکەن، شکستیان خوارد و نەک هیچیان پێنەکرا بەڵکو دەورێکی نەرێنیان دی بەوەی کە خەڵک لە چاوەڕوانیدا ڕاگرن. هەڵبەتە بەجیا لەوەی کە پرۆژەکانی گۆڕان و ئیسلامیەکان هەر لەسەرەتاوە شکستی خۆی تۆمار کردبوو، ئێستاش دوبارەکردنەوەی هەمان ئەزمون لەوە واوەترە کە تەنها باس لە بن بەست و شکستی بکرێت. چونکە لەلایەکەوە ئومێد بەخشین بەهەمان دەوری شکست خواردو مایەی گاڵتەجاری و بێ ئاسۆییە، لەلایەکی ترەوە بۆ خۆیان لەناو گێژاوی سیاسی و سەرگەردانی و بێ سەرەوبەریدا دەخولێنەوە. بەمانایەک هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان ئەو دۆخەی تێپەڕان کە ئیتر بتوانرێت بە چەواشەکاری و بەناوی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە چاوەڕوانی ئەوە بکرێت هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک بەدەست بهێنرێت.

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

دیدگای سۆشیالستی: لە دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەرەوە، دۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر بووە وکوردستان کەوتە ناو دۆخێک و دەورەیەکی تەواو جیاواز و تازەوە. لایەنێکی وەک جوڵانەوەی نەوەی نویٚ بە ئاشکرا بانگەشە بۆ ئەوە ئەکات کە ڕێگاچارە لای بەغدایە و بەڵێنی درۆینە سەبارەت بە موچەدانی مامۆستایان و فەرمانبەران بڵاوئەکاتەوە و تەنانەت بە هۆی ئەو خۆشخەیاڵیەوە لە ناو هەندێک لە مامۆستایانی نارازیەوە دروشمی گەڕانەوە بۆ عەبادی ئەووترایەوە. پێمان باشە کەمێک لەسەر ئەم بانگەشە و بەدیلە ڕابوەستن.

عوسمانی حاجی مارف:

هەموان ئەوە باش دەزانین کە ١٦ی ئۆکتۆبەر، وەرچەرخانێکی گەورەی لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا بەخۆوە نیشاندا، بە مانای ئەو واقعیەتەی کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد شکستێکی ئابڕوبەرانەی تریان لە مێژووی هەڵسوڕانی سیاسیاندا بۆخۆیان تۆمار کرد. بە دوای دەرکردنی هێزەکانی داعش لە موسڵ و گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکە و عێراقدا و لەئاکامی گۆڕینی مەوقعیەتی حکومەتی عێراق و بەرزبونەوەی هاوسەنگی بە قازانجی عەبادی، حزبەکانی کوردایەتی پاشەکشە و تەسلیم بونی حەتمی بووە ئەمری واقع بۆیان، کە تا پێش ١٦ئۆکتۆبەر لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا بانگەوازی نەخشەی ئابوری سەربەخۆیان دەکرد. بەم ڕێگەیەش لەلایەک بۆ ماوەیەک کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی نەوت و قاچاخچێتی و بازرگانی بە نەوت و سیاسەتی تاڵانچێتی ومافیاییان گرتبوە بەر، لەلایەکی ترەوە هەلومەرجی سیاسی کوردستانیان زیاتر لە قەیران و بیٚ ئاسۆییدا ڕا گرتبو. هەروەها نەبونی موچەو نەبونی خزمەت گوزاریەکان و وەڵام دانەوەی ناڕەزایەتی وخواستەکانی خەڵکیان بە فەرامۆشی سپاردبوو.

وەک پێش تر ئاماژەمان پێدا دوای دەرکردنی داعش لە موسل و گۆڕینی مەوقعیەتی حکومەتی عیراق و ڕێکەوتنی ئیران و تورکیا وعێراق، ئەو فرسەتەی بۆ عەبادی و حکومەتەکەی زیاتر هێنایە پێشەوە کە بتوانیٚ هەموو ئەو سەرکەشیانەی یەکێتی و پارتی کە بە پێچەوانەی ڕێکەوتنەکانی پێشوتریان بووە و لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا جێبەجێیان نەکردبوو پاشەکشەیان پیٚ بکات. ئەم شکست و پاشەکشەیە لەباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە بزوتنەوەی کوردایەتی خستە بەردەم مەوقعێکی یەکجار لاواز و ڕسواوە، بە جۆرێک گەیشتنە ئەو ئاستە کوڕنوش بۆ فەرمانەکانی عەبادی بەرن. لە ئاستێکدا ئەم پاشەکشەو شکستە ڕەنگی دایەوە کە حیزبەکانی کوردایەتی لە نیوان خۆیان دا کەوتنە تاوانبارکردن و سوکایەتی و تانە و تەشەر بەرامبەر یەکتر، وە هەرلایەکیان پێشڕەوی لەوەدا دەکەن کە چۆن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ڕێک بکەون. هەر لەم بیٚ ئاسۆیی و

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

چوارچێوەیەدایە کە گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی بۆتە دروشمی چاکسازی و ڕزگاری نیشتمانی، ئەو لایەنانەش بەکۆن و تازەوە کە بانگەشەی ئۆپۆزسیۆن بون دەکەن، کەوتونەتە ناو هەمان بازنەی سیاسەتی گەڕانەوە بۆلای حکومەتەکەی عبادی. بەڵام ئەوەی ڕۆشنەو وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد، خودی قەیران و گێژاو و ناجێگیری سیاسی کوردستان و ئەم ڕەزالەتە، پاشکۆبون و بەستنەوەی چارەنوسی کوردستانە بە دەوڵەتی عێراقێکی قەومی و ئیسلامی و طائیفی عەشیرەتی، واتە ئەو هێزو لایەنانەش کە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە دەخوازن کوردستان بە پاشکۆی دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە، هەمان مێژوی دەسەڵاتی ٢٦ساڵەی یەکێتی و پارتی لەسەرەتاوە دوبارە دەکەنەوە.

دیدگای سۆشیالستی: بەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەجیا لەوەی دۆخێکی بێ ئومێدی و بێ ئاسۆیی بەشێکی زۆر کۆمەڵگەی داگرتووە و خەڵکی لە چاوەڕوانیدان و چاودێری ڕوداوەکان و هێزە سیاسیەکان دەکەن، لەهەمان کاتدا هێزو لایەنەکان خەریکی تەرحی سیاسی و ئەڵتەرنەتیفی جیاوازن، ئاخۆ لەم هەلومەرجەدا ئەلتەرنەتیفی کۆمۆنیستەکان بۆ دەرچون لەم قەیران و بێ ئومێدیەدا دەبێت چ وەڵامێک بێت و دەبێت چی بکەن..؟

عوسمانی حاجی مارف:
گرنگترین مەسەلەیەک لە ئێستادا و لە پەیوەند بەم قەیران و دارمانی حکومەتی کوردستان و شکست و هەرەس و ئابڕوچونی بزوتنەوەی کوردایەتی وحیزبەکانی کە بۆشاییەکی گەورەیان لە قەیرانی دەسەڵاتی سیاسیدا پێکهیناوەو دام ودەزگا حکومی و ئیداریەکانیان تەواو پوچەڵ بونەتەوە، کاتی هاتنە مەیدانی ئەلتەرنەتیڤێکە کە تەعبیر بێت لە هاتنەمەیدانی دەورو ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و ئایندەی چارەنوسی کوردستاندا. هەرچی ئەو حزب و لایەن و هێزانەی نوێنەرایەتی ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازی دەکەن، یەکەم مەسەلەیان گۆشەگیرکردن و کەنارخستنی دەور و دەخالەتی خەڵکە، بە هەر شیوازێک بۆیان بگونجێت خۆیان دەکەنە دەم ڕاست و نوێنەر و پاڵەوان و فریادڕەسی خەڵک. ئەم دەورەی حزبە جەردە و تاڵانچیەکانی کوردایەتی لە کوردستاندا نمونەی ئەو پەڕی بێ ئیرادەکردن و شکۆ شکاندنی جەماوەری بەرینی خەڵک بووە. بۆیە ئەزمونێک کە پێویستە لە کوردستاندا پیادە بکرێت گەڕانەوەیە بۆ دەور و ئیرادەی خەڵک و هێنانە پێشەوەی نمونەیەکی جیاواز کە دەور و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک دابین بکات لەدەسەڵاتی سیاسیدا ، پێکهاتنی دەسەڵات دەبێت لە خوارەوەو لەناو

خەڵکەوە دەست پێ بکات و لە ناو خەڵکدا دابمەزرێت، نابێت خەڵک چاوەروانی فریادرەس و پاڵەوانەکان و کاریزماکان بن.
وەک لە وەڵامی پرسیارەکانی تردا ئاماژەمان پێدا ئەو هێزو لایەنانەی کە بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە دەیانەوێت وەک ئەڵتەرنەتیفێک لەبەرامبەر ئەم گێژاوو بێسەروبەری و دارمانی حکومەتدا خۆیان بنوێنن، بەناوی پێکهێنانی "حکومەتی رزگاری نیشتمانی" و "نەوەی نوێ"، سیاسەتی گەڕانەوە بۆ بەغدادیان کردوە بە ڕێگا چارە، بەدەوری هەمان بنبەست و شکستێکەوەن کە یەکێتی وپارتی دەرگیری بوون ناتوانێ ئەلتەرنەتیفێکی جیاواز بێت و دۆخەکە تێپەڕێنێت و وەڵام دەرەوە بێت، لەهەمان کاتدا چەندبارەکردنەوەی دەوری کەنارخستن و بێ ئیرادەکردنی خەڵکە و دوبارە کردنەوەی ئەزمونی حاکمیەتی ٢٦ ساڵەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، جارێکی تردەیانەوێت لەڕێگای دانی لیستەوە لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا بەشداری بکەن و هەمان گەمەی گاڵتەجاری شێوازی دەسەڵاتی سیاسی چەندبارە کەنەوە.
لەم هەلومەرجەی ئێستادا و لە ڕاستای ڕێکخستنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان لە شوێنی کار و ژیاندا و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی گروپ و کۆمیتە و ئەنجومەنی گەرەک، هەنگاونان تا ئاستی پێکهێنانی شوراکان یا نمونەی شوراکان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، پێویستە کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان وەڵامێکی دروستی سیاسی بۆ دەرکێشانی کوردستان لەم قەیران و سەرگەردانی و گێژاوی سیاسیە بدەنەوە. واتە ئەڵتەرنەتیڤێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بخەنە ڕوو کە بتوانێ یەکەم: کوردستان لەناو چوارچێوەی پاشکۆیی و گەڕانەوە و سەودا و مامەڵە لەگەڵ حکومەتی قەومی و ئیسلامی و تائفی بەغداد کۆتایی پێ بهێنێت. دووەم: هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک لەکوردستاندا لە ڕێگەی دەور و ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک و دەسەڵاتی شوراکانەوە بەڕێوەببرێت. سێیەم: دەوڵەتێکی سکولار و غەیرە قومی لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون پێکبهێنرێت. چوارەم: دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی و دابینکەری ژیانێکی شارستانی و خۆش گوزەران بۆ دانیشتوانی. پێنجەم: ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و ئازادی بیروڕا و ئازادی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە دەستوردا بە ڕەسمی بناسرێت. شەشەم: یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان.... بەم ئاڕاستەیە خەبات و هەوڵدان بۆ سنوربەندی تەواو لە بەرامبەر هێزە کۆنەپەرست و قەومی و ئیسلامیەکاندا و کەنار خستنیان دەبێت کاری جدی لەسەر بکرێت. ئەم ئاڕاستەیە ئەتوانێت بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری بەرین و فراون

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

بێت، پێویستە جێگای پشتیوانی دەوری کۆمۆنیستەکان و چەپ و خەڵکی ئازادیخواز بێت و کاری لەسەر بکەن. حزبی ئێمە پشتیوانی خۆی بۆ وەها بزوتنەوەیەک کە بەدوای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانەوەیە ڕادەگەیەنێت و هاوکاری دەکات و بە کارو ئەرکی خۆی دەزانێت و پێشڕەوی دەکات، ئەم بزوتنەوەیە ئەڵتەرنەتیفێکە دەسەلاتێکی تەواو جیاواز لە دەسەلاتی ٢٦ساڵەی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی پیادە دەکات، نەک لیستی نیە بۆ هەڵبژاردن و بەشداری کردن لە پەرلەماندا، بەڵکو دەبێت لەڕێگەی ناڕەزایەتی و ڕێکخراوەی جەماوەریەوە ڕێگا نەدات گەمە و مامەڵەی پەرلەمانی حزبە میلیشیاییەکان جارێکی تر دووبارە بێتەوە.

دەشتی جەمال

سەبارەت بە نارەزایەتیەکان و ئایندەی خەباتی جەماوەری
گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان چۆتە ئاستێکی ترەوە. جەماوەر هەر ٥ حزبەکە بە چاوێک سەیر ئەکات و بارەگاکانیان سووتاندن. بەڵام هێشتا هەر ئەو جەماوەرە برسی و هەژارکراوە هیچ بەدیلێکی نییە و ئاسۆی ناڕەزایەتیەکانیشی هێشتا لە فەلەکی هێزە بۆرژوازیەکاندا ئەخولێتەوە. هاوکاتیش هێزە میلیشیاییەکانی سەر بە دەسەلات سەرکوتی بێوێنەیان دەست داوەتێ. پێمان باش بوو لەم پەیوەندەوە ئەم چەند پرسیارەت ئاڕاستە بکەین.

دیدگای سۆشیالیستی: نارەزایەتیەکان لە بێزاری خەڵکی بێبەشەوە لە دژی هەژاری و نەداری سەریهەڵداوە. بەڵام هیچ باوەڕێکیشی نییە کە دەسەڵاتی ئێستا وەڵام بە داوا و پێداویستیەکانی بداتەوە. بۆیە دروشمی بڕوخێ لە هەر کات زیاتر بەرجەستە بووە. پێت

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

وایە لە پاڵ داوای ژیانێکی شکۆمەندانەدا ئەم دروشمە چۆن مەیسەر ئەکرێ؟ بە واتایەکی تر پێداویستیەکانی جوڵانەوەی خەڵک بەو ئاڕاستەیەدا چین؟

دەشتی جەمال:

با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە ناڕەزایەتیەکانی ئەمجارە زۆرتر لە شێوەی هەڵچونێکی جەماوەری تورەدا خۆی دەنوێنێت و بەداخەوە خاوەنی نییە و ڕابەریەکەی بەدەست کەسەوە نییە. حاڵەتێکی ئاواش زیاتر بەرهەمی بێزاریەکی گەورە و ڕق و تورەییە لەدەسەڵات و ئەدای هەر پێنج ئەو حزبەیە کە لەژێر پەرچەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆبوونەتەوە. بەواتایەکی تر بێزاریەکی توند لە دۆخی ژیان گوزەران و ناڕۆشنی ئایندەی هاوڵاتیان، هەژاری و بێکاری، دزی و گەندەڵی، نەمانی خزمەتگوزاریەکان، بێ قانونی و پەرشوبڵاوی لە هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. کۆمەڵگایەکی سەرگەردان هیچ کەس بۆی دیار نییە کەی موچەکەی وەردەگرێت، کەی کاری دەست دەکەوێت، کەی ئاو و کارەبای بەردەوامی دەبێت، ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک هەمیشە لەبەردەم مەترسیدایە، خەستەخانەو دامەزراوەی تەندروستی سیمای نەخۆشخانەوە و چارەسەکردنی نەخۆشیان پێوە نەماوە، هێرشکردنە سەر ئازادی فەردی و مەدەنیەکان ..هەموو ئەم واقعیاتانەیە کە ساڵهای ساڵە کەڵەکە بووە و بونەتە مایەی نا بەرابەریەکی گەورەی کۆمەڵایەتی، فاکتۆری پشتی جوڵانەوە و ناڕەزایەتیەکانی ڕابردوو و ئێستایە. کاتێک گۆیت لەهەر تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان دەبێت ناڕەزایەتیەکی بەرفراوان قوڵپێدەدات هەموودەقەیەک چاوەڕێی تەقینەوەی ئەو ڕق و بێزاریە پەنگی خواردوە دەبینین، ناڕەزایەتی ئەمجارە داواکاری و خواستی خەڵک گەیشتوە بەوەی کەدروشمی "ئەمانە دەبێت بڕۆن" بەرزبکەنەوە. ئەمە بریارێکە خەڵک داوێتی بەڵام مەعلوم نییە هەم چۆن ئەتوانێ ڕۆیشتنی دەسەڵات بکاتە کردوە و هەم چ دەسەڵاتێک لە جێگادا دادەنرێت بەبێ ئەوەی لەهەردووک ئەم لایەنانەوە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ کردبێت وهیچ بەرچاو ڕۆشنیەکی هەبێت وخۆی ئەوەندە ڕێک خستبێت بۆ ئەوەی دوای وەلانانی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی واقعی و دڵخوازی خۆی پشت بەستو بە ئیرادەی خۆی لە جێگادا دابنێت. زۆر تر ڕۆحی تۆڵە سەندەنەوەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە لە دەسەڵات، هێرش دەبات،

بەردەباران دەکات و بارەگا دەسوتێنێت ... هەربۆیەش دەسەڵاتی وادار کردووە بەسەرکوتکردن.

بەرادەیەک ئەتوانم بڵێم کە خاڵی هاوبەشی لاوازیەکانی ئەم جوڵانەوەیە لەگەڵ ناڕەزایەتیەکانی 17 شوبات و ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان و هەموو ئەوانەی تریش ئەو نائامادەییەیە کە ئەوەندە ڕێکخراو و پەیگیر و بە گوڕو تین بێت کە چاوی لەوە بێت ئاڵوگۆڕی ریشەیی ئەنجام بدات، خۆی دەستبەرێت بۆ دەسەڵات لە خوارەوە و ئیدارەی کۆمەڵگا بەدەستەوە بگریت. ئەمەش لە غیابی ئاسۆیەکی سیاسی رادیکال وشۆڕشگێرانە و زاڵە بەسەر رابەران و هەڵسوراوانی ئەم جوڵانەوەو ناڕەزایەتیانەوە خۆی دەرخستووە. زاڵ نەبوونی فاکتۆرێکی ئاوا بەناچاری ڕیگای داوە بەوەی کە حزب و لایەنە بۆرژوا قەومی و ئیسلامیەکان لە نمونەی گۆڕان و کۆمەڵ دەخاڵەتی تێدا بکەن و بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بەلاڕێیدابەرن.. بۆنمونە لە ناڕەزایەتیەکانی ئێستاشدا دەنگی ئەو ڕەوتە دەبێنرێت کە چاویان بڕیوەتە ئەوەی جارێکی تر خەڵکی کوردستان بەدەستبەستراوی تەسلیمی حکومەتی مەرکەزی و دەسەلاتەکەی عەبادی بکەنەوە و جارێکی تر خەڵکی کوردستان بخەنەوە نیو فیدراڵیزمێکی شکستخوارد و درێژەدان بە سیناریۆی شەڕ و کێشمەکیشی حکومەتی مەرکەزی و ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد وەیان چاوی بڕیوەتە ئەمریکا بەوەی ئەوان بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان دەپارێزن.

ئاشکرایە دروشمی "بڕۆخێ" بە جوڵانەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانەی جەماوەری مەیسەر دەبێ ئەم بابەتەش بەرلە هەرشتێک بە بێ ئامادەکاری و لەمەیداندابوونی ڕابەریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆڕشگێر، بە ئاسۆی خەباتێکی سیاسی جەماوەری سەربەخۆوە، بە دەستبردن بۆ ڕێکخستنی جەماوەری و ڕێبەری کردنیان ناتوانێت هاوسەنگی هێز بگۆڕێت و ئەم دروشمە بەکردەوە دەربهێنێ. هەربۆیە سەرەنجام لەگەڵ داپلۆسین و هێرشی ملهوڕانەی دەسەڵاتدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بەمانایەکی تر ڕووخاندنی دەسەڵات ئامادەکاری پێشوەختی دەوێت و ڕابەران و هەڵسواڕانێکی دەوێت کە بەرنامە و نەخشە و گرتنە بەری تاکتیکی پشت بەستو بە کۆمەڵێک هەنگاوی بچوک و گەورەی هەبێت کە هەنگاو بە هەنگاو سەرکەوتنی ناڕەزایەتیەکان مسۆگەر بکات... ئەگەر بە کورتی ئاماژە بە پێداویستیەکانی ئەو جوڵانەوەیە بدەم دەکرێ ئەم خاڵانە بە سەرەکی وەر بگیرێن:

*/ بوونی ڕابەران وهەڵسواڕوان، کاریزمایەک کە لاوازیەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەریەکانی ناسی بێت، هەژمونی هەبێت، کە وەک هاوئاهەنگکەر و بەڕێخەری

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

بزووتنەوەی کاری ڕاستەخۆی جەماوەری پێ بنێتە مەیدانەوە، دەوری هەبێت لە ڕێکخراو بوون و کۆبوونەوەی خەڵک لەدەوری یەکتر... ئێستا ئیتر ناڕەزایەتیەکان پێیانناوەتە قوناغێکی نوێوە و خواستی سەرەکی وەلاتانی ئەم دەسەلاتە ستەمکار و گەندەڵ و تالانچیەیە کە چاکسازی هەڵناگرێت و پرۆژەی دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و ئازادی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای پێ نییە، بەرز کردۆتەوە . لەم دۆخە هەژاری و گرانیەی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد دایان سەپاندوە خەڵک پێویستیان بە نانە، بە ئاسایشە، بە خۆشگوزەرانیە، دەسەلاتیش نایانەوێت دەست بەرن بۆ ئەو پارە کەڵەکەبوانەی لەسەر ڕەنج و خوێنی خەڵکی کوردستان کۆیانکردۆتەوە و کۆشک و تەلار و مۆڵ و سەرمایەکانیان بالا و بالاتر دەبەن و ئامادەنین لێی کەم بکەنەوەو. ئەمە سەرەتایەکی باشە بە هۆشداریدان بەدەسەلات بۆ گۆڕینی هاوسەنگی بەقازانجی جەماوەر، بەلام ئەرکی ڕابەران و هەڵسوڕاوانێکە هۆشیاری بدات، بەرنامە بدات، دەسەلاتی دوایی ئەوان چی دەبێت چۆن هەژاری چارەسەر دەکرێت، چۆن ئازادی و یەکسانی دەستبەر دەکرێت، چۆن بەر بەدەورو دەخاڵەتی حکومەتی مەرکەزی و دەوڵەتانی ناوچەکە دەگیرێت، مەسەلەی ژنان، مەسەلەی پەروەردە و یاساکان ...تا دوایی ڕابەرانێک کە بتوانن تاکتیک و ڕێنمایی بەشێوەیەکی نەخشەمەندانە و دروشمی گونجاو بخەنە بەرپێی ناڕەزایەتیەکان، ڕابەرانێک کە هاوسەنگی هێز و دەورەکە وە توانای نێوان جەماوەری ناڕازی و دەسەلات بۆ گۆڕینی بناسنەوە. هەر جۆرە هەنگاوێک وەک لەم نارەزایەتیانەی ئەم دوایانەدا روویاندا لە بەکارهێنانی چەک و بارەگاسوتاندن و پەلاماری شوێنی گشتی و توند و تیژیەک کە بەهانەی پێشوەختی دایە دەست دەسەلات بە قازانجی ئەم ناڕەزایەتیانە نییە ... بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندێتی جوگرافیای ئێستای کوردستان کە بەسەر دوو زۆنی میلیشیای چەکداریدا دابەش بووە مەترسی و هەرەشەی بۆسەر جولانەوە ناڕەزایەتیەکان هەیە، ئەگەر نەزانرێت چۆن مامەڵەی ئەو تایبەتمەندیەتیە دەکەیت ڕەنگە کۆمەڵگای کوردستان ڕاپێچی شەڕی ناوخۆ و کارەسات بکات.

*/ ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ ئەوەی ناڕەزایەتیەکان بە ئەنجامی خۆی بگات. ئاسۆیەک کە خۆی لە ئاسۆی ئەحزابی ناسیونالستی بە هەموو رەنگەکانیەوە جیابکاتەوە لە هەژمونی نفوزی ئەوان سنور بەندی بکات تا بتوانێت وەک ڕەوتێکی سەربەخۆ بچێتە پێشەوە، هاندەرێک بێت کە خەڵکی دەستی خۆیان لەیەخەی ئەو حزبانە بکەنەوە بە هەنگاوی هۆشیارانە هەنگاوی درێژ کورت بکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی هەر خواستێکی هەمیشەیی چاوی لەوە بێت نوێنەرانی راستەوخۆی خەڵک دەستبەرن بۆ دەسەلات و ئیدارەی کۆمەڵگا. لەم ئاسۆیەدا دەبێ بەڕۆشنی جۆری ئەو حکومەت و سیستەمە سیاسی و ئابوریەی کە نان و ئازادی و

گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

ئەمنیەتی کۆمەلایەتی بۆ هەموان فەراهەم دەکات بخرێتە روو، سیستەمێک کە بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ دەسەلات و سیستەمێکی پەرلەمانی کە ٢٧ ساڵە بەڕێوەدەبرێ و مایە پوچی خۆی دەرخستووە.

*/ ڕێکخراوبوون کلیلی سەرکەتنی ئەو ناڕەزایەتیانەیە. پێکهێنانی شوراکان و کۆمیتە شۆڕشگێریەکان لە شوێنی کار و ژیاندا و سەرەنجام دەستبردن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و سەرپێخستنی ناوکی دەسەلاتداریتی جەماوەری لەخوارەوە، وە لەم چوارچێوەیەشدا پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری وسەربەخۆ. پێویستە خەڵکی کرێکار و بەشمەینەتی کوردستان خۆیان لە ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیەکاندا ڕێک بخەن. ناڕەزایەتیە لێرەولەوێکان یەک بخرێن ڕابەرانی بزوتنەوە جەماوەریەکانی وەکو " لاوان، ماۆستایان، فەرمانبەران، خاوەن پێداویستی تایبەتی، خوێندکاران، کرێکاران، بێکاران و خانەنشیان..." لە دەوری یەک کۆببنەوە... داوا و خواستەکانیان بخەنە ڕوو. لەوانە سیاسەتی پاشەکەوتی مووچە دەستبەجێ هەڵبوەشێتەوە، خواستی دانی موچەی دواکەوتوو دەبێ دەست بەجێ بدرێت... وە ئاستی موچە بەرزبکرێتەوە بۆ ئاستێک کە ژیانێکی شایستە دەستەبەر بکات، ئازادیەکان دەستبەجێ دەستەبەر بکرێ، دەخاڵەتی هێزی میلیشیا و دەزگا سەرکوتگەریەکان لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ بێت، نابێ بەناوی پاراستنی خەڵکیەوە ڕێگا بدرێت دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی بهێنریتەوە سەر ژیانی خەڵک.. دابینکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکانی وەک ئاو کارەبا و سوتەمەنی و تەندروستی و دەرمان...

*/ دەستبردن بۆ چەکداربوونی گشتی و بەدەستهێنانی توانای بەرگری چەکدارانە لەژیان و ئەمنیەت و خەباتە جەماوەریەکان و ڕێکخراوەکانی... پێداویستیەکی سەرەکیە بە ئاڕاستەی وەلانانی توانای میلیشیایی حزبە دەسەلاتدارەکان و ناکام کردنەوەی پەلامارەکانیان بۆسەر خەڵکی ناڕازی..

*/ دەوری کۆمۆنیستەکان بە گشتی وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە تایبەتی هێجگار حەیاتیە لەم جولانەوە نارەزاتیانەدا کە پێوستە ئەرکێکی قورستر بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان و گرێوگۆڵەکانی بەردەم ئەم ناڕەزایاتیانە لەئەستۆ بگرێت.. عاملێکی گرنگ بێت بۆ پێکەوە گرێدانی ئەم ناڕەزایەتیانە لەهەموو ئاستەکاندا بە ئاراستەی سەرخستن و گەشەسەندنی بەشێوەیەک کە ئیرادە و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە ژیان و چارەنوسی خۆیان بهێنێتە مەیدان.. لەگەڵ هەموو ئەو مەحدودیەتیانەی کە هەیە پێویستە لە جەرگەی ئەم ناڕەزایەتیانەدا بێ دواکەتن دەورمان هەبێت لە بەگەڕخستنی ئیرادەی شورشگیرانەی جەماوەری ناڕازی و هوشیاریدان بە چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتی

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

کوردستان بۆ دەرکێشانیان لەهەژمونی ناسیونالیستی و ئەفکار و ئایدولوژیایان بۆپێدانی ئاسۆیەک بۆ رزگاری یەکجارەکی لە ستەم چەوساندنەوە بۆ ئیرادە نواندنی ڕۆژانەیان بۆ ئامادەکردنی جەماوەر بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ گرتە و بەدیهێنانی یەکسانی و دنیایەکی باشترە. پێویستە لە دژی هەر هەوڵ و پلانێک بۆ سەرکوتی ئەم ناڕەزایەتیانە رابوەستێ و بەرگری سەرسەختانە بکات لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم ناڕەزایەتیانە و هەوڵی دەستپێکردنەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە و بەرفراونکردنەوەی بدات تا ئاستی ڕێکخراوەی لە شێوازی ڕێکخراوەی شوراکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی ژنان لاوان و مامۆستایان و کرێکاران وسەرجەم چین و توێژەکان تا ئاستی بەدەستەوە گرتنی پێشڕەوییەکانی و ڕاکێشانی پشتیوانی لە ئاستی نێودەوڵەتی درێژە پێبدات.

دیدگای سۆشیالیستی: هێزە میلیشیاکان ئەوەندەی تر سەلماندیان کە دەست لە جەماوەری ناڕازی ناپارێزن و جەماوەریان لە خوێن هەڵکێشا و چەندین هەڵسوڕاو و خەڵکیان دەستگیر کرد و شار و شارۆچکەکانیان میلیتاریزە کرد. جەماوەری ڕاپەڕیو و ناڕازی ئەبێ چی بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سەرکوتگەری و هێرشانەی میلیشیاکانی دەسەڵات؟

دەشتی جەمال:

لەبەرامبەر سەرکوتگەری و هێرشی میلیشیاکانی دەسەڵات بۆ سەر خەڵکی ناڕازی و هاوکات ناکامکردنەوەی پەلاماردانەکانی دەکرێ ئەم هەنگاوانە بە چوارچێوەیەکی عەمەلی وەربگیرێن:

١. بەرینکردنەوەی ناڕەزایەتیەکان تا سەرئاستی گوێزانەوەی بۆ ناوەندەکانی گەڕەک، کارگە، دامەزراوەکان، زانکۆ و قوتابخانە و... بەجۆرێک کە کۆبوونەوەی گشتی و ڕێکخراوەی جەماوەری لەم ناوەندانەدا توانای کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردن بگرنە دەست. لەحاڵێکی وادا هێزی چەکدار ناتوانێ پەلاماری هەموو ئەم ناوەند و خەڵکە بدات. پێویستە ئەم ناڕەزایەتیانە بەرفراوان بکرێتەوە و ڕێکخراو بکرێت بۆ ئەوەی بە ئامانجی باڵای خۆی بگات بە ڕێکخراوبوون و دەخاڵەتی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی تامین دەکات، لە ئاستی گەڕەک و ناوەندەکانی کار، دامەزراوەو قوتابخانە، زانکۆکان، فەرمانگەکان... ئیرادەیان بەهێز دەکات... بەدەستبردن بۆ شێوازی جۆراجۆری ناڕەزایەتی لە شکڵی مانگرتن تا دەستبردن بۆ ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ئەو شوێنانە لەلایەن خۆیانەوە بە مانایەکی تر واتە دەخاڵەتکردنیان لە بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانیان، بەرێخستنی

کۆبوونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەران لەلایەن خەڵکی ناڕازی خۆیانەوە. ئەم هەنگاوە لەم پەرشوبڵاویەی ئێستا دەیپارێزێت و دەرگا دەکاتەوە بۆ بەگەڕخستنی ئیرادەی شۆڕشگیرانەیان تا خۆیان چارەنوسی خۆیان بەدەستەوە بگرن وسونەتی هەڵبژاردنی نوێنەران لەلایەن خەڵکی ناڕازی خۆیانەوە دەتوانێت خواستی بەشدارییپێکردنی لەبەڕێوەبردنی فەرمانگە و کارگەکان دەستبەربکات، لەجیاتی ئەو بەڕێوەبەر و بەرپرسانەی کە لەلایەن حزبەکانی دەسەڵاتەوە بەسەرئەو شوێنانەدا داسەپاوە، بگرێتەوە.

٢. خۆپارێزیکردن لە دانی دروشم و داخوازی ناواقعی و سەرکەشانە، واتە دەبێ خواستەکان و دروشمەکان واقعی و عەمەلی بن و پاساو و بەهانە نەدەنە دەستی دەسەڵات بۆ پەلاماردان و سەرکوت. داواکاری و خواستەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە پێویستە ڕۆشن بێت بەتایبەتی لە ئێستادا دابیکردنی خواستی موچەی فەرمانبەران و کرێکاران و خانەنشیان و خاوەنپێداویستی تایبەتیەکان کە کۆمەک دەکات بە کەمێ باشکردنی ژیانی کرێکارانو خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان، خواستی دابینکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایتیەکان وەکو کارەبا و ئاو و سوتەمەنیو تەندروستی، بەرقەرارکردنی تەواوی ئازادیەکان لەوانە ئازادی ڕێکخراو بوون و خۆپیشاندان و مانگرتن وئازادی سیاسی ڕۆژنامەگەری و بیروڕا و دەربرین، خواستی قەدەغەکردنی دەخاڵەتی پۆلیس و هێزە میلیشیا و دەزگا جاسوسیەکان بەسەر ژیانی هاوڵاتیانەوە.

٣. خۆچەکدارکردن و چەکدارکردنی گشتی جەماوەری ناڕازی و بەدەستهێنانی توانای بەرگری جەماوەری.. خاڵێکی گرنگە بۆ دورخستنەوەی هێرش و پەلامارە چەکداریەکانی دەسەڵات..

٤. لەقاودانی کردەوە سەرکوتگەریەکانی دەسەڵاتداران و تاوانەکانی لەئاستی رای گشتی جیهانی دا و ڕاکێشانی هاوپشتی نێونەتەوەیی بۆ خۆاستەکانی خەڵکی کوردستان. لەم بارەوە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان و وێنە و ڤیدیۆی ناڕەزایەتیەکان و تاوانەکانی دەسەڵات و گەیاندنی بە میدیا جیهانیەکان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و سەرچاوەکانی بڕیاری جیهانی، ڕێکخراوە کرێکاری و ئەحزاب و لایەنە سیاسیەکان .. بەجۆرێک کە فشار لەسەر دەسەڵات دابنێ و جورئەتی دەستریژی لێبیرێ.

٥. ئەو کرێکار و مامۆستا و کارمەند و فەرمانبەر و قوتابیانەی کە لە ڕابردو و ئیستادا کلیلی هەڵگیرساندنی ئەم ناڕەزایەتیانەن پێویستە وەک ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم بەش و ئەو بەشی ئەم ناڕەزایەتیانە وەک ڕێکخەر و هاوئاهەنگیکەری ڕاستەخۆی ئەم ناڕەزایەتیانە دەرکەون، ڕێگا نەدەن جوڵانەوە ناڕەزایەتیەکان بکەوێتە ژێر پەرچەمی ئەو حزب و لایەنانەی هەمیشە خۆیان مەڵاسداوە ناڕەزایەتیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بۆ بەرنامە و

سیاسەتەکانی خۆیان و شەریک بوون لەگەڵ دەسەڵات بەرن. ئەوان نایانەوێت ئەم ناڕەزایەتانە بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەرن و زۆر جار لە جێگایەک ناڕەزایەتیەکان قەتیس پێ دەکەن و لە بەردەوامبوون دووری دەخەنەوە.

٦. دەستبردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان، لەوانە کرێکاران، لاوان، مامۆستایان، ژنان، بێکاران تا پێکهێنانی فۆرمێکی تر لە ڕێکخراو لەوانە شوراکان وەیان ئەنجومەنی کارگە و گەڕەکەکان، ئەمانە کە ئیرادەی هەر تاکێک زامندەکات و ئۆرگانی دەسەڵاتداریتی خەڵکن، شورا ڕێکخراوەیەکە کە لە خوارەوە دروست دەبێت، خۆی یاسا دادەنێت، خۆی نوێنەری راستەقینەی خۆی هەڵدەبژێرێت تا ئاستی هەڵبژاردنی نوێنەران لەئاست سەراسەری شار و وڵاتدا، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەکات وئامانجێکی هاوبەشی هەیە لە باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و بەشمەینەتی کوردستان .

٧. پێویستە رابەرانی ئەم جولانەوە ناڕەزایەتیانە تاکتیکی جیاکردنەوەی هێزی پێشمەرگە و پولیس لە دام دەزگا سەرکوتگەریەکانی ئەم حزبانە بگرنەبەر و وەک بەشێک لە ڕۆڵەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەم هەلومەرجانەدا دایان بڕن و بانگەوازیان بکەن کە هێزەکانی پۆلیس و پێشمەرگە لولەی چەکەکانیان نەکەنە ڕووی خۆپیشاندەران و جەماوەری خەڵک ئەوانیش دەتوانن ئیرادە بکەن و ڕووی خۆیان وەرچەرخێنن و دەستی خۆیان لەو حزبانە بکەنەوە کە سەرچاوەی بەڵا و نەهامەتی بوون بۆ خەڵکی کوردستان.

دیدگای سۆشیالیستی: دەور و نەخشی حزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی و تەنانەت جولانەوەی نەوەی نوێ چۆن هەڵئەسەنگێنن؟ بە تایبەتی کە ئێستا ئەزانن گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەت و پەرلەمان کشاونەتەوە؟

دەشتی جەمال:

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵ و کارکردی حزبەکانی دەرەوەی یەکیتی و پارتی، لە ناڕەزایەتیەکانی ڕابردوو و ئێستادا، لەسەر بنەمای ئەوەیە کە ئەم حزبانە، تەجروبەی حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی و قانون و هێزە میلیشیاییەکەی، تەنانەت فۆرمێکی ئابوری کە لە کوردستاندا باوە، بە تەجروبە و دەستکەوتی خەڵکی کوردستان دەزانن. ئەمانە حوکمەتی دز و گەندەڵ و تالانچی بە حوکمەتی خەڵک و پەرلەمانی کارتۆنی بە نوێنەری خەڵک و میلیشیای حزبەکان بە پێشمەرگە و هێزی بەرگری خەڵک دەزانن.. بۆیە ئەمانیش وەک یەکێتی و پارتی بەرژەوەندیان لەمانەوەی ئەم دەسەڵات و سیستەمەدایە و بەهیچ جۆرێک نایانەوێت سەروژێر بێت. بەشداری خۆیان لەم دەسەڵات و سیستەمەدا ئەم

لایەنانەی کردۆتە شەریکە بەش. هەربۆیە ڕۆڵی ئەم حزبانە لە ناڕەزایەتیەکاندا بۆئەوەیە چاوبەست لە خەڵک بکەن ومانەوەی ئەم سیستەمە بە هەرجۆرێک بووە بەناوی گۆڕانکاری و چاکسازیەوە بهێڵنەوە و ئاسۆی ناڕەزایەتیەکان بەلاڕێداببەن، وە زۆر جار خۆیان خزاندۆتە نێو نارەزایەتیەکانەوە بۆ ئەوەی تورەیی و نارەزایەتیانە لە خۆیان بەدور بگرن و هاوکاتیش وەک کارتێک بۆ گفتگۆ و ڕێکەوتن و سازانیان لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەکاریبهێنن. لە ئێستاشدا مەسەلەی هێنانی تەرحی هەلوەشانەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی کاتی و ڕزگاری نیشتمانی یان بۆئەوەیە کە خۆیان ببنە تەرەفی دانوسانەکان لەگەڵ عەبادی و ناوەندە جیهانیەکاندا. ئەم حزبانە کە مافی ڕیفراندۆمیان خستەژێر پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە و خەڵکیان بەدیار هێرشەکانی حەشدی شەعبی و عەبادیەوە بۆ سەر کوردستان ڕاگرت، بەڵگەنەویستە کە هەوڵدەدەن ناڕەزایەتیەکان وەک کارتێکی فشار لە دژی پارتی و یەکێتی بۆ ئامانجە گڵاوەکانی خۆیان بەکاربهێنن. لەلایەکی ترەوە پروپاگەندەی ئەوە دەبەخشنەوە کە دەڵێن "خۆپیشاندان ڕەوایە بەڵام توندوتیژی سەرکۆنە دەکەن" هەڵوێستێکی ئینتهازی و شەرمنۆکانە و پاساوخوازانەیە بۆ زەبروزەنگی دەسەڵات. ئەم حزبانە کە خۆیان ناکەن بە خاوەنی ناڕەزایەتیەکان و لەولاشەوە لە کۆبوونەوەی بەردەوامدان لەگەڵ پارتی و یەکێتی، دەیانەوێت بەناوی توندوتیژیەوە خەڵکی ناڕازی سەرکۆنە بکەن و چاو لەوهەمو زەبروزەنگەی دەسەڵات بپۆشن. چونکە مەسەلەی سەرەکی ئەم حزبانە ئەوەیە کە دەترسن لە ڕادیکاڵ بوونەوەی ناڕەزایەتیەکان و لەدەستدانی هەموو ئەو ئەزمونە کە تیایدا بەشدار و شەریکن.

ئەوەشی کە هاوکاتی هاتنەمەیدانی جەماوەر، دەستیان بۆ کشانەوە لە حکومەت بردووە، تاکتیکێکی پوچە لە ڕاستای سواربوون بەسەر شەپۆلی ناڕەزایەتیەکاندا، ئەم حزبانە لە حکومەت کشاونەتەوە بەڵام لە پارێزگاکان و شارەوانیەکان و بەرێوەبەرایەتیەکاندا کاربەدەستن و ژیانی ئابوری و بازرگانی و خزمەتگوزاریەکانی خەڵک و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشیان بە دەستەوەیە، بەبێ ئەوەی خۆیان لە ژیان و گوزەرانی خەڵک بە بەرپرس بزانن. قسەکانی پارێزگاری سلێمانی لەسەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و تەئیدکردنی داخستنی (ئین ئار تی) بە بێدەنگی و هیچ نەکردن، گرتن و کوشتن و میلیتاریزەکردنی شارەکان.. کێ نازانێ ڕای ئەوی لە پشتەوەیە. ئەمە باشترین بەڵگەی مامەڵەی ئەم حزبانەیە لەگەڵ ناڕەزایەتیەکان.

لەمەش زیاتر ئەم حزبانە نوێنەرایەتی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی چینی مشەخۆر و سەرمایەردار دەکەن چاویان لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیانە نەک خەڵکی کرێکار و بەشمەینەتی کوردستان، ئەوانە ڕەوت و بزووتنەوەی جۆراجۆری بۆرژوازین کە چاویان لە

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

قازانج و بەرژوەندی چینەکەیان و دەسەڵاتی ئایندەیانە، ئەوان ڕەخنەی ڕادیکال و چینایەتی و شۆڕشگێڕانەیان نییە لە دەسەڵاتی موجود. بۆیە گرنگە خەڵکی ناڕازی کوردستان ریزی سەربەخۆی خۆیان بە بەردەوامیدان بە خەباتیان لەم حزب و ڕەوتانە جیا بکەنەوە و خواست و داوکاری و مافەکانیان لە ریزێک دابنێن و خواست ئامانجێکیش کە ئەو حزبانە هەیانە لە لایەکی تر. زۆرێک لەو حزبانە نان لە هێشتنەوەی ئەو دۆخەی کوردستان دەخۆن و مقاوەمەت دەکەن. تەماش بکەن ٢٧ساڵە ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خۆماڵیەوە ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایەیان ئەسیری زوڵم و ستەمکردوە لە بژێوی ژیان و پێداویستیە سەرەتاییەکان لە ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و ریگاوبان و تا پێویستیە سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان تا ماف و ئازادیەکان، بژێوی ژیانی خەڵکیان بە بارمتە گرتوە ...کۆمەڵێک مافیا و تالآنچی سەررووەت وسامانی ئەو کۆمەڵگایەیان بۆ خۆیان بردووە، کۆشک و تەلاری رازاوە بۆ خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان دابینکردوە، لە جواترین ڤێلاو و شوێنی حەوانەوە بەهرەمەندن، نیشتیمان و ئاڵا و ئاینیان بە پیرۆز کردوە، یەکسانی ژنان و پیاوانیان لا کفرە، چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ژنان جێگاوڕێگای لە نێو سیستەمەکەیان بەهێزە، دروستکردنی چەندین دەزگای زانیاری و پاراستن و ئاژانسی دژە تیرۆر و ئاسایش و پۆلیس و دەمامکدار و..لە پێناو سەرکوت و داپڵۆسین..دەیان میدیا و ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی بەنرخی رۆژ نانخۆر هەمویان دەوریان هەیە لە پاراستنی ئەو سیستەمی کە هەموو ئەولایەنانە شەریکن تیایدا. تا ئەو جێگەیەی بە جوڵانەوەی نەوەی نۆی دەگەڕێتەوە ئەمانە ڕەوتێکی بۆرجوازین کە چاویان لەبردنەوەی خەڵکی کوردستانە بەدەست بەستراوی بۆ نێو باوەشی عەبادی و بەرنامەیان درێژەدانە بەدەسەڵاتێکی چەوسێنەر و گەندەڵی بۆرژوازی لە پێناو دابەشکردنی پۆست و پلەو پایە. دەیانەوێت ئەو سیستەم و دابەش بوونە چینایەتیەی کۆمەڵگا لە خزمەتی چینە دارا و دەسەڵات و چەوسێنەرەکان وەک خۆی بمێنێ، دوکان و بازاڕێکن بۆ ئاماجێکی سیاسی دیاریکراو، دەیانەوێت خاوەن کۆمپانیا و مۆڵ و دەوڵەمەندەکان لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، نمونەی ئەو ڕەوتانەن کە حزبایەتی لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دووردەخەنەوە و نامۆی دەکەن، بە ئەجندایەک کە هەیانە سیاسەت لەپش چاوی خەڵک ڕەش دەکەن، خەڵکی کوردستان بێئیرادە دەکەن بە هەڵرشتنی فرمێسکی تیمساحیانەی ئەمریکا و غەرب کە چەندین ساڵە حزبەکانی پێش خۆی کردویانە درێژە پێدەدەن، وەک ئەوەی ئەمریکا فریشتە و رزگارکەر بێت. لە کاتێکدا ١٤ساڵە خەڵکی عێراق و کوردستان باجی سیاسەتی ئەمریکاو غەرب ئەدات. ئەمانە هانی خەڵک ئەدەن بۆ ناڕەزایەتی بێئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی ڕۆشن بخەنە بەرپێی ناڕەزایەتیەکان و وەڵامێکیان بۆ قەیرانی ئابوری

کۆمەڵگا پێ بێت. بەشێوەیەکی نامەسئولانە کۆمەڵگا بۆ کارێک بانگەواز دەکەن بێ ئەوەی کۆمەڵگایان ئامادە کرد بێت، بەرنامەیان دامەزراندی دەسەڵاتێک نییە کە ئازادی و یەکسانی خۆشگوزەرانی نێوان ئینسانەکان فەراهەم بکات. رۆشنە ئەمانە قازانجیان لە ئاڵوگۆڕێک لەم سیستەمەدا نییە..

دیدگای سۆشیالیستی: چ دەسەڵات و چ ئەوەی خۆی بە ئۆپۆزسیۆن ناوئەبات هۆشداری ئەدەن بە جەماوەر کە دەستێک هەیە و هەوڵی شێواندن و بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتیەکان ئەدات و سوتاندنی بارەگای حزبەکانیش بە نمونەی ئەمە ئەهێننەوە. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

دەشتی جەمال:
ئەم جۆرە قسانە ئەگەرچی شتێکی چاوڕوانکراوە لە حزبەکانی دەسەڵات و ئەوانەشی کەوا دەنوێنن لە دەرەوەی دەسەڵاتدان، چونکە هەموویان لەو هەڵویستەدا شەریکن کە پارێزگاری لە مانەوەی دەسەڵات و سیستەمێک بکەن کە "بەدەستکەوتی گەلی کورد"ی دەزانن، بەڵام خودی ئەم قسانە ئاماژە و پاساوێکن بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتی و هاتنە مەیدانی بەرهەقی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و دەستبردنی دەسەڵات بۆ پەلاماری چەکداری و لەخوێن هەڵکێشانی ناڕەزایەتیەکان وەک ڕێگایەک بۆ کۆتایی پێهێنانی. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە قسە و پڕوپاگەندانە هەموو ئەو دەربڕینانەش بەدرۆدەخاتەوە کە لەلایەن سەرانی حزبەکانی ناودەسەڵات و چ سەرانی ئەو حزبانەش کە لەدەرەوەی دەسەڵات خۆیان بەخەڵک دەناسێنن، سەبارەت بەوەی دەڵێین" ناڕەزایەتیو خۆپێشاندان مافی خەڵکە". پرسیار ئەوەیە ئەگەر ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان مافی خەلکێکە کە لەدژی بێموچەیی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و دەیان نەهامەتی تری ژیان هاتونەتە مەیدانەوە، ئیتر دەبێ چ دەستێک ئەوانیان تەحریک کردبێت بەغەیری ئەو هەلومەرجەی کە حزبەدەسەڵاتدارەکان ودەوروباریان، بۆ ماوەی نزیک بە سێ دەیە بەسەر ئەوانیاندا دایان سەپاندووە؟ ئەم دەسەڵاتە پیویستی بەم ریوایەتانەیە تا سەرکوتی ئەم ناڕەزایەتیانە مسۆگەر بکات لە ڕابردوشدا هەر کاتێک ڕووبەڕووی نەفرەت و ڕق و ناڕەزایەتی جەماوەری ناڕازی دەبنەوە تۆمەتیان ناوەتە پاڵیان و هەمیشە ئەوجۆرە تۆمەتانە لەلایەن ئەحزابی ناسیونالستی و دینیەوە دراوەتە پاڵ ناڕەزایەتیە بەرهەقەکانی جەماوەر ناڕازی.

سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان وئایندەی خەباتی جەماوەری

تەنانەت خۆشیان لەنێو خۆیاندا لەگەڵ یەکتر لە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدولۆژیدان دەیان جار تۆمەت و تەشیهرو ناوزڕاندن تائاستی رووبەرووبوونەوەی چەکدار بردوە .. زۆر جار خۆیان بەشێک لەم ناڕەزایەتیانەی خەڵکیان بەلارێدا بردوە بە خاتری ئەوەی بیکەنە کارتێکی فشار بەرامبەر لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی ناچاری بکەن بیخەنە ژێر باری خواستەکانیان و هاوسەنگی هێز بەقازانجی خۆیان بگۆڕن. دیارە سەبارەت بە ناڕەزایتیەکان ئەو مەبەستەی لە پشتەوەیە کە ناڕەزایەتیەکان لەباربەرن تا دەسەلاتی گەندەڵ و تالانچی و سەرکوتگەری خۆیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستاندا بهێڵنەوە، هەربۆیە جەماوەری ناڕازی نابێ هیچ خۆشباوەڕیەکیان بەمانە هەبێت، لەبەرئەوەی مەبەستیانە بەم ئیدعایانە چەکوشێکی کوشندە لە ناڕەزایتیەکانیان بدەن کە لە ئێستادا خواستی ڕوخانی ئەم دەسەلاتەی هەڵگرتوە.

خەسرەو سایە

بارودۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ خەسرەو سەرەتای قسەوباسەکانی ئەم گفتو گۆیە بە ناساندنی هەلومەرجەکە دەستپێدەکەین: لەم بارەوە هەمووان دەڵێن کوردستان بەدوای ڕیفراندومدا ڕووی لەدۆخێکی تازە کردووە، تەنانەت دوترێت 16 ئۆکتۆبەر خاڵی وەرچەرخانیکە بەرەو قۆناغێکی تازە، ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە و چۆن چوارچێوەی گشتی دۆخەکە دەبینن و تایبەتمەندیەکانی بە چی دیاری دەکەن؟

خەسرەو سایە:
بەڵی ئەوە ڕاستە کە کوردستان بەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کەوتە دۆخێکی تازەوە و بەتایبەتیش دوای 16ی ئۆکتۆبەر کوردستان سەری لە قۆناغیکی نوێدا دەرهێنا. هەرچەندە ئەم دۆخە ئەڵقەیەکی تر لە بازنەی دوبارە بوونەوەی "پێشڕەوی و شکست" لە سیاسەتی جووڵانەوەی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی، لەڕەوەندێکی مێژوویدا، جارێکی تر نمایشدەکاتەوە، بەڵام لەچوارچیوەیەکی گشتیدا ئەم دۆخە بەو مانایە تازەیە کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر هاوکێشەی هیزە کۆمەڵایەتیەکان لە زۆر ئاستدا هاتووە و لە ئاکامی

ئەمەشدا ئەو مەسەلە و گرفتە سیاسی و ئابوریانەی کە پێشتر یەخەی بە کۆمەڵگا گرتبوو بردۆتە دۆخ و هەلومەرجێکی تازەوە. لێرەدا بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری ئەم دەربڕینە باشترە لە خودی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە دەستپێبکەین کە بەسەر هاوکێشەی هێزەکاندا هاتووە:

یەکەم: ڕیفراندۆم وەک نیشانەیەک لە پێشرەویەکانی دەورەیەک لەهەڵکشانی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی، بەتایبەت بۆ پارتی و بارزانی، لە فەزای لەرزۆکی و بێتوانایی حکومەتی عیراق و ئەو گرفت و قەیرانە نێوخۆییانەی کە لە سەردەمی مالیکیدا بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو، هاوکات لە هەلومەرجێکدا کە شەڕی داعش کەوتنی موسڵ و داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە ناوچە سوننی نشینەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هاوکێشەی نێوانیانی بە قازانجی حزبە ناسیونالیستەکان و بەزەرەری دەوڵەتی مەرکەزی بردە ئاستێکی ترەوە و لە سایەیدا کەرکوک و زۆرینەی ناوچە دابڕاوەکان کەوتنە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە و هاوکات بە پشتیوانی دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوە نەوتیەکان، پرۆژەی "ئابوری سەربەخۆ" وەک سیاسەتێک بۆ بردنی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی بەدەستەوە گیرا. هەر لەم دۆخەدا ڕوتێکردنی هەزاران کۆمپانیای بیانی وبەستنی عەقدی تیجاری و پیشەسازی، بەرینبوونەوەی مەودای دیبلۆماسی هەرێم و سەرۆکایەتی لەگەڵ زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا، دامەزراندنی پەیوەندیەکی پتەوی ئەمنی و سەربازی و بازرگانی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا.. بێگومان لەتەوازنی هێزێکی ئاوادا ئەوەی ڕۆشن بوو، سیاسەت و ئامانجێک بوو کە بارزانی لە دەستبردن وهاتنەپای ڕیفراندۆمدا گرتیەبەر. بارزانی جگە لەوەی کە تەشخیسی دابوو دەیتوانی لە ڕێگای پرۆژەی ڕیفراندۆمەوە هەم سۆزی زۆرینەی خەڵک بۆلای خۆی ڕابکێشێ وهەم حزبەکانی دۆست و نەیاریشی پێ لەقاو بدات. لەهەمان کاتدا دەیویست هەرلەم ڕێگایەوە لانی زۆری ئەو دەستکەوتانەی کە لە کەشوهەوای جەنگی ناوچەکە و بونی داعش و لەرزۆکی فیدرالیزمدا بەدەستی هێنابوو بەسەر دەوڵەتی مەرکەزیدا داسەپێنێ و دەسەڵاتەکەی لە ئیمتیازاتێکی زیاتر بەهەرەمەندبکات و لە پەیوەندی نیوان هەرێم ودەلەتی عێراقدا رەسمیەتی پێبدات. بەتایبەتی ئەو دەیزانی کە دوای تەواوبونی شەڕی داعش و ئاڵوگۆڕەکان لە سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم هاوکێشەیەی نێوان هەرێم و بەغدا بە قازانج نامێنێ و درەنگ یا زوو بەغدا بۆ سەندنەوەی هەموو دەستکەوتەکانی ئەم دەورەیە لە ناسیونالیزمی کورد بەتەواوی تواناوە لە هەوڵدا دەبێ. بەڵام کاتێک ڕیفراندۆم بە پێویست پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی وەک هەقێکی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر چارەسەری مەسەلەی کورددا هێنایەکایەوە، ئیتر نەک هەر فیدراڵیزم و حکومەتی ئیتحادی لەژێر پرسیاردایە، بەڵکو "پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق"،

یانی ئامانجی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا و تورکیا و ئیران، هاوشان لەگەڵ هێزە شیعی وسوننیەکان و ناسیونالسیتە عەرەبەکانی ڕووبەڕووی ناکامی جدی دەکردەوە. ئەمەش بووە مایەی یەکخستنی ئەم هێزانە و دژایەتی کردنی ڕیفراندۆم. بە ڕادەیەک کە ئەم فاکتۆرە کە کاریگەری جدی و خێرا لەسەر دۆخی داوی سازدانی ڕیفراندۆم دانا، بەتایبەتی لە حاڵەتێکدا کە لە لایەک بەهۆی سیاسەتی پشتکردن لە خەڵک و چاوتێبڕین بۆ هیزە دەرەکیەکان و ناپەیگری و خۆدزینەوەی لە مقاوەمەت لەلایەن پارتی و بارزانیەوە، وە لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو ئیختلافات و چەند دەستەگیەی کە لە ڕیزی حزبە ناسیونالیستەکاندا لەسەر ڕیفراندم لەئارادابوو، ڕۆڵگێرانی باڵێکی ناسیونالیزم لە ڕاکێشانی دەستی ئێران و حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە 16 ی ئۆکتۆبەردا، تەواوی هاوکێشەی هێزی نێوان ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتەکەی لەگەڵ عێراقدا، سەرو ژێر کردەوە. گەمارۆدانی ئابوری و ئاسمانی و سەربازی کوردستان، گێرانەوەی کەرکوک و ناوچە کوردنشینەکان بۆ ژێردەستی عەبادی، دەستبەسەراگرتنەوەی سەرچاوەکانی نەوت و گاز، تەریک خستنەوەی حکومەتی هەرێم لە ئاستی دیبلۆماسی وڵاتاندا... لەیەک وتەدا لێسەندنەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە ناسیونالیزمی کورد بۆ دەورەیەک بەدەستی هێنابوو. وە لەئاکامیشدا ئەم دۆخە بە شکستێکی گەورە بۆسەر ناسیونالیزم و هەموو حزبەکانی، بردەپێشەوە.

دووەم: لەگەڵ ئەوەشدا 16 ئۆکتۆبەر تەنها دەلالەت لە شکستێکی سیاسی و دیبلۆماسی پارتی و بارزانی و یەکێتی وهەریەک لە حزبەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی ناکات، بەڵکو ئەم شکستە شکستێکی ساراپاگیرە لەتەواوی سیستەمێکی حوکمڕانی و سیاسی و ئابوری و قانونی و تەنانەت ئەخلاقیش کە بۆرژوازی کورد لەسەر بنەمای حکومەتی حزبی و دەسەڵاتی میلیشیایی و دەستبەسەرداگرتنی نەوت و جومگە ئابوری و بازرگانیەکان و بەپشتیوانی ئەمریکا و دابەشبوونە ناوچەییەکان دامەزراوە و نزیک بەسێ دەهەیە ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی پێ لەقاڵب دراوە. ئەم سیستەمە و بەشە پێکهێنەرەکانی، بەتایبەتی حکومت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی، هێزی چەکدار و دەزگا ئەمنیەکان، قانون و وەزارەت و خزمەتگوزاریەکان، هەموو ئەم پێکهاتوانەی سیستەمی حکومرانی بەیەکجاری ڕوویان لە بنبەست کردووە و توانای وەڵامدانەوەیان بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگایەکی نۆرماڵ و ژیانێکی سادەی هاوڵاتیانی لەدەستداوە. تەنانەت ئەم دەزگایانە توانای ئەوەشیان نییە لانی کەمی خزمەتگوزاریەکان و چارەکە موچەیەکی مانگانە کە تا ئێستا داویانە بە مووچەخواران لەکاتی خۆیدا زامن بکەن. بەم جۆرەش ئەم سیستەمە هەم لەڕوانگەی زۆرینەی زۆری کۆمەلگاوە، یانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، زەرورەت و مەقبولەیەتی

مانەوەی لە دەستداوە، هەم لە ڕوانگەی بازاڕی سەرمایە و بزاوتی بەرهەمهێنانەوە شکست و بن بەستە و کەوتۆتە چاوەڕوانیەکی بێهودەی ڕێکەوتنەوە لەگەڵ بەغدادا. بێگومان لە دۆخێکی ئاوادا بۆشاییەکی گەورە لە دەسەلات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هاتۆتە ئاراوە و بەم پێیەش ئەگەرەکانی دارمان و لێکترازانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەلایسانی شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی کوردستان و بەرین بوونەوەی ئاستی دوو ئیدارەیی، پەرەگرتنی بێئومێدی وهەڵچون و ڕاپەڕینی کوێرانەی جەماوەری .. کردۆتە لایەن و خاسیەتەکانی دۆخی ئێستای کوردستان.

سیهەم: لەکەنار ئەم واقعتەتانەوە گەمارۆدانی کوردستان و پەلامارە سەربازیەکانی ڕژێمی عەبادی و لەشکرکێشیەک کە بۆ سەر کەرکوک و ناوچە کوردنشینەکان بەڕێی خستووە، ڕووی لە چەسپاندنی سەنتراليزمی دەوڵەتی عیراق و کۆتایین هێنانە بە ناوچەیەک کە لە دەستوردا بە هەرێمی کوردستان ناسراوە، ئەمەش کە لە ڕێگای زەبروزەنگی سەربازیەوە بەڕێوەدەچێت، بە پێویست کۆمەڵگای کوردستان ڕووبەڕووی سەرکوتگەری و جەنگ و قینەبەری قەومی دەکاتەوە و لە دۆخێکی نائارام وناجێگیردا دەیچەقێنێ. حاڵەتیکی ئاواش جارێکیتر چارەنوسی کوردستان دەباتەوە نێو دەورەیکی تر لە نیزاعاتی قەومی و سەربازییەوە.

چوارەم: لەکۆی ئەم دۆخەدا ئەوەی کە دەبێ وەک دووخاڵی سەرەکی لەسەری ڕاوەستم، یەکەم: ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە لەپەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەلاتی حزبە ناسیۆنالیستەکاندا بە وجود هاتووە. ئەمە بە مانای ئەوەی کە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی و بڕانەوەی حاکمیەت لە کوردستان و جۆری سیستەمی ئایندە، مەسەلەیەکی جەوهەری و بنەڕەتی دۆخی ئیستا و پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەلاتدارانە، بەڕادەی ئەوەی کە دۆخەکە ئیتر بە جوولانەوەی داخوازی و مەسەلەی دابینکردنی موچە و خزمەتگوزاریەکان وەیا لە ڕێگای ڕیفۆرم و چاکسازیەوە وەلام نادرێتەوە. بەڵکو بنبەست و گرێی دەسەلات تا ئەو ئاستە ڕۆیشتووە کە بەدیهێنان و سەرکەوتنی هەرجۆرە خەباتێک بۆ داخوازیەکانی ژیان و گوزەران، پەیوەندی بەوەوەیە کە کۆمەڵگا کێشەی خۆی لەگەڵ ئەم بنبەست و گرێیەی دەسەلات یەکلابکاتەوە. دووەم: خودی ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە لە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد دا بەقازانجی دەوڵەتی مەرکەزی بەوجود هاتووە و کوردستانی دوبارە ڕاپێچی گێژاوی سیاسی و ناجێگیری کۆمەلایەتی کردۆتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە باشبوونی دۆخی ئیستای کوردستان وژیانی خەڵکەکەی لەناوخۆدا، هەروەها هەرجۆرە هەنگاو هەڵگرتنێک بەرەو پێشرەوی سیاسی و ئابوری وکۆمەلایەتی، بەبێ دەرکێشانی کوردستان لەم گێژاوە و لەم ناجێگیریە سیاسیە و بەئیعتبار وەرگرتنی ڕای خەڵکی

کوردستان خۆیان، لەتواناندا نییە. بە دیویکی تردا هێشتنەوەی کوردستان لەهەمان بازنەی فیدراڵیزمێکی شکست خواردووی ئێستا و سپاردنی داهاتووی خەڵکەکەی بە شەڕ و کێشەی نیوان ناسیونالیزمی کوردو لایەنە شیعی و سوننییەکان، هەمان ئەنجامی دەبێت کە چەند ساڵە پرسی ئابوری و سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردستانی بەم ڕۆژە گەیاندووە.

دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام بەپێچەوانەی ئەم قسانەوە، بۆچون و لێکدانەوەی باو، هەموو ئەو نەهاماتی و گرفتانەی کە دوای 16 ی ئۆکتۆبەر ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان کراوەتەوە، واتە سەربازی نەبوونی و هەژاری و بێمووچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان، هێرش و پەلاماردانەکانی حکومەتی عێراق و داسەپاندنی گەمارۆی ئابوری و سەربازی و مەترسی لەشکرکێشی و ڕاپێچکردنەوەی کوردستان بۆ ژێر سایەی حکومەتی ئیسلامی قەومی و فاشیستی بەغداد.. و تەواوی ئەم نەهامەتیانە ئەخاتە ئەستۆی ڕیفراندۆم و ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ویستان بە ئیرادەی خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن پێچەوانە دەکاتەوە بۆ پەشیمانی. ڕای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

خەسرەو سایە:

سەرەتا ئەم بۆچوونانە جگە لەوەی کە بەقەد سەرە دەرزیەک ڕاستیان تێدا نییە، ڕاستەوخۆ پاساوی سیاسەتێکی شکست خواردووی ئەو لایەنانە دەخاتەڕوو کە هەر یەکەیان بە جۆرێک کەوتنە بەرامبەر بە مافی خەڵکی کوردستانەوە لە دیاریکردنی داهاتووی خۆیاندا. بە دیاریکراوی ئەم جۆرە قسانە بۆلایەنێکی وەک حزبەکەی تاڵەبانی و بنەماڵەکەی، پاساودانێکە بۆ ئەو سیاسەتە بێئابڕوەی کە دەستی قاسم سلێمانی و حەشدی شەعبی و سوپای عیراقی بۆسەر کەرکوک و گشت کوردستان درێژکرد و ئەو کوشتار و ئاوارەیی و ماڵوێرانیەی لێکەوتەوە کە بەسەرخەڵکی کوردستاندا هات. ئەمانە لە پشتی پاساوەکانیانەوە سیاسەتێکی چەپەڵیان گرتۆتەپێش ئەویش هەستانەوەی باڵانسی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیانە لە بەرامبەر پارتیدا. ئەمانە بێشەرمانە کارەساتەکانی 31 ئاب و شنگال و نمونەی شکستەکانی رابردووی حزبەکانی جوڵانەوەی کوردایەتیان دووپات کردووە و لەسەرو هەرجۆرە پێوانەیەکی ئەخلاقی و پرەنسیپێکی سیاسیەوە، ڕافراندۆمیان کردە بەهانە تا بەئامانجی گڵاوی خۆیان بگەن و ئیتر چ بەڵایەک بەسەر خەڵکدا بێت بۆیان گرنگ نەبوو. بۆ هەندێک لایەنی تریش ئەم قسانە پاساوێک بوون بۆ "کاراکردنەوەی حکومەت و پەرلەمان" و سیاسەتی شکستخواردویان بەناوی چاکسازیەوە. لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان

بارو دۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم

خۆیان گیرۆدەی ئەم دامودەزگا و دەسەلاتەن و وەک بەڵای سەرسەری خۆیان لێی دەڕوانن. لەمەش زیاتر ئەم پاساوانە قسەی ئەو لایەنانەن کە دەیانەویت ئەو حکومەت و پەرلەمانە کە خۆیان شەریکن تییدا لە تیاچوون ڕزگار بکەن و خۆیان بکەونە دانوسانەوە لەگەڵ عەبادیدا.

بێگومان هەردوک ئەم لایەنانە کە نایانەوێت واقعیەتەکانی دەورەیەک لە کێشمەکێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ببینن و پشت لە هەموو ئەو دۆخەی کە لە ناوچەکەدا هەیە دەکەن. تەنانەت ئاگاهانە خودی ئەو هاوکێشەیەی کە لە نێوان هێزەکاندا، بەدوای شەڕی داعشدا هاتۆتە کایەوە نادیدە دەگرن و هەموو دۆخەکە بە تەنها لەدژایەتیکردنی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان لە بەرامبەر پارتی و بارزانیدا، لێکدەدەنەوە و زەینی خەڵکی پێ لەقاو دەدەن، تا بەم پاساوانە هەم بنبەست و شکستی سیاسی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن و هەم زەینی خەڵکی پی چەواشەبکەن. ئەگینا هەمو کەسێک بەسادەیی ئەوە دەزانێ کە بەر لە سازدانی ڕیفراندۆم بە ماوەیەکی زۆر لە پێشتر، حکومەتی عێراقی بەتایبەتی لە سەردەمی مالیکیەوە لە هەوڵدا بوو کە کەرکوک و هەموو ئەو ناوچانەی لە دەست پارتی و یەکێتیدا بوو وەربگرێتەوە. شەڕ و هەرای نێوان بارزانی و مالیکی، پرۆژەی فەرماندەیی هێزەکانی دیجلە و شەری حەویجە و هەوڵدان بۆ گێرانەوەی کەرکوک بۆسەر عێراق، لەمەش زیاتر خودی بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان بارزانی و عەبادی لەژێر چاودێری ئەمریکادا بۆ تەسلیمکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە شەڕی داعشدا دەکەونە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.. هەموو ئەم ڕاستیانە لە پەیوەند بە دۆخی ناوچەکە و ڕەوتی ڕوو لەلاوازبوونی ئەمریکا و پێشڕەویەکانی بلۆکی ئێران و روسیا و خودی سەرکەوتنەکانی عەبادی لە بەرامبەر داعشدا، بەتایبەتی دوای ڕزگارکردنی موسڵ، ئەگەری ئەوەی هێنایە ئاراوە کە شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەی دوای داعش، شەری بەغدا و حەشدی شەعبی و پێشمەرگە و هەرێمی کوردستانە بۆ گێرانەوەی ئەو ناوچانە و زاڵکردنەوەی دەسەڵات و نفوزی دەوڵەتی عیراقە بەسەر هەرێمدا. لەیەک وتەدا ئەگەرچی ڕیفراندۆم ڕەوتی ئەم گۆرانکاریەی خێراتر کرد، بەڵام بەدەر لە سازدان و نەدانی ڕیفراندۆم سەرهەڵدانی خودی ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشەی نێوان هەرێم و بەغداد، وەک بەرئەنجامێک لە دۆخی تازەی دوای شەڕی داعش ئەگەرێکی ئەکید بوو. ئەمە ئەو واقعیەتانەیە کە پاساوادەرانی ناسیونالیست نایانەوێت ببینن و خەتای دۆخەکەش بخەنە ئەستۆی ڕیفراندۆم، تا دژایەتی پارتی پیبکەن. بەڵام دیارە لەسەر حسابی ژێرپێنانی مافی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی ئایندەی خۆیاندا.

گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە

دیدگای سۆشیالیستی: لەچوارچێوەی دۆخێکدا کە ئاماژەتان پێکرد، عەبادی و حکومەتەکەی لە لایەکەوە تا دێت فشارەکانی زیاتر دەکات و کۆمەڵە سیاسەتێکی هێرشبەرانەی بۆ سەر کوردستان بەدەستەوە گرتووە، وە لەلایەکی تریشەوە دەست لە دانوسان و مەرجەکانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمدا هەڵناگرێ. ئامانج لەم سیاسەت و هەڵسوکەوتانە چییە و دەیەوێت دۆخی هەرێم بەرەوکوێ بەرێت؟

خەسرەو سایە:

ئەوەی لە ڕواڵەتی ئەم سیاسەت و هەڵسوکەوتانەی عەبادییدا بەرچاوە، ئەوەیە کە زۆرترین مەرج بەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێمدا بسەپێنێ و تا ئاستێکی زۆر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بەسەر جوگرافیای کوردستان و حکومەتی هەرێمدا داسەپێنێ و هەمو ئەو ئیمتیازاتە "هەرێمایەتیە"ی کە لەبەر ڕۆشنایی دەستوری عێراقدا پێی دراوە، وەربگرێتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا بچێتە دانوسان و گفتوگۆوە. بەڵام ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی تری پشتی ئەم سیاسەت و هەڵسوکەوتانەیە، هەمان ئەو ستراتیژەیە کەبۆرژوازی عێراق ڕووی لە جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی یەکجێ و متەمرکیزە، کە بتوانێ بازاڕێکی سەراسەری و نەزم و نیزامیکی ئابوری و سیاسی سانترالّ و یەکجێ لەبەردەم بازاڕی کار و سەرمایەدا لە سەراسەری عێراقدا جێبخات و هەموو ئەو دابەشبوون و ئیمتیازاتانە هەڵوەشێنێتەوە کە بە ناوی "ئیختیاراتی هەرێمایەتیەوە بەکورد" دراوە. بێگومان حکومەتەکەی عەبادی لە حاڵەتی ئێستایدا خۆی لە ڕوانگەی پێداویستیەکانی سەرمایەداریەوە، هەڵگری ئەو خاسیەت و کاراکتەرانە نییە کە بتوانێ حکومەتی جێگای ڕەزامندی گشت بەشەکانی سەرمایە و چینی بۆرژوازی بێت، بە بۆرژوازی کورد و عەرەب و سوننە و شیعەوە، بەتایبەتی کە ئەم حکومەتە بەرهەمی شکستی کابینەی حکومەتی مالیکی و کەوتنی موسڵە و بە پشتیوانی ئەمریکا و ئێران، بۆ تێپەرکردنی دۆخەکانی سەرهەڵدانی شەڕی داعش لەدایک بووە. ئێستا کە دۆخکە بەرەو قوناغی دوای داعش ملی ڕێگای گرتووە و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش هاتۆتەکایەوە، عەبادی بە سیاسەتەکانی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا، هەوڵدەدات خاسیەت و کاراکتەرەکانی حکومەتێکی موتەمسک بە دەستورەوە لەبەردەم لایەنەکاندا خۆی هەڵخات ولەم ڕێگایەشەوە هەرێمی کوردستان ڕاکێشێتەوە ناو هەمان فیدراڵیزم کەساڵی 2003 بەپێی دەستور لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتن.

دیدیاگی سۆشیالیستی: بە پێچەوانەی ڕۆژانی سەردەمی ڕیفراندۆم و دواترەوە، ماوەیەکە

بارو دۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم

هەم ئەمریکا و هەم و دەوڵەتانی ئەوروپا بادانەوەیەکیان بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی هەرێم، بە ناردنی نامە و سازدانی دیدار گرتۆتەبەر، لەلایەکیتریشەوە پەیوەندیەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا کەوتونەتەوە جووڵە.. ئەم حاڵەتانە لە دۆخی گشتیدا چ جێگایەکیان هەیە؟

خەسرەو سایە:

سەرەتا با لەسەر پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا و ئێران دوای ڕیفراندۆم ڕاوەستین. بە بڕوای من هێشتا ئەم دوو دەوڵەتە پەیوەندیەکانیان لە خانەی سڕکردنی دیبلۆماسی و توندکردنەوەی فشارەکان دەرنەچووە، هێشتا ئاڕاستەی تەسلیم بوونی دەسەڵاتدارانی هەرێم بە بڕیار و هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق، بەبێ ئەوەی کە لە باری ئابوری و بازرگانیەوە زیانێک بە کۆمپانیا و بازرگانانی ئەم دوو دەوڵەتە بگەیەنێ، خاڵی جەوهەریە لە سیاسەتیاندا. بەڵام ئەورپا و ئەمریکا هەریەکەیان بە شوین ئامانجی جیاوازی خۆیانەوەن لە مامەڵە دیبلۆماسیەکانیاندا لەگەڵ هەرێم. هەرچەندە هەردولایان هاوبەشن لەوەدا کە دۆخەکە ئاڵۆزتر نەبێ و دۆستایەتی خۆشیان هەم لەگەڵ بەغدا و هەم لەگەڵ هەولێردا بپارێزن. ئەوەشی کە چ ئەمریکا و چ دەوڵەتانی ئەوروپایی لە پێشیانەوە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا، کەوتونەتەوە سەرەتاتکێی دیبلۆماسی و بۆ ئەمەش کەوتونەتە دەستپێشکەری کردن لە ناردنی نامە و بانگهێشتکردن بۆ دیداری وڵاتەکانیان، لەبنەرەتەوە بۆ دڵنەواییکردن و دەستهێنانە بە سەری دەسەلاتدارانی هەرێمدا تا قەرەبۆی ئەو هەڵویستەیان بکەنەوە کە لە بەرامبەر ڕیفراندۆمدا گرتیانەبەر. بەواتایەکی تر دەیانەوێت ئەوە نیشان بدەنەوە کە هەر"دۆستی نەتەوەی کوردن".

هەرلەم پەیوەندەدا خاڵیکی تر ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئەوروپا لە چوارچێوەی ستراتیژی پاراستنی ئەمنیەتی خۆیان و هێورکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامرکانەوەی گرژیەکان لەناوچەکەدا مامەڵە لەگەڵ کەیسی هەرێم و عیراقدا دەکەن و نایانەوێت دۆخەکە کێشەیەکی تر بۆ قەیرانی ناوچەکە زیاد بکا و بەهۆیەوە شەپۆلێکی تر لە کۆچ و ئاوەرەیی ڕووبەرووی دەوڵەتانی ئەوروپایی ببێتەوە، بۆیە هەرچی زۆرتر هەوڵدەدەن هەولێر و بەغدا ڕێکبکەون. بەڵام بۆ ئەمریکا دۆخەکە جیاوازە و هەوڵە دیبلۆماسیەکانی بەرامبەر بە بەغدا و هەولێر دەچێتە خانەی ستراتێژیکی ترەوە. ستراتیژی هەستانەوەی هاوکێشەی هێز لە بەرامبەر تەواجدی ڕوسیا و ئێران لەناوچەکەدا. ئەمریکا ترسی ئەمنی و لەدەستچوونی "هێزە کوردەکان"ی نییە، چونکە هەم مەودای کۆچبەری نایگرێتەوە و هەم دەزانێ کە "کوردەکان" بەچەپ و ڕاستیانەوە، لە"دۆستایەتی ئەمریاکا"دان، سەرەرای هەر غەدرێک کە لێیان دەکات، بەڵکو ئەوەی بۆی گرنگە ڕاکێشانی عەبادی و دەستوپێوەندەکەیەتی بۆ ژێر

سیاسەتەکانی خۆی و دابڕاندنی لە نفوزی ئێران لە عێراق وناوچەکەدا. بەواتایەکی تر مامەڵەی دیبلۆماسیەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەرێمدا لە دوای ڕیفراندۆمەوە پاشکۆیە بە هەوڵدانی ئەمریاکا بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ عەبادی و زامنکردنەوەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی لە ئینتخاباتەکانی داهاتوودا.

بەجیا لەم بۆچوونانەش ئەوەی بەرچاوە لەم جوڵە دیبلۆماسیانەدا، ئەوەیە کە حزبە دەسەلاتدارەکان هەوڵدەدەن وەک چەکێک بۆ خۆشخەیاڵ کردنی جەماوەر کە گوایە دەوڵەتانی دونیا پشتی کوردیان بەرنەداوە بەکاری بهێنن و خۆیان وا نیشان بدەن کەهێشتا لە ئاستی دەوڵەتاندا ئیعتباریان ماوە. لەلایەکی تریشەوە ئەم جوڵە دیبلۆماسیانە، نیشانەیەکە لە سیاسەتی کایەکردنی حزبەکانی نێو دەسەلات لەسەر پەتی پەیوەندیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە وهەوڵدانیان بۆ خۆبینینەوە لە ئاست سیاسەتی ناوچەکە و جەمسەرەکانیدا.

دیدگای سۆشیالیسی: هاوڕی خەسرەو بەدوای ئەم قساوباسانەدا ئاڕاستە سەرەکیەکانی ڕەوتی چونەپیشەوەی دۆخی ئێستا بە چی دەبینن، ئایا ئەو مەسەلە و گرفتانەی کە پێشووتر هەبوون ئێستا وەک خۆیان ماون، هەروەها ئەو مەیدانە کۆمەڵایەتیانە چین کە یەکلاکردنەوەیان دۆخی کوردستان بەلایەکدا دەخەن؟

خەسرەو سایە:

یەکەم ئاڕاستەی سەرەکی، سیناریۆیەکی سیاسیە کە دەسەلات بە تایبەتی پارتی وحکومەتەکەی دوای کشانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی گرتویەتیە پێش، ئەویش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە لەپێناو مانەوە و ڕزگارکردنی جێگاوڕێگای خۆییدا هەموو هەنگاوێکی تەسلیم خوازانە لە بەرامبەر عەبادیدا بگرێتەبەر، بە خاتری نورماڵ کردنەوەی دۆخەکە و ئامادەکردنی زەمینەکان بۆ سازدانی هەڵبژاردنی داهاتوو. نۆرماڵ کردنەوەی دۆخەکە بەومانایەی بەهەر نرخێک بووە بکەوێتە گفتۆگۆوەو تەوژمی فشارە سیاسی و ئابوری وسەربازیەکانی عەبادی لەسەر حکومەت ڕابگرێ و لانی کەم بودجەی هەرێم لەبەغدا وەربگرێ تا وەلام بە موچە و دۆخی ئابوری هەرێم بداتەوە. لەم سیناریۆیەدا ئەگەرچی یەکێتی بەرواڵەت خۆی بەشەریک دەزانێ، بەڵام بەهۆی چەندەستەگی دەرونیەوە لە جەوهەردا ناتەبایە لەگەڵ ئەم سیناریۆیەدا. ئاڕاستەیەکی تر لە سیناریۆیی حزبەکانی وەک گۆران و کۆمەڵ و ئەوانی تردا دەردەکەوێت کە دەیانەوێت لە پۆزی ئۆپۆزسیۆندا خۆیان نمایش بکەن. ئەمانە لە مەوقعی ئەنتی پارتی بوونەوە جەوهەری سیناریۆکەیان لە

بارو دۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم

دژایەتی کردنی حوکمەتەکەی نیچیرڤان بارزانیدا چڕ کردۆتەوە و دەیانەوێت بە هەڵوەشانەوەی حکومەت خۆیان هەیئەتی دانوسانەکان لەگەڵ بەغدادا، لەژێر ناوی "حکومەتی ڕزگاری نیشتمانیدا" بگرنە دەست و دواتریش هەموو لایەنەکان بەرەو هەڵبژرادنی داهاتوو بەرن. لەن اوەڕۆکدا ئەم سیناریۆیە وەک ئەوەی بەتەنها لەسەر حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی چەقی گرتووە، جیاوازیەکی بنەڕەتی لەگەڵ سیناریۆکەی پارتیدا پێک ناهێنێ، چونکە ئەمانیش بە توندی دەستیان بە تەجرۆبەی دەسەلاتداریێتی تا ئێستاوە گرتووە و مانەوەی سیستەمی پەرلەمانی و حکومەتی ئەحزاب کە پاڵی بە هێزە میلیشیایی و پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان لەگەڵ ولاتانی دەرەوە داوە و هاوکات مانەوە لەگەڵ عێراق و فیدرالیزمەکەی بە ئەسڵ وەرگرتووە.. لەکاتێکدا ڕەوتی جەماوەری و پێداویستیە ئابوری و سیاسیەکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕێک لە مەوقعی پێچەوانەدا بەرامبەر بەم جۆرە سیناریۆیە قەراری گرتووە. بە گشتی هەردووک ئەم ئاڕاستە و سیناریۆیانە کە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا و تەنانەت بەجۆرێک لە جۆرەکان ئێران و تورکیاش لایەنگری لێدەکەن، بە هەموو لایەک دەیانەوێت دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و کوردستان لەژێر دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزیدا و لە هەلومەرجی دوای داعش و لە هاوکێشەیەکی تازەدا لەسەر بنەمای "یەکپارچەیی خاکی عیراق" سازبدەنەوە و جارێکی تر ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ دەستور مەیسەربەکەن. بەلام ئەم ئاڕاستانە بە حوکمی وەزعی سیاسی و جەنگی ناوچەکە و ڕیزبەستنەی هێزە جیهانی و ناوچەیە دژبەیەکەکان و هاوکات بە حوکمی لەئارادابوونی قەیرانێکی ئابوری و سیاسی لە عێراق و کوردستاندا و ئەو ناپایەداریەی کە لە هەیئەی دەسەلاتداریێتی لە هەردولادا هەیە، ئەمە لەپاڵ جێگاوڕێگای فاکتۆری جەماوەر و ناڕەزایەتیەکانیان، پێناچێت ئایندەیەکی هەروا سادە و ئاسانی لە بەردەمدابێ و بێ گرێوگۆڵ بڕواتە پێشەوە. بەتایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان کە ڕیفراندۆمێکیان سازداوە و لە بەرامبەر شکستی دەسەلاتداریێتی ناسیونالیزم و بنبەستی فیدرالیزمدا قەراریان گرتووە. بەدڵنیاییەوە لە حاڵەتێکی ئاوا ڕێگەنادات بەوەی کە دۆخەکە بە سادەیی بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

ئاڕاستەیەکی تر کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەکانی سەرەوە لەئارادا بێت، سیناریۆیەکە کە هەموو دۆخەکە بە قازانجی ئاڵوگۆڕیی ڕیشەیی پێچەوانە بکاتەوە. یانی لەلایەک کۆتایی بە دەسەلاتی چەندین ساڵەی ئەحزابی قەومی کوردستان بهێنێ و سیستەم و حاکمیەتێکی پێشکەوتووی جەماوەری لە جێگەیدا دامەزرێنێ و هاوکات کۆتاییش بە فیدرالیزم و ئیلحاقی بەزۆری خەڵکی کوردستان بهێنێ ودەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولار لەسەر بنەمای مافی هاولاتی یەکسان دامەزرێنێ. بێگومان ئەمەش ئاڕاستە و سیناریۆیەکی شۆڕشگێرانەیە و

فاکتۆری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و خەباتیان میحوەرییە. بەتایبەتی کە ئاستی هوشیاری و ناڕەزایەتیەکانیان بەوە گەیشتووە کە نایانەوێت لەژێرسایەی ئەم دۆخەدا بمێننەوە و بەتوندی خوازیاری ئالۆگۆڕی ڕیشەیین.
دیارە لە حاڵ ەتی درێژەکێشانی زیاتری ئەمدۆخەدا ئەگەری شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی کوردستان و دەخالەتی سەربازی دەوڵەتانی ناوچەکە و عێراق وجودی هەیە، بەتایبەتی ناکۆکی نێوان حزبەکان و نەبوونی هاوڕاییان لەسەر سیناریۆکانی یەکتر، لەلایەک و ناڕەزایەتیەک کە لەنێو خەڵکدا لەئارادایە.
تا ئەو جێگەیەی بە مەسەلە و مەیدانەکانی خەبات دەگەڕێتەوە، من پێم وایە کوردستان هەم لە رابردوودا و هەم لە ئیستادا لەگەڵ سێ گرفت و مەسەلەی سەرەکی بەرەو ڕووە کە تا ئیستاش وەک مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتی دەردەکەون و وەڵامپیدانەوەیان کۆمەڵگای کوردستان لە دۆخی ئێستاوە بۆ دۆخێکیتر دەبات:
یەکەم مەسەلە و مەیدان مانەوەی دەسەڵات و سیستەمی حوکمرانیە کە بۆرژوازی کورد دایسەپاندووە. ئەم دەسەڵاتە ئیتر ناتوانێ وەڵامدەرەوەی ژیانی شاری و مەدەنی خەڵکی کوردستان بێت و دەبێ بڕوات. ئەم داوایە لە ئێستادا بە ڕادەیەک گەیشتووە کە بەدیهاتنی هەر داواکاریەکی ئابوری و سیاسی و کەمترین ڕیفۆرم لە ژیانی خەڵکدا بەبێ وەلانانی ئەم دەسەڵات و سیستەمە لە تواناد‌ا نییە. دووەم مەیدان و مەسەلە، کێشەی کوردە کە خۆی لە قەیرانی نێوان هەرێم و کوردستاندا دەبینێتەوە. لەمبارەشەوە ئەو راستیە خۆی سەلماندووە کە ئیلحاقی ئیجباری و فیدرالیزمێک کە لەسەر بنەمای قەومی و تەوافقی حزبە ئاینی و نەتەوەییەکان دامەزرابێت، نەک هەر مافی یەکسانی هاولاتیان بە خەڵکی کوردزمان و عەرەبزمانەوە دەخاتە ژێر پێوە، بەڵکو دەسەڵاتێکی دامەزراندوە لەسەر بنەمای شەڕی بەرژەوەندیەکانی نوێنەرانی بۆرژوازی بەناوی "پێکهاتەکانەوە". تەبیعەتی دەسەڵاتێکی ئاواش کە کێشەی قەومی و دابەشبوونە نەتەوەیی و ئاینیەکان لە خۆیدا دەهێڵێتەوە، بە پێویست دەرگا لەسەر ڕقبەری قەومی و ناجیگیری سیاسی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. لە دۆخێکی ئاوادا، کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ هەمان گێژاوی سیاسی و ناجێگیری بەرەوڕوو دەبێ، بەرادەیەکە کە بەبێ چارەسەری ئەم کێشەیە ناتوانێ هەنگاوێک بەرەو پێشڕەوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بنێ. لەیەک وتەدا خەڵکی کوردستان ئەگەر بە خەباتی خۆیان کۆتاییش بە دەسەڵاتی حزبەکان بهێنن و حاکمیەتی خۆیان دامەزرێنن سەرەنجام دەبێ بڕیار لەسەر پەیوەندی خۆیان بە بەغداوە یەکلایی بکەنەوە. واتە یان دەبێ ڕێگای جیابوونەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بگرنەبەر وەیا بەم افی یەکسانەوە و بڕیار لە مانەوە لەگەڵ عیراق و بەستنی ئیتحادیکی ئازادانە بدەن. لە دۆخی ئیستا کە ماهیەتی دەوڵەتی

بارو دۆخی کوردستان دوای ڕیفراندۆم

عێراق دەوڵەتێکی عروبی ئیسلامیە و ئەوەشی خەڵک دەنگی بە جیابوونەوە داوە لەڕیفراندۆمێکدا، ئیتر ڕێگایەک نامێنێتەوە جگەلەوەی کەخەڵکی کوردستان خواستی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت وەک وەڵامیک بەکێشەی کورد و ئەو ناجێگیریەی کە کۆمەڵگای کوردستانی تێکەوتووە بەدەستەوە بگرن. سێهەم مەسەلە و مەیدانی خەبات کێشەی بژێوی و ئاستی گوزەرانی خەڵک و داخوازیەکانیانە، ئەمەیان کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوریە، ئەبعادێکی جیهانی و ناوچەیی هەیە وەڵامدانەوە پێی جگەلەوەی کە دەبێ کوردستان لە بازنەی ئابوری سەرمایەداری دەرکێشرێت، لەپێشەوە دەبێ مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و پەیوەندی بەمەرکەزەوە یەکلابکرێتەوە و جەماوەری زەحمەتکێش خۆیان کۆمەڵگا لەسەر بنەمای سیستەمێکی شورایی دامەزرێنن.
وەک دوا وتەشم لەم پەیوەندەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە هەڵپێکانی هەمو ئەم میدانانە و دەربازکردنی کوردستان لە دۆخی ئێستا، هێنانەمەیدانی جووڵانەوەیەکی سیاسی جەماوەری شۆڕشگێرانە دەخوازێ کە هەر لە ئێستاوە و لە خوارەوە و لە سەرەوە بەرەو پیری دەسەڵاتداریێتی جەماوەری هەنگاو هەڵگرێ. لە خوارەوە و لە جەرگەی نارەزایەتیەکانی ئێستادا لە هەوڵی دامەزراندنی شواراکان و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کارو ژیان و چەکدارکردنی گشتی جەماوەری لەپێناو پاراستنی ئەمنیەت کۆمەلایەتیدا بێت. لەسەریشەوە نوینەرایەتی خەڵکی کوردستان چ لە ئاست بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا و چ لەبەرامبەر یەکلاکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ولەئاستی دەرەوەدا، زامن و مسۆگەر بکات...

موزەفەری موحەممەدی

چەپ لە کوردستان و نامۆبوونی بە سیاسەت

چەپ لە کوردستانی عێراق پێکهاتوە لە کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان، ئازادیخوازەکان، سکوولارەکان، دیموکراسیخوازەکان، ریفۆرمیستەکان، ناسیۆنالیستەکانی چەپ و لیبرالەکان. چالاکوانانی کرێکاری، سڤیل و ڕووناکبیران و ڕەخنەگران لە ناو گرووپەکان یاخود وەکوو تاک، بە شێوەیەکی فراوان لە ریزەکانی چەپ بڵاوبوونەتەوە و بە بێ ئاسۆ و بێگانە لە سیاسەت ماونەتەوە.

سەردەمانێک بەشێک لەم چەپانە لە گرووپێکی کۆمۆنیستی یەکتریان گرتەوە. ئەوەش یەکەم گرووپی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق بوو لە دوای حیزبی شیوعی، کە بە ئامانجی پاراستنی سەربەخۆیی چینایەتی پێکهاتبوو. ئەم حیزبە بە هەندێک هۆکار،کە لێرەدا ناکرێ بە وەردی باسی لێبکرێت، سەرەڕای هەموو هەوڵە خۆبەخشەکانی بەشێک لە چالاکوانی و هەروەها ئەو بەرزی و نزمانەی کە بەخۆیەوە بینی، هێشتا نەبووە بە حزبێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ببێتە ئالتێرناتیڤێک بۆ باڵی دەسەڵاتداری بۆرژوازی ناسیۆنالیستی کورد و حیزبەکانی.

چەپ لەکوردستان ونامۆبوونی بەسیاسەت

لێرەدا جارێکی تر بە شێوەیەکی گشتی باسی چەپ دەکەم و دەمەوێ هەر لە سەرەتاوە قسەی کۆتایی خۆم بڵێم و بەوە دەستپێ بکەم کە ئەمڕۆ هیچ گرووپ و حیزبێکی چەپ لەو ناوەدا بە تەنیایی بەختی ئەوەی نییە کە ببێ بە ئەڵتەرناتیڤ یاخۆد جێگرەوەیەکی بەهێز بۆ وەڵامدانەوەی بارودۆخی ئێستای کوردستان.

جێگەی سەرەنجە کە باڵی راست و ناسیونالیست و ئایینیش لە دۆخێکی باشدا نییە. حیزبە ناسیۆنالیستەکانی دەسەڵاتداریش کە خاوەن پارە و چەکن، بە درێژایی سێ دەیەی رابردوو توانا و کارامەیی ئەوەیان نەبووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبێنن.هەروەها ئامادەیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و خاوەن یاسا و رێسایان لە خۆیان نیشان نەداوە؛ کەچی بەشێک لە چینی ناوەڕاستی ناسیۆنالیستی کورد بە ئامادەکردنی لیستێکی پەرلەمانی، چاوەڕێی رێگایەکن کە بەر لە دەستپێکردنی کۆتایی پێهاتووە.

بەم شێوەیە، کۆمەڵگای کوردستان لە دوای رۆخانی سەدام تا ئێستا لە رێگەی حیزبە ناسیۆنالیستیاکانەوە بەرێوەدەچێت، بەڵام بە شێوەیەکی عەشیرەتی کۆنترۆڵ دەکرێت و سامانەکانی تالان دەکرێ. ئەو حیزبانەی کە سەرەڕای بانگەشەی قبوڵکردنی تازەگەری و لەگەڵ ئەوەشدا کە تەکنۆلوجیای پێشکەوتووی جیهانی هاوچەرخیشیان لە بەر دەستە و خاوەن میدیایەکی فراوان و رەنگاوڕەنگیشن، هێشتاش لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە رێگەی عەشیرەتیەوە چارەسەر دەکرێن.هێشتاش مردن یان ژیانی ژنان لە دەستی عەشیرەت و هۆز و کەلتووری دواکەوتوودایە. هێشتا کێشەی کەمی ئاو و کارەبا چارەسەر نەبووە لە کوردستانی عێراقدا. لەم هەل ومەرجەدا، چەپی کورستان کەوتۆتە پەراوێزی ئەم دارستانەی ناوی کۆمەڵگایە و خۆی یەکێکە لە قوربانیانی ئەم دۆخە.

گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانەی کوردستان:

دوای شکستی داعش، حکوومەتی فیدراڵی عێراق، کە کوردستانیش بە بەشێک لەو دادەنرێت، لەبەریەک هەڵوەشاوە. ''کورد'' لە پەرلەمانی عێراق و تەنانەت لە پۆستی سەرۆک کۆماری حیسابی بۆ ناکرێت. ''عەرەبە'' سوننەکانی موصڵ و ئەنبار و هتد هێشتا لە ناو حکوومەتی ناوەندیدا هیچ شوێنێکیان بۆ دەستنیشان نەکراوە و دیاریش نییە وەکو پارێزگایەکی عێراق دێنە هەژمار یاخود دەبنە بەشێک لە فیدراڵیزمی نەژادی و ئایینی ئەم

وەڵاتە. ئەم بارۆدخە لەگەڵ شەڕی مالیکی کە خۆی سەر بە ئێرانە و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی حەشدی شەعبی و عەبادی و ئەوانی دیکە بە گشتی وێنەیەکی رەش لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەخەنە بەر چاو.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، ئەم گرژی و ئاڵۆزیە لە ناکاو و لە ماوەی رۆژێکدا روویندەداوە. لەو کاتەوە کە نەوتی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ئەنجامی شەڕی داعش و شکست پێهێنانی کەوتنە ژێرکۆنترۆڵی حیزبەکانی حکوومەتی هەرێم و بەشە بودجەی سەرتاسەری براوە، پرۆسەی شکست پێهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان دەسەلاتداری فیدڕاڵی نەتەوەیی و ئاینی و عەشیرەتی دەستی پێکردووە. ئەمڕۆ دەوڵەتی عەبادی بە نیازە ئەم پرۆسەیە بخاتە شێوەیەکی رەسمیەوە و ئاڵای عێراقێکی یەکپارچەی هەڵکردووە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە لە کوردستانی عێراق رووداوێکی نوێ هاتە کایەوە. رووداوێک کە هەم عەبادی و حکوومەتەکانی ناوچەکە و هەم بەشێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد و بەشێک لە چەپی کۆمەڵگا دەیانەوێ نکۆڵی لێبکەن یان بە واتایەکی تر پینەی بکەن. ئەم پێشهاتەیەش دەنگی خەڵکی کوردستان بوو کە بە ملیۆنان هاتن و داوای جیابوونەوە و دەرچوون لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقیان کرد. دەنگێک کە بە تەواوەتی رەوا، مرۆڤانە، ئازادیخوازانە و شکۆدارە. ئەم دەنگە ئەوندە بەهێز و رەوا و راست و دروست بوو کە تەنانەت بەرهەڵستکارانی لە باڵە جیاجیاکی حزبەکانی بۆرژوازی چ کوردیشی لەگەڵ خۆی هاوڕا کرد و ئەوانیش ناچار بوون قبووڵی بکەن.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە تەنانەت بەشێک لە چەپی کۆمەڵگاش دەیانەوێ ئەم دەنگە بە ناوی بارزانیەوە بنووسن و مەدالیاکەی بدەن لە سنگی ئەو، هەر وەک چۆن خودی بارزانیش پێخۆش بوو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەوان بە قسە سەربەخۆیی و دەنگی جەماوەریان پێ قبووڵە، کەچی دەنگی خەڵک بۆ جیابوونەوە لە عێراق و مافی چەند ملیۆنەها مرۆڤ دەکەن بە قوربانی سیاسەتێک یان بە واتەیەکی باشتر، بێ سیاسەتیەک کە بنەماکەی تەنها رادیکالیسمێکی بێ بنەمای دوژمنایەتیە لە گەڵ بارزانی. بەڵام نە هەڵگرتنی ئاڵای ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بە دەستی بارزانی و نە رادیکالیزمی چەپ دژ بە بۆرژوازی بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ئەم گۆڕانە مێژوویە بسڕنەوە. ئەوی روویدا

چەپ لەکوردستان ونامۆبوونی بەسیاسەت

بەدیهاتنی خەونێکی مرۆڤی و کۆمەڵایەتی بوو. خەونێک کە هەموو هەوڵەکانی رژێمی سەدام حسینی بۆ راگرتنی خەڵکی کوردستان وەکووهاوولاتی پلە دووەم و چەوساوە و هەروەها هەوڵی حکوومەتەکانی مالیکی،عەبادی، دەوڵەتی ئەردۆغان، کۆماری ئیسلامی ئێران و هەوڵی ئەمریکا بۆ راگرتنی عێراقی یەکپارچە هەمووی پووچەڵ کردەوە.

لە هەموو لایەکەوە ریفراندۆم تۆمەتبار دەکرێت، هەندێک دەڵێن ئەمە پڕۆژەی بارزانی بوو، دەنگی لە سەدا نەوەد درۆیە، تەنها لە سەدا بیستی خەڵکی سلێمانی دەنگیان داوە، مووچەخۆرەکان لە ترسی مووچەکانیان کە لە دەست بارزانیە دەنگیان دا و هتد...

کەچی سەرەڕای هەمووی ئەو پاساوە بێبنەمایانە، ریفراندۆم سەرکەوتنی بە دەست هێنا. ریفراندۆم بە مەرجێک تووشی شکست دەبوو کە پێشوازی لێنەکرایە و زۆرینەی خەڵک دەنگیان بە جیابوونەوە نەدایە، بەڵام ئەوە روویندا. ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی گۆڕانکاریەکانی عێراق و کوردستاندا. ئەمە پێشهاتێکە کە بۆرژوازی عەرەب وشیعەی سەر بە ئێران و ئەردۆغان هەرگیز بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات. ئەمە ترسێکە لە دڵی هەموو ئەو ستەمکارانەی کە بە بیانووی جیاوازی نەژادی، زمانی، کەلتووری و ئایینی بەشێک لە خەڵک لە ئاستێکی نزمتر و لە پلەدوویدا رادەگرن. ریفراندۆم و دەنگدان بە جیابوونەوە سەرکەوت! بەڵام پرۆسەی جیابوونەوە وەستاوە.

ئەو چەپەی کە پشت بەو دەنگەی خەڵک نابەستێت و دەیەوێت بە پاساوی منداڵانە بیسڕێتەوە، نایەوێ لەو سەرکەوتنەی خەڵکی چەوساوەی کوردستان هاوبەش بێت.

بە ڕای بەشێک لە چەپی کوردستان هیچ شتێک روویندداوە یاخود روویداوە و کۆتایی پێهاتووە و ئێستا هەموو شتێک گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی جاران. تەنانەت دەشڵێن ئەوانەی دەنگیان دا پەشیمانن! ئەمانە لە بیریان چووەتەوە کە بەشێک لە هەمان ئەو بۆرژوازیە، لەوانە یەکێتی نیشتیمانی، گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و ئەوانی تر کە زیاتر لە نیوەی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە، دژی ریفراندۆم بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو بەرهەڵستکارانی ریفراندۆم لە ئەمریکاوە بگرە تاوەکو یەکێتی ئەورووپا، دەوڵەتی ئەردۆغان، کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی عەبادی لە دژی ریفراندۆم وەستانەوە؛ کەچی خەڵکی کوردستان کە ئاگاداری دژایەتی و هەڕەشە دەرەکیەکان بوون، گرنگیان پێنەدا و ملیۆنەها کەس دەنگیان بە جیابوونەوەی کوردستان دا و ئاهەنگی سەرکەوتنی

ریفراندۆمیان گێڕا. هەر تاکێکی سیاسی کە چاو و گوێی خۆی بکاتەوە، دەزانێ خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوە دەنگیان دا، نەک لە بەر خۆشەویستی بارزانی. ئەوان لە گەمارۆ و هەڕەشەکان نەترسان. خەڵک بە ئەزموونی خۆی لەوە تێگەیشتن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداری فیدراڵی نەژادی، ئایینی و عەشیرەتی بەغدادا هیچ ئەگەرێک بۆ باشبوونی هەلومەرجی ژیان و ئاسایش و بەختەوەری نییە. خەڵک لەوە تێگەیشتن، بەڵام چەپ ئامادە نییە ئەم راستیە تێبگات!

شتێکی تر کە روویدا ئەوە بوو کە دەوڵەتی عەبادی بە هاوکاری حەشدی شەعبی و قاسم سۆلەیمانی هێرشیان کردە سەر کوردستان و چەندین ناوچەیان داگیرکرد. عەبادی، قاسم سۆلەیمانی و بەشێک لە یەکێتی نیشتیمانی دەست لە ناو دەستی یەک ویستیان دەنگی خەڵکی کوردستان بکەن بە ژێر زنجیری تانکەکانیانەوە. هیوای ژیانێکی ئازاد بکوژن و ویستی ئەوان بۆ رزگاربوون لە سەروەری سەدامی سەردەم بە شتێکی بچووک نیشان بدەن. ئەمە لەشکەرکێشیەک بوو لە دژی بڕیار و دەنگی جەماوەر. ئەمەش سەدان کوژراو و برینداری لێکەوتەوە و زۆر کەسی دیکەش کەوتنە بەر مەترسی و هەڕەشە. هەزاران خانوو ئاگریان تێبەربوو و وێران بوون. زیاتر لە دە هەزار کەس ئاوارە بوون و هەڵاتن. هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان تاوانێکی زۆر گەورەیە. کوردستانی سەربەخۆ و هاوبەش لە دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق حاشای لێدەکرێت و کوردستان ئێستا هەر وەکو سەردەمی سەدام، وەکو یەکێک لە پارێزگاکانی عێراق ناوی لێدەبرێت. ئەم کارەساتە هەمووی بە هۆی ئەو "تاوانە"وە بوو کە خەڵکی کوردستان ئەنجامیاندا و ئەویش هەمان دەنگدانە بە جیابوونەوە.

بە بۆچونی چەپی ناسیاسی، ئیدیۆلۆژیک و بێگانە بە سیاسەت و کۆمەڵگا، هێشتا هیچ شتێک نەقەوماوە!! ئەو چەپەی کە سەری کردووە بە کۆشی خۆیدا و هەر خەریکی چپەچپ و کاری رۆتینی گروپەکەی خۆیەتی و لە کتێبەکنی ژیژەک و قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە خەریکی وەڵامدانەوە بە مەسەلەی ئەمڕۆی کوردستان دەداتەوە. دەڵین هیچ روونەداوە تاوەکوو بتوانن بە بێ کێشە و دەردەسەری بەردەوام بن لە پرۆپاگەندە و ئاشکراکردن و کۆکردنەوەی چەند کرێکارێک لێرە و لەوێ و هەندێک گەنج لە ژێر ناوی نەوەی نوێ و هتد. یاخود گردبوونەوە رێکبخەن بۆ گفتگۆ کردن لە سەر بابەتی یاسا،

فەلسەفە، ئەدەبیات و شیعر.

دەسەڵاتی فیدراڵی نەژادی، ئایینی و عەشیرەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبادی و قاسم سۆلەیمانی بە لەشکرکێشی بۆ کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لەم ناوچەیە، گەواهییەکی ئاشکرایە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ چاوپۆشی بکەن لە راستی و دروستی ئەو رووداوە و هیواکانی ئەو خەڵکە بسڕنەوە کە بە نیازبوون رێگری بکەن لە دووبارە بوونەوەی مێژوو و کارەساتەکانی سەردەمی سەدام. هەروەها دەیانهەوێ خەونی چەند ملیۆن مرۆڤ بە ئامانجەکانی بارزانیەوە گرێبدەن و بەم شێوەیە لەکەداری بکەن و بیخەنە ژێر پێوە.

بەڵام ئەمڕۆ ئیتر داوای سەربەخۆیی داوایەکی تایبەت بەم گرووپ و ئەو گرووپە یاخود حیزب و کەسانی نارازی نییە، بەڵکوو ویستی ملێۆنەها مرۆڤ و ژن و پیاوی ئەم کۆمەڵگایەیە. ئاڵایەکە کە واپێدەچەت بەربووبێتەوە و کەس نەیەوێ جارێکی دیکە بەرزی بکاتەوە. بە بۆچوونی چەپ، ئەمە ئاڵای بۆرژوازیە کە بەربۆتەوە، نەک دەنگی چەند ملیۆن کەس. بەڵام لە راستیدا، کەس ئەوندە بوێر و بەتوانا نییە تاوەکوو بتوانێت ئەم ئاڵایە هەڵبگرێت. وەک بڵێی تەنیا بارزانی ئەو ئازایەتیەی بووبێ. چەپی کوردستان ناتوانێت لاوازی و بێمتمانە بوون بە خۆی، لە پشت ئەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی ریفراندۆم و خەڵک دەکات، بشارێتەوە. بە سەرکۆنەکردن و زەبوونکردنی جەماوەر و تۆمەتبارکردنیان بەوەی کە لە بەر مووچە دواکەوتووەکەیان دەنگیاندا بە سەربەخۆیی یاخود ئەوەی کە بڵێن ئەمە ویستی خەڵک نەبوو و ئامادەیی ئەمەشیان تێدا نەبوو، یاخود ئەمریکا رازی نەبوو. بە کورتی ئەم قسە بێهوودانە ناتوانێت ببێتە پاساوێک بۆشاردنەوەی ترسی چەپ و ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگا لە هەڵگرتنەوەی ئەم ئاڵایە... ئەم ئاڵایە ئەمڕۆ بێخاوەنە!

سەربەخۆیی و ئازادی!

ئەمڕۆ سەربەخۆیی و ئازادی دوو پرسی بنەڕەتی خەڵکی کوردستانی عێراقە. پرسی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ئازاد و دیموکراتیک دوو بابەت و پرس و سیاسەتی راشکاوانە و گرنگن لە سەر مێزی کۆمەڵگا. هیچیان بە بێ ئەوی تریان نابێ. ئەو چەپە شەرمن و ترسنۆکەی کە باس لە دەسەڵات و سەروەری خەڵک دەکات و جاربە جاریش درووشم

دەدات، ئایا قەت لە خۆی ناپرسێت سەروەری بۆ کام وڵات؟! ئەو دەسەڵاتەی کە بڕیارە جەماوەری کوردستان لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان و میلیشیاکانیان بسەنێتەوە هی کام جوگرافیایە؟ ئایا هی کوردستانە وەکو بەشێک لە حکوومەتی فیدراڵی ئەتنیکی، ئایینی و عەشیرەیی عێراق؟ سەروەری هەرێمی کوردستان؟ یاخود کوردستانی سەربەخۆ؟
وەڵامی ئەم پرسیارە سادە و ئاشکرایە، ئەوەش سەروەری خەڵکی ئازاد لە کوردستانێکی سەربەخۆدا! کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ!
ڕەوتەکانی چەپ بە گشتی یاخود ناڕازیەکانی ناو کۆمەڵگا، چ ئەوانەی ناسیۆنالیستی چەپن یان تەنانەت ڕاستن، وەکوو بارزانی، کە هێشتاش بەدزەیەوە باس لە ڕەوابوونی دەنگی خەڵک دەکەن، لەبەرئەوەی بە کردەوە پشتیان کردە دەنگی خەڵک، هیچ ڕاستی و ڕەوایەتیەکیان نییە. ئەمانە متمانەی خەڵک لە دەست دەدەن. خەڵکی کوردستان قەت لەو کەسانە خۆش نابن کە بە دەنگی ئەوان پێدەکەنن، وەک بڵێی وەکوومێگەڵ بە دوای بارزانی کەوتن و مافی خۆشیانە چیتر ئەوان بە نوێنەری خەونە مێژووییەکەیان نەزانن کە ئێستا کەوتوتە ژێرپۆستاڵەکانی بەعسیەکان، مالیکی، عەبادی و حەشدی شەعبی کە ئەمڕۆ لە کەرکووک، خانقین، دووزخۆرماتوو و شنگال. ئەو کەسانەی دەیانەوێ بە پاساوی نابەجێ دەنگی خەڵک پشتگوێ بخەن و گاڵتەی پێبکەن، لە بەرانبەر خەڵکی لێقەوماوی ناوچە داگیرکراوەکان بێدەنگیان هەڵبژاردووە و بێهەڵوێستن. خەڵکی ئەم ناوچانە ئەمەیان لێ قەبووڵ ناکەن و لێیان خۆش نابن! داوای کوردستانێکی ئازاد، سەربەخۆ و بە بێ عەبادی وحەشدی شەعبی و حیزبە میلیشییەکانی کورد، ویستێکی ڕەوا، دیاردەیەکی جیانەکراوە لە خەڵکی کوردستان و وەڵام و چارەسەرێکی مرۆڤانە و بێ مشتومڕە.

ڕیفۆرمیزمی بێبنەما و خۆفریودان، نامۆیی و بێدەربەستی بەرامبەر سیاسەت

بە گشتی بەشێک لە چەپ و هەمان ئەو کەسانەی کە خۆیان بە چالاکی مەدەنی، گرووپی لاوان، ئەنجومەنی کرێکاران و ئەڵقەی ڕووناکبیران دەزانن و ئەو کەسانەی کە وادیارە ناڕازین، بەرامبەر سیاسەت نامۆ و بێدەربەستن. ئەوان دەڵێن ئێستا کێشەی خەڵک موچەیە، هەر کەسێک مووچەکە بداتەوە، خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت! ئەمانە نایانەوێت لەوە تێبگەن کاتێک کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دەیانزانی کە چیتر لە لایەن حکومەتی عێراقەوە موچەیان پێ نادرێت. دەیانزانی ئەگەری ئەوە هەیە

بەرهەڵستکارانی دەرەکی و ناوەکی تووشی کێشەیان بکەن. کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە، خەڵکی کوردستان دەنگیان بە نەشتەرگەری دا لەجیاتی مانەوە بەدیار سیاسەتی چاوەڕوانی و دەرمانی ئازارشکێن لەلایەن بەشێک لە بۆرژوازی و یاخود ئەو چەپەی کە هێشتا پێی وایە بارزانی خاوەنی ریفراندۆمە. ئەوانەی خیانەتیان لە ریفراندۆم و دەنگی خەڵک کرد و بەشێک لە ناوچەکانی کوردستانیان دایە دەست حەشدی شەعبی و هێزە سەربازیەکانی عەبادی، ئاگریان لە ماڵی خەڵک بەردا و ئاوارەیان کردن، دەستیان کرد بە کوشتنی ''کورد'' و ''سوننە''، سووکایەتیان بەرامبەر خەڵک کرد و گاڵتەیان بە دەنگیان کرد...ئەوانیش پێیان وایە عەبادی باشتر لە بارزانی مووچەی خەڵک دەدات. یان گووتیان لۆریەکانی پارەهەڵگری قاسم سۆلەیمانی بەڕێوەیە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەم قسە درۆ و بێشەرمانە و فریوکارانەیە، خەڵکی کوردستان لە سەر تەرمی پرۆسەی سەربەخۆیی شینیان گرت و گریان. مافیان پێشێلکرا و ناچاربوون تووڕەیی و نەفرەتی خۆیان قووت بدەن و بێدەنگ بن. ئێستا ئەو ڕەوتە لە چەپ و ناڕازیان دەبێ لە خۆیان بپرسن کە ئەو موچەیە لە کێ داوا دەکەن؟ لە حیزبە شکستخواردووە بێچارە و داماوەکانی ناسیونالیستی کورد؟ ئایا لە بارزانی داوای دەکەن کە بە تاوانی دانپێدانانی ریفراندۆم گەمارۆ دراوە؟ لە عەبادی؟ لە قاسم سۆلەیمانی؟... لە کێ داوای دەکەن؟ دەڵێن بە نیازین ئەنجومەنی داواکاری کارەبا و ئەنجوومەنەکانی تایبەت بە مامۆستایان، کارمەندان و هەژاران ڕێکبخەین و ناویشی لێ دەنێن ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا لە خوارەوە!! ئەمانە سی ساڵ لە مێژوو دواکەووتوونەتەوە. ئەمانە ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکیان لە بیرچووتەوە، کە بە تایبەت لە چەند ساڵی رابردوو بۆ مووچەی دواکەوتوو، ئاو و کارەبا و خۆشگوزەرانی و کەرامەتی مرۆڤ و ژن بەڕیوەچوون. ئەوانە هێشتاش داواکاریەکانی خۆیان ئاڕاستەی ئەو حیزبە کوردیانە دەکەن کە شکستیان خواردووە و پەرتەوازە بوون و خەڵکیش لە چاوەروانی چاکبوونەوەی دۆخی ئاو و کارەبا و مووچەدا رادەگرن. ئەوانە لە پێشدا خۆیان و دواییش جەماوەر فریو دەدەن.

لە وڵاتێک کە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە داوای چاکسازی و خۆشگۆزەرانی و باشتربوونی دۆخی ژیان شتێکی بێهودەیە.عەبادی لە بودجەی ساڵی داهاتووی عێراق بەشە پارەیەکی بۆ چەند پارێزگای کوردستان (نەک هەرێمی کوردستان) تەرخان کردووە. ئایا

موزەفەری موحەمەدی

ئەمانە چاوەڕێی هاتنی ئەم بەشە پارەیەن بۆ کوردستان؟ لۆریەکانی حاجی قاسمیش هەر نەگەیشتن. کەواتە، کام چاکسازی و کام باشتربوون و بە راستی ئەوانە ئەم شتانە لە کێ داوا دەکەن؟

دەڵێن خەڵک داوای ئاو و کارەبا و مووچە بکەن و ئەگەر نەیاندا رادەپەڕن! ئەمەش خەون و خەیاڵی ئەو رووناکبیرانەیە کە بە شەو ژێژک و مەکتەبی فرانکفۆرت دەخوێننەوە و رۆژی دواتر کۆنفرانسی ماف و فەلسەفە بەڕێوەدەبەن و تەنها شتێک کە لە ڕێکخستنی دەیزانن کۆکردنەوەی یەک بە یەکی چەند ناڕازیەک لێرە و لەوێیە بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانیان و ناویشی لێدەنێن ڕێکخستنی جەماوەر لە خوارەوە. بەداخەوە هیچ لە سیاسەت تێنەگەشتوون. ئەمە نامۆیی و بێدەربەستیە بەرامبەر بە سیاسەت، نەخۆشیەکە کە وەک خۆرە داویەتە ناخی چەپ و چالاکانی مافە مەدەنییەکان و خەڵکی ناڕازی دەخوات. ئەمە دەردێکی بێ دەرمانە.

لە کوردستان سیاسەت لە پێش نانەوەیە!

کەسێک کە تێنەگات ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە وەڵامێکی سیاسیە، ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی دەوێت، دیاریکردنی بەڕێوەبردنی مەدەنی و مرۆڤانەی کۆمەڵگای دەوێت، پێویستی بە یاسایە، دەیەوێت لە سەروەری فیدراڵی نەژادی، ئایینی و عەشیرەتی ستەمکارانەی بەغدا رزگاری بێت و بگاتە سەربەخۆیی، دەیەوێت دەستی قاسم سولەیمانی و حەشد شەعبی کورت بکاتەوە، مانای وایە لە دانەوەی وەڵامێکی تایبەت بە دۆخی ئەمڕۆ تێنەگەیشتووە! بە بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و دۆزینەوەی وەڵامێکی شیاو بۆ پێداویستییەکانی ئەمڕۆ، نان، خۆشگوزەرانی و ئازادی بوونی نابێت. تەنها بە وەڵامدانەوەی ئەم کێشانەیە کە دەتوانریت ئازادی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا دابین بکرێت!

کوردستان پێویستی بە وەڵامێکی سیاسیە. دەسەڵاتی حیزبە میلیشیاییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ناوێت، کوێخای ناوێت بەسەر سەریەوە بێت، پێویستی بە دز و بازرگان و قاچاقچی نییە تاوەکو جارێکی تر پەرلەمان و دەوڵەتی بۆ دروست بکات، بەڵکو دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگادا دەوێت. ئەو کەسانەی پێیان وایە خەڵک ئەوانەی ناوێت، یان لەو شتانە تێنەگەشتووە یان لە جەماوەر و کۆمەڵگا دواکەوتووە.

چەپ لەکوردستان ونامۆبوونی بەسیاسەت

کەسێک هەیە کە نەک تەنیا لەوە تێبگات، بەڵکو بە چاوی خۆی ببینێت و بە گوێی خۆی گوێبیستی کە ئەم خەڵکەی بە ڕووکەش زەلیلی دەستی مووچەیە، دەڵێن چی؟ ئەوان دەڵێن چیتر متمانەمان بەم حیزبانە نەماوە. دەبێ ئیتر بڕۆن. دەڵێن متمانەمان بە عەبادی نییە و ئەو دەبێ لە ناوچە داگیرکراوەکان دەربچێت و گروپی بەهەڵستکاری ناوخۆ درووست دەکەن. دەڵێن عەبادی جارێکی تر شەڕی خستۆتەوە نێوان ''کورد'' و ''عەرەب'' و شەڕی نەژادی و سوننە و شیعەی لە کەرکووک و خانەقین و دوزخرماتوو و شنگاڵ بەڕێکخستووە و ڕق و کینەی قەومی و مەزهەبی بڵاودەکاتەوە. بە رۆژ جلی حەشدی شەعبی دادەکەنن و بە ناوی پۆلیسی فیدراڵەوە دەیفرۆشن بە خەڵک و بە شەو جلە ئەسڵیەکەی خۆیان لە بەر دەکەنەوە و دەمامک دەبەستن و دەکەونە ڕاوکردنی ژنانی ''کوردزمان''، ''سوننە''، ''کاکەیی'' و ''ئێزدیەکان''.

خەڵک باسی ئەو شتانە دەکەن، کەچی لە وەڵامدا پێیان دەڵێی ئەنجوومەنی داواکاری کارەبا درووست بکەن! گەنجان لە ناو کۆبوونەوە ڕۆشنبیری و فەلسەفیەکانەوە پەروەردە دەکەیت! ئەی چارەنووسی ئەو گەنجانەی کە لە کەرکووک، دوزخورماتوو و شەنگاڵ دەیانەوێ بە شەڕی چەکداری داگیرکەران لە شارەکانیان دەربکەن و دەستیان ناگاتە کۆبوونەوەکان و مەکتەبە فیکریەکانی ئێوە، چارەنووسیان چی دەبێ؟!

کوردستان پێویستی بە وەڵامێکی سیاسیە. ئەڵتەرناتیڤی سیاسی دەوێت. ئاسۆ، ستیراتیژی و سیاسەتێکی روونی دەوێت. کوردستان پێویستی بە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و هاوکات تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی هەیە. بە بێ ئەڵتەرناتیڤ و ئاسۆ و سیاسەتی راشکاوانە، نە کارەبا دابین دەکرێت، نە نان و ئاسایش و رێزگرتن لە ژن و گەنجیش بەدی دێت. بێدەنگی و پشتگوێخستنی ئەم سیاسەتە یاخود باس لێکردنی بە شێوەیەکی شەرمنانە و ترسنۆکانە و دەست بە کارنەبوون و خۆدوورگرتن لە رێکخستنی کۆمەڵگا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، واتە سەرقاڵکردنی خەڵک بە شتی بێهوودەوە. کەسێک بەڵێنی کارەبا، ئاو و خۆشگوزەرانی لەو کۆمەڵگا لەبەریەک هەڵوەشاوەدا دەدات، دەبێ بزانێ ئەگەر مووچەیش بدرێت دیسان هەر لە رێگەی ئەو حیزبانە و عەبادیەوە دەدرێت، ئیتر خەڵک چ پێویستی بە ئێوەیە؟ خەڵک دەتوانێت دیسان بۆ چەند مانگێک یان چەند ساڵێک دان بنێ بە جەرگی خۆیدا تاکو مووچەی یەک یان دوو

موزەفەری موحەمەدی

مانگی پێبدرێت... یاخود بەشێکیان رادەکەن و کوردستان بەجێ دێڵن. جا بۆ هەڵنەیەن؟ خۆ ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی نییە. ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردستان بێخاوەنترین کۆمەڵگایە لە سەر ئاستی جیهان. تەنانەت لە هەموو عێراقیش دۆخی خراپترە. لە عێراق حەشدی شەعبی هێشتاش مووچەکەی لە قاسم سوڵەیمانی وەردەگرێت. کرێکارێک لە بەسرە هێشتاش بایی خەرجییەکانی رۆژانە پارەی پێدەدرێت. هێشتاش عەبادی و دەوڵەت و پەرلەمانەکەی خۆیان بە خاوەنی کۆمەڵگا دەزانن. بەڵام کوردستان چۆن رۆژگار بەسەردەبات؟ لە کوردستان کۆمەڵگا پشتگوێخراوە و دەستی لێهەڵگیراوە. وەکو جەنازەیەک کەوتووە و کەس نییە بەرزی بکاتەوە. کەس نییە دڵنەوایی خەڵکی کوردستان بکات کە خاوەنی ئەم کۆمەڵگایەن و هیوایان پێببەخشێتەوە. کەس نییە هەستی بڕوابەخۆبوونیان پێبدات و وورەیان بەرزبکاتەوە. ئەمە حاڵی کوردستانە!

کۆمەڵگای نەخۆشی کوردستان پێویستی بە نەشتەگەریەکی تەواوە. پێویستی بە ڕابەر و چالاکی راستەقینە و دڵسۆز و مرۆڤدۆستە، کەسانێک کە هیوای کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ و ئازاد دەڕوێنن. ڕابەران و پێشڕەوانێک کە قۆڵی لێهەڵدەماڵن و دەبنە خاوەنی راستەقینەی کۆمەڵگا. ئەم کۆمەڵگایە ئامادەیە بۆ گۆڕانێکی بنچینەیی. ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی ترزەمینەی دەخاڵەتی خەڵک لە چارەنووسی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هەیە. تەنها پێویستی بە ڕابەرانێک و پێشڕەوانێکی راستەقینە هەیە کە بە کەمتر لە سەربەخۆیی و ئازادی رازی نەبن. ئەو کەسانەی ئەمەیان پێ زیادەڕۆیی و نادروستە هیچ لەو دۆخە تێنەگەیشتوون، یاخود ناوێرن کاری گەورە بکەن. ئازایەتی و بوێری تاڵەبانی، بارزانی، زەرقاوی، ئەبووبەکر بەغدادی و عەبادیان نییە. ئەم جۆرە فریادڕەسانە خۆیان پێویستیان بە فریادڕەسە. ئەمە دەردی ئەمڕۆی ئەوانەیە کە تەنها بە قسە چەپ و دیموکرات و ئازادیخوازن لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

لە سەرەتاوە باسم کرد و دیسانەوە دووپاتی دەکەمەوە کە لە کۆمەڵگا لەبەریەکهەڵوەشاوەکەی کوردستاندا هیچ حیزبێکی هەتا بە قسە کۆمۆنیست، رادیکاڵ، گرووپ، ئەنجوومەن، کۆمەڵی کرێکاران، گەنجانی ڕۆشنبیر و هیچ تاکێکی رەخنەگر و ناڕازی کە راستیەکانیش دەخاتەڕوو، بە تەنیا بەختی ئەوەی نییە دەخاڵە بکات لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگادا. تێگەیشتن لەو راستییە شتێکی زەحمەت نییە. تەنها

چەپ لەکوردستان ونامۆبوونی بەسیاسەت

پێویستە بەدووربین لە خۆفریودان! هەر ئەوەندە بەسە وازبێنین لە کاری ووردەواڵە و بێسوودی خۆپەرەستانە و لە خۆڕازیبوونی منداڵانە. ئەمڕۆ رۆژی یەکێتیە، دەبێ دەست لە ناو دەست بین. ئەمڕۆ رۆژی شەڕی ئایدیۆلۆژی دەستە و تاقمەکان نییە. ئەمە کارێکی بێهوودەیە. ئەمڕۆ رۆژێک نییە کە لە ناو کتێبەکاندا بە دوای رێگەچارە و وەڵام بۆ کێشەکاندا بگەڕێین. وەڵامەکە لە ناو هیچ کتێبێکدا نییە. ئەمڕۆ مارکسیستەکان، کۆمۆنیستەکان، داکۆکیکارانی خەباتی چینایەتی،عەلمانیەکان، داکۆکیکارانی جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە، داکۆکیکارانی یەکسانی ژن و پیاو، خوازیارانی خۆشگۆزەرانی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ، داکۆکیکارانی مافی منداڵ، داکۆکیکارانی مرۆڤایەتی و شارستانیەت هەموویان لە ناو یەک کەشتیدان. هەنگاوی یەکەم رزگارکردنی ئەم کەشتییەیە و بردنیەتی بەرەو رێبازی ئازادی و سەربەخۆیی. بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی یەکەم هەنگاو رزگاربوونە لەو سیناریۆیەی چنگی بە سەر کۆمەڵگادا گرتووە. ئەوانەش کە زیاتر کتێبیان خوێندووە و زۆر مارکسیست و کرێکاری و ئازادیخوازن، تەنیا لە رێگەی ئەم پرۆسەیەوە و بە جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە مرۆڤانە شەرافەتمەندانەیە دەرفەتی چوونەپێشەوە بەرەو ئامانجە سەرەکیەکانی خۆیان و ئازادی و یەکسانی تەواوی مرۆڤیان هەیە. ئاسۆ و سیاسەتی درووستکردنی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، سیاسەتێکە کە زیاتر لە هەمووان کرێکار، کارمەند، مامۆستا، پەرەستار، گەنجی بێکار، ژنی چەوساوە و مرۆڤی بێشکۆکراو سوودی لێدەبینن. ئەو کەسەی لەوە تێنەگات، نە مارکسیستە و نە ئازادیخواز. هەندێک جار وا بیردەکەمەوە کە سەیری ئەم کۆمەڵگایە دەکەیت، قەناعەت هێنان بە مرۆڤێکی دیموکرات، لیبراڵ و تەنانەت ناسیۆنالیست و تا رادەیەکیش ئایینی بۆ درووستکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سەربەخۆ زۆر ئاسانترە. ئەم ئاسۆ، سیاسەت و رێگەچارەیە بۆ جەماوەری خەڵک زۆر راستەقینەتر و سەرڕاستترە تاوەکوو بەشێک لە چەپ و ئەوانەی خۆیان بە داکۆکیکاری خەباتی چینایەتی و هەواداری فەلسەفەی نوێ دەزانن!

ئایا ئەم شتانە مانای ئەوە دەگەینێ کە دەبێت بە تەواوەتی وازلە چەپ بهێنرێت و رووبکرێتە ئەو کەسانەی کە هەرچەندە نەخوێندەوارن یاخۆود ئاستی خوێندەواریان لە خوارەوەیە و بە جلی دڕاوەوە دەڵێن وەرن با دەستی ئەم تاڵانچیانە لە سامانەکانی

موزەفەری موحەمەدی

کۆمەڵگاکەمان کورتبکەینەوە؟ ئەوانەی کە دەڵێن وەرن با ڕێگە نەدەین سەدامیەکانی سەردەم جارێکی تر بگەڕێنەوە و کۆمەڵکوژمان بکەن وجارێکی تر سیاسەتی تەعریب بە سەرماندا جێبەجێ بکەن و بسەپێنن. وەرن با کۆتایی بێنین بەم جەنگەڵستانی قەومی، ئایینی وعەشیرەییەی پێی دەگوترێت عێراقی فیدراڵ، کوردستانی فیدراڵ، حکوومەتی هەرێم و هتد...!؟ بە دڵنیاییەوە دەبێت رووبکەینە ئەو بەشە بەرفراوانەی کۆمەڵگاش. ئەگەر چەپیش هەرلەو کارە ووردەوالانەی ئێستا خەریکیەتی و پێشی رازیە بەردەوام بێت، کۆمەڵگا خۆی لێ دووردەکەوێتەوە. بە قولی باوەڕم بەوەیە کە ئەمە دوا دەرفەتی چەپە پەیامی مێژوویی خۆی بە ئەنجام بگەیەنەت. هەزاران و دەیان هەزار مرۆڤی ناڕازی، بێزار و ژنی چەوساوەی ئەم کۆمەڵگایە رزگاربکات لە سیناریۆی ناشیرینی جەنگەڵستانێک کە بە ناوی عێراقی فیدراڵ، کوردستانی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم و داگیرکاری حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی و عەبادی کە هەمان درێژەی دەسەڵاتی سەدام حسینە سازکراوە. جەماوەری فراوانی وەتەنگهاتوو بەرەوە سەرکەوتن ڕێنوێنی بکات.

خەڵکی ئاسایی سەر شاقام دەزانن چارەنووسێکی رەشتر بەرێوەیە و باوەر و هیوایان بە هیچ یەک لە دوژمنەکانی دەرەوە و ناوخۆ نەماوە. دەبێت ئەم خەڵکە بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان کۆبکرێنەوە و خەڵک لە گەڕەکەکان، کارگەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، هەروەها ژنان و گەنجان و هەموو سووچێکی ئەم کۆمەڵگایەدا دەبێ یەکگرتوو و ڕێکخراو بکرێن. ئەمەش بە ئاسۆ و سیاسەتێکی روون و راشکاوانە و بە بێ پاساو هێنانەوە دەکرێت. ئەگینا تەنها بە دابینکردنی کارەبا بۆ یەک گەڕەک و دوو گەڕەک یاخود کاری تری بچووکی لەم شێوەیە ئەنجام نادرێت. هەموومان دەزانین ئەمە سی ساڵە کێشەی کارەبا چارەسەرنەکراوە. نابێت خەڵکی کوردستان بە هەموو چینەکانیەوە، لە کرێکارەوە بگرە تا وەکو مامۆستا، گەنج، ژن و کارمەند، بە کەمتر لە ئازادی و سەربەخۆیی رازی بن.

ئازادی و سەربەخۆیی شتێک نین لە کەسێک داوابکرێن. دەبێ خەڵک خۆی بۆ بەدیهێنانی بێنە مەیدان، یەکبگرن و خۆیان ڕێکبخەن. ئازادی و شکۆ و یاسا و خۆشگوزەرانی، کارەبا، مووچە و ژیانی مرۆڤانە هەمووی گرێدراوە بە بەدیهاتنی ئەم ئامانجەوە. ئەو کەسەی چاوی بەرامبەر ئەم راستیە ئاشکرایە داخستووە، خۆی کوێرێکە کە پێویستی بە رێنماییە...

چەپ لەکوردستان ونامۆبوونی بەسیاسەت

دەبێ بە چاوێکی کراوە، ئیرادە و بڕیارێکی یەک لاییکەرەوە و باوەڕهێنان بەوەی کە چارەسەری دۆخی ئێستای کوردستان سیاسیە هەنگاو بنێن. ئەم هەلومەرجە پێویستی بە وەڵامێکی سیاسیە. چارەسەری سیاسی دەوێت و ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیشی دەوێ. ئەمە وەڵام و ڕێگەچارەی ڕزگارکردنی کۆمەڵگایە و هیچ چارەیەکی تریشی نییە. خۆفریودان، کاری ووردەواڵە، ڕۆتین و هێمنانە، پسکەپسک و بۆڵەبۆڵکردن لە پەراوێزی کۆمەڵگا وەڵام نییە. ئەمانە تەنها کات کوشتنە و لە دەستدانی دەرفەتەکان و مانەوە لە پەراوێزی بۆرژوازی ناسیۆنالیستی شکستخواردایە کە ئێستا پەرتەوازەبووە و هیچ چارەیەکی بۆ نەماوە!

<u>بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ژمارەیەک لە ڕابەرو پێشرەو هەیە کە چاوپۆشی لەو ڕاستیانە نەکەن</u>. ئەو کەسانەی کە بە کەمتەرخەمی و بۆڵەبۆڵکردن و درووشمدان یاخود بەو خەیاڵە ڕۆشەنبیرانەیەی کە وا خەریکن زۆر بە باشی کاردەکەن و دەبنە پەردی پێوەندی نێوان کرێکارانی کوردستان و بەسرە و ئەورووپا، قەت لە توانایاندا نییە ئەم ئەرکە مێژوویی و مرۆڤانەیە جێبەجێ بکەن. ئەمانە نەک تەنیا کۆمەڵگایان پێ ڕزگارناکرێت، بەڵکو خۆشیان لەو زەلکاوەدا نوقم دەبن.

<u>بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بە ئاسۆ و ئاڵای ئازادی و سەبەخۆیی کوردستان و ڕابەریکردن و ڕێنوێنکردنی دەبێ یەکبگرین. هەرجۆرە بێدەربەستیەک بەرامبەر بەم سیاسەتە دانی حوکمی مەرگی خۆیە</u>.

ئێترئەمە دەرفەتێکە و گۆڕەپانەکەش کراوەیە. هەموو کۆمۆنیست و چەپەکان، ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستان، یەکسانیخوازان و ناڕازیانی ئەم بارودۆخە و ئەوانەی خوازیاری ڕزگاربوون لە دەسەڵاتداری فیدڕاڵی قەومی و حکوومەتی بە ناوی هەرێمن، دەتوانن لەو گۆڕەپانەدا دەور ببینن. دەتوانن بەیەکەوە و دەست لە ناو دەستی یەکتر و وەک جەستەیەکی یەکگرتوو بێنەمەیدان و دەرفەتی پێشکەوتن و سەرکەوتن لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان نەگرن!

دیسێمبەری ٢٠١٧

موحسین کەریم

لێکەوتەکانی سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی لەسەر قوڵکردنەوەی هەژاری لە کوردستان!

" چاوپیاخشاندنێکی کورت بەسەرکارکرد و ئاکامەکانی لەئاستی جیهانی و کوردستاندا"

<u>پێشەکیەکی کورت:</u>

ئەم نوسراوەی بەردەستتان لەسەر داوای هاورێ هیوا عومەر لەسەرکردایەتی "حزبی شیوعی کوردستان" نوسراوە . بڕیاربوو لە کۆنفرانسێک دا لەمانگی کانونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ٢٠١٧دا لە گەرمیان پێشکەش بکرێ. بەڵام بەهۆی هەڵوەشانەوەی بەرنامەی کۆنفرانسەکە، ئیتر من بەمافی خۆم زانی کە لەجێگایەکی دیکەدا بڵاوی بکەمەوە. ئەوەبوو لەگەڵ هاورێ هیوادا قسەم کرد و ئەویش ڕەزامەندی نیشان دا. منیش بڕیارم دا کە لەژمارەی(٨) دیدگای سۆشیالیستی دا بڵاوی بکەمەوە.

دواکەوتنی بڵاوبونەوەی بابەتەکە ئەو فرسەتەی پێبەخشیم کە هەندێ دەسکاری لە بەشی کۆتایی دا، ئەوەی تایبەتە بە بارودۆخی کوردستانەوە، ئەنجام بدەم. هیوادارم کە نوسراوەکە جێگای ڕەزامەندی خوێنەرانی "دیدگای سۆشیالیستی" بێت.

لێکەوتەکانی سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی ...

ئەو بارودۆخە سەختە ئابوریەی ئەمڕۆ روبەرووی چینی کرێکارو توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆتەوە، هۆکارەکەی نەبوونی پارە و سامان نییە، یان قەیرانی دارایی نییە، وەکو بەرپرسانی حکومەت و ئابوریناسەکانی بۆرژوازی کورد باسی دەکەن. ئەو بانگەشەیە درۆیەکی ئاشکرایەو ئامانجەکەی خۆڵکردنە چاوی جەماوەری چەوساوەو برسیکراوی کوردستانە. ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێت ئاکامی قەیرانێکی ئابوریە کە روبەرووی سیستەمی سەرمایەداری لە کوردستان بوەتەوە. بۆرژوازی کوردو دەسەڵاتەکەی وەکو هەموو دەسەڵاتە بۆرژواییەکانی دنیا، هەوڵ دەدەن باری سەختی ئەو قەیرانە ئابوریە بەسەر شانی کرێکارو زەحمەتکێش و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا بشکێننەوە. هەژاری و برسیکردن و هەژارکردنی زیاتری جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لەلایەک و پڕکردنی گیرفانی سەرمایەدار و بۆرژواکان لەلایەکی دیکەوە، کارنامەی چینایەتی حکومەتی هەرێمە.

هەژاری خەسڵەتێکی دانەبڕاوی سیستەمی سەرمایەداری:

هەژاربوونی بەردەوامی چینی کرێکارو توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا یەکێکە لە تایبەتمەندیە زاتیەکانی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و دەسەڵاتی سەرمایە. بەو رادەیەی سامانی سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی لەهەر کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا زیاد دەکات، بەو ئەندازەیە بەشی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لە داهاتی گشتی کەم دەکات. بەو پێیەش زیاتر هەژار دەبن. مارکس لەوبارەیەوە دەڵێت:" لە کۆتاییدا ئەوە یاسایە کە هەمیشە زیادەی رێژەی دانیشتوان (الفائض النسبي للسكان- The relative surplus population)، یان سوپای زەخیرەی پیشەسازی، لەگەڵ رادەو توانای کەڵەکەبوون هاوسەنگ دەکاتەوە. ئەم یاسایە بەهێزتر لە ڤۆڵکان کە پرۆمیسۆسی بەبەردەکەوە بەستەوە، کرێکار بە سەرمایەوە دەبەستێتەوە*. لەبەرامبەر کەڵەکەی سەرمایەدا هەژاری کەڵەکە دەکات. بەمجۆرە، کەڵەکەبوونی سامان لە جەمسەرێکدا، لەهەمان کاتدا بریتیە لە کەڵەکە بوونی هەژاری، ژانی کۆیلایەتی، نەزانی، دڕندەیی و تێکچوونی باری دەرونی لە جەمسەرەکەی دیکەدا؛ واتە لای ئەو چینەی کە بەرهەمە تایبەتەکەی لە فۆرمی سەرمایەدا بەرهەم دەهێنێ".<u>*(کارل مارکس، سەرمایە، جەلدی یەکەم: شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری).*</u>

هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆمەڵگای کوردستان بەشێکە لە هەمان سیستەمی سەرمایەداری کە لەئاستی جیهانیدا زاڵە. یاسا ئابوریەکانی سەرمایە لێرەش کاری خۆی دەکات و دەسەڵات و حکومەتی هەرێمیش نوێنەرانی سیاسی بۆرژوازی و سەرمایەن لەم

جوگرافیایەدا. لەکوردستانیش سامانی کۆمەڵگا لەدەستی چەند سەرمایەدارێکی بەرپرسی حزبە دەسەڵاتدارەکان و هاوچینە ملیۆن وملیاردێرەکانیان لە چینی بۆرژوازی کورد، لە شێوەی ڤێلا، باڵەخانە، ئوتێل، بازاڕ، مۆڵ، باخ و خانوە گەشتیاریەکان، ریزە شوقە، ئۆتۆمبیلی گران بەها، خەستەخانە تایبەتیەکان، کۆمپانیا بازرگانیەکانی خۆراک و داوودەرمان، بیر و پاڵاوتگەی نەوتدا کۆبۆتەوە. بێ مووچەیی، بێخانەلانەیی و کرێچێتی، هەژاری و برسێتی لای کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان کۆبوەتەوە! بۆیە بوونی هەژاری لە کوردستان و بەرەوسەرچوونی ریژەی هەژاری نەک ئاکامی سیاسەتی ئابوریی هەڵەو نەزانینی حکومەتی هەرێم و بەرپرسەکانی نییە، بەڵکو زادەی خودی سیستەمێکی ئابوری-کۆمەڵایەتیە کە ئیستا لە کوردستاندا لەئارادایە. توندکردنەوەی فشارەکان بۆسەر چینی کرێکارو جەماوەری کەمدەرامەت و زەحمەتکێشی کوردستان و سەپاندنی هەژاری و برسێتی بەسەریاندا بە قازانجی دەست ئاوەڵاکردنی سەرمایەو لەنێوبردنی لەمپەرەکانی بەردەم توانای قازانج بەدەستهێنانی(profitability) سەرمایە، خۆدزینەوە لەهەرچی خزمەتگوزاریەکی گشتی و کۆمەڵایەتی و شارستانیە، سیاسەتی راگەیەنراوی حکومەتی هەرێمە کە بە خێراییەکی بێوێنە خەریکی جێبەجێکردنی ئامۆژگاریەکانی سیاسەتە نیولیبراڵیەکانی بانکی دراوی نێودەوڵەتیە لە پەیوەند بە تێپەڕاندنی قەیرانی ئابوری و کەمهێنانی بودجەی حکومەت و سوککردنی باری سەرشانی حکومەت لە پەیوەند بە بەرپرسیارێتیەکانی بەرامبەر بە هاوڵاتیان. دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، وەکو نوێنەرانی سیاسی بۆرژوازی کوردو پاریزەری دەسەڵاتی سەرمایە لەکوردستان، بەرپرسیارێتی ئەم دۆخەیان دەکەوێتە ئەستۆ. هەر لەوێشەوە دەبێ بکەونە بەر رەخنەی سۆشیالیستی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشی کوردستان. ئەگەر دەمانەوێ شەڕی دژی هەژاری بکەین، دەبێ شەڕی سیستەمی سیاسی-کۆمەڵایەتی- ئابوری کوردستان بکەین.

لیبراڵیزمی کلاسیک و نیولیبراڵیزم:

بۆئەوەی تێگەیشتنێکی دروستمان لەسەر لیبراڵیزمی نوێ هەبێ، پێویست دەکات کەمێک بگەڕێیینەوە بۆ دواوە، بۆ خودی لیبراڵیزمی کلاسیک، کە بنەما تیۆریەکان و فەلسەفەی ئابوری بۆرژوازی پێک دەهێنێ، تا ئەوە روون بێتەوە کە لەرووی بنەما ئابوری و بگرە ئایدیلۆژیەکانەوە، لیبراڵیزمی نوێ لەگەڵ لیبراڵیزمی کلاسیک دا جیاوازیەکی ئەوتۆی نییەو بگرە دەچێتەوە سەر هەمان سەرچاوە. بۆ ئەو مەبەستەش گوزەرێک بەناو بەشێک لە بۆچوونەکانی ئادەم سمیث و ریکاردۆ دەکەین کە دوو ئابورناسی بۆرژوازین و بنچینەی ئابوری سیاسی سەرمایەدارییان داڕشتووە. زۆربەی ئابورناسە بۆرژوازیەکانی دوای

ئەوان لەسەر هەمان ڕێبازو درێژەپێدەری قوتابخانەی ئەوان بوون.
ئەو بۆچوون و ئایدیایانەی لەلایەن ئادەم سمیثەوە خرانەڕوو، بوونە بنەمای قوتابخانە ئابوریە کلاسیکیەکان و لە مێژوودا پلەی وپایەی"باوکی سەرمایەداری" یان پێبەخشی. فکرە پێشرەوەکانی سمیث وەکو دەستی شاراوە و دابەشبوونی کار ئێستا خزمەت بە تیۆریە ئابوریە بنەڕەتیەکان دەکەن.
ئادەم سمیث لە کتێبی (سامانی وولاتەکان –The Wealth of Nations) کە گرنگترین بەرهەمی نوسراویەتی، فکرەی دەستی شاراوە – واتە ئەو مەیلەی بازاڕی ئازاد بۆ خۆرێکخستن و خۆسازدانەوە لەڕێگای کێبرکێ (منافسە)، خستنەڕوو و داواکاری(عرض و طلب) و بەرژەوەندی شەخسیەوە(Self interest)، دەخاتەڕوو. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەی کە یاساکانی ئابوری ڕێک دەخات بازاڕە کە لەڕێگای؛ یەکەم کێبرکێ و دووەم خستنەڕوو و داواکاریەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات و نابێ دەزگا تەشریعیەکان دەست بخەنە کاروباری ئابوری و بازاڕەوە، دەبێ ئابوری بەتەواوی ئازاد بێت لە دەستێوەردانی دەوڵەت و دامەزاروە یاساییەکان.
ئادەم سمیث لەهەمان کتێبدا باسی دابەشبوونی کار(The division of Labour) دەکات و وەکو چەمکێکی گرنگی ئابوری و پرۆسەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری باسی دەکات. ناوبراو ئەم فکرەیەی خۆی بەوجۆرە روون دەکاتەوە: "لەسایەی خێروسەدەقەی گۆشتفرۆش، دروستکەرانی بیرە، یان نانەواوە نییە کە دەتوانین ژەمی ئێوارەمان دابین بکەین ، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئەوان بەرژەوەندییان لەو کارەدایە.... لەڕێگای فرۆشتنی ئەو بەرهەمەوە کە خەڵک دەیانەوێ بیکڕن، گۆشتفرۆش، دروستکەری بیرە، و نانەوا دەیانەوێ پارە پەیدا بکەن. ئەگەر ئەوان چالاکن لەوەی وەڵام بە پێداویستیەکانی موشتەریەکان بدەنەوە ، ئەوە دواتر لەزەت لەو پاداشتە داراییە دەبینن کە وەریدەگرن. کاتێک ئەوان سەرقاڵی کارکردنن لە پرۆژەکانیاندا بۆئەوەی پارەیان دەست بکەوێ، لەوکاتەدا ئەو بەرهەمانە دروست دەکەن کە خەڵک پێویستی پێیانە. " وەکو یەک سیستەم، سمیث رایدەگەیەنێ کە سامان دروست دەبێت نەک تەنها بۆ گۆشتفرۆش و بیرە دروست کەرو نانەوا، بەڵکو بۆ سەرجەم وولات وەکو یەکەیەکی گشتی...ئەم نمونەیەی ئادەم سمیث بە کورتی بۆچوونی ئەو روون دەکاتەوە دەربارەی میکانیزمی بازاڕ لە ڕێکخستنی ئابوریدا. هەر لێرەوە ئادەم سمیث داوای دەسەڵاتێکی دیاریکراوی دەوڵەتی دەکرد لە کۆمەڵگادا. دەیوست دەوڵەت دەست وەرنەدات لە پرسە ئابوریەکان. کاری یاسا ئەوەبێت کە ڕێگا بۆ بازارێکی کراوە و ئازاد بکاتەوە. (http://www.investopedia.com/updates/adam-smith-economics)

موحسین کەریم

بێگومان ریکاردۆش وەکو ئابوریناسێکی گرنگی بۆرژوازی لەسەر هەمان قوتابخانەی ئادەم سمیث و لیبراڵیزمی ئابوری ئەژماردەکرێت. لە تیۆری (یاسا ئاسنینەکانی دیاریکردنی کرێ - The Iron law of wages) دا دەڵێت: " لەگەڵ زیادبوونی ریژەی دانیشتواندا، نرخی کەرەستە پێویستەکان زیاد دەکات، چونکە برێکی کاری زیاتر پیویست دەبێ بۆ بەرهەمهێنانیان. ئەگەر بەوهۆیەوە پێویست بکات کرێی کرێکار کەم بکات، لەکاتێکدا هەر کاڵایەک کە کرێی کرێکاری تێدا بەرجەستە بوە بەرزبۆتەوە، ئەوا دووقات کاریگەری لەسەر کرێکار دەبێت، و بەخێرایی بەشێوەیەکی گشتی گوزەرانی تێکدەچێت. ئەمانە ئیتر ئەو یاسایانەن کە ئاستی کرێ رێک دەخەن، و بەوشێوەیە ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی بۆ زۆربەی کۆمەڵگا دەستبەر دەکرێ. بەشێوەی هەموو گرێبەستێکی دیکە، پێویستە کرێ رەها بکرێ بۆ پێشبڕکێیەکی عادل و ئازادیی بازاڕ. نابێت هەرگیز لەلایەن دەزگای یاساداناناەوە کۆنترۆڵ بکرێ." (https://salemcc.instructure.com/courses/451/pages/david-ricardo-the-iron-law-of-wages-1817)

ئەم قسەیەی ریکاردۆ وەکو ئابوریزانێکی بۆرژوازی، ماناکەی ئەوەیە کە بەپێی یاسا ئابوریەکان هەمیشە کرێی کرێکاران لە ئاستێکدا خۆی دەگرێتەوە کە تەنها ژیانێکی مەمرەو مەژی بۆ کرێکار دابین بکات، ئەوەش بە یاسایەکی ئابوری عادیلانەو ئازاد دادەنێت کە نابێ یاساو دەسەڵاتی یاسایی هیچ جۆرە دەورونەخشێکیان تێدا هەبێ. لێرەدا ریکاردۆش وەکو ئادەم سمیث دژی دەستێوەردانی دەوڵەتە لە میکانیزمەکانی بازاڕ و ئابوری دا. هاوکاتیش ئەو پاکانە تیۆریە ئابوریە دەخاتە بەردەم چینی کرێکار کە دەستبەرداری باشترکردنی ژیان و هەلومەرجی کاری بێت لەرێگای خەبات و بەرەنگاربونەوەو بەرێخستنی بزوتنەوەوە، بەڵکو پێی دەڵێ کە ئەوە یاسای ئابوریە حوکمی بەسەر تۆدا داوە بەو ئاستە لە کرێ ئیش بکەیت و ناتوانی پێچەوانەی یاسای ئابوری بجوڵییتەوەو قبوڵی بکە.. ئەمە بەمانای بێبایەخ پیشاندانی رێکخراوو سەندیکاو یەکێتی کرێکاریەکان و هەوڵەکانی چینی کرێکارە بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی ئابوری بۆرژوازیدا.

بیروڕای ئادەم سمیث و ریکاردۆ بنەما ئابوریەکانی لیبرالیزمی کۆن(کلاسیک) پێک دەهێنن. خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە بەرگری لە ئابوری بازاڕ، بازاڕی ئازاد، ئازادیی خاوەندارێتی تایبەتی دەکەن. دژی دەستێوەردانی دەوڵەتن لە کاروباری ئابوریدا. بڕوایان وایە کە دەبێ یاسای بازاڕ خۆی حوکم بکات لە بواری ژیانی ئابوری مرۆڤەکاندا. ئەمەش بنچینەی ئابوری فەلسەفەی تاک گەرایی (Individualism) بۆرژوازی پێکدەهێنێ.

بێجگە لە ئادەم سمیث و ریکاردۆ، کە دوو بیرمەندی ئابوری پێشەنگی بۆرژوازین، جون لوک (John Locke)یەکێک لە بەناوبانگترین فەیلەسوف و تیۆریسیەنە سیاسیەکانی

بەریتانیا لە سەدەی هەڤدە کە باوکی فەلسەفەی لیبرلێزم دادەنرێت، بڕوای وابوو کە ئینسان مافێکی سروشتی هەیە لە ژیان، ئازادی و موڵکیەت. هەروەها ووتی حکومەت نابێ ئەو مافانە پێشێل بکات کە لەسەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی بنیات نراوە.

جۆن لووک سەبارەت بە مەسەلەی خاوەندارێتی دەڵێت: "خوا جیهانی رادەستی مرۆڤ کردوە تا ئەوەی تێیدایە پێکەوە ببنە خاوەنی. جیهان بۆ ئەوە هەیە تا ئەو شتانەی بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی خۆشگوزەرانی پێویستن، بە مرۆڤ ببەخشێت... " بەڵام بۆچونەکەی بەوجۆرە تەواو دەکات کە دەڵێت: دەشکرێ تاکەکان بەشێکی جیهان بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.." (Internet Encyclopaedia of Philosophy, John Locke, Political Philosophy, the Two Treaties of Government, Property, 1689)

ئێستا زیاتر ئەوە روون بووەوە کە لیبراڵیزم چ وەکو چەمک و جیهانبینی ئابوری و چ وەکو چەمک و جیهانبینی سیاسی، لەسەر پایەی شەرعیەتدان بە خاوەندارێتی تایبەتی (سەرمایەداری) و پاریزگاری لە سیستەمی ئابوری کۆمەڵایەتی- سیاسی سەرمایەداری و بۆرژوازی دامەزراوە. مافی تاک لە روانگەی بەهاو پێودانگە بۆرژوابیەکانەوە بەرگری لێدەکات. ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزم چوارچێوەیەکە بۆ پارێزگاری لە بنەماکانی ئابوری سەرمایەداری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکانی. کرێکار لە جیهانبینی ئابوری و سیاسی لیبراڵیزمی کلاسیک دا ئەو کەسەیە کە کاردەکات و پاداشتی کارکردنەکەی وەکو کرێ وەردەگرێ. واتە کرێکار وەکو تاکێکی کۆمەڵگا خاوەنی هێزی کاری خۆیەتی. مافی خاوەندارێتی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تەنها خاوەندارێتیە بەسەر هێزی کاری خۆیدا. بەڵام خاوەنی بەرهەمی کارەکەی نییە. سەرمایەدار کە توانیویەتی بەشێک لە سەرچاوەکانی سامانی کۆمەڵگا لەدەستی خۆیاندا بۆ بەرژەوەندی خۆی کۆبکاتەوە، دەتوانێ وەکو موڵکی خۆی پارێزگاری لێبکات و بەکاری بیهێنێ.. ئەویش لەرێگای بەکارگرتنی هێزی کاری کرێکارەوە. ئەمە وەکو پرۆسەیەکی سروشتی تەماشا دەکرێت و هەردولای مامەڵەو پەیوەندیەکە لەروانگەی لیبراڵیزمی بۆرژوازیەوە وەکو دوو لایەنی هاوسەنگ و یەکسان تەماشا دەکرێن. یەکێکیان خاوەنی کاری خۆیەتی و دەیفرۆشێ و کرێ وەردەگرێ. بەوەش مافی خاوەندارێتیەکەی پارێزراوو جێبەجێ دەبێت. ئەوی دیکەش خاوەنی تواناو کەرەستەکانی بەرهەم هێنانەو بەرانبەر بەو کارەی بۆی ئەنجام دەدرێ کرێیەک دەدات بە کرێکار. ئیتر مەسەلەی چەوساندنەوەی کرێکارو بردنی زیادەبەرهەمی رەنجی ئەو جێگایەکی نییە لە جیهانبینی لیبراڵیزمدا.

موحسین کەریم

لیبراڵیزمی کلاسیک و بێتوانایی بەرامبەر بە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری:

بێگومان سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەاری، وەکو سیستەمێکی چینایەتی، نەیتوانی خۆی لەبەردەم ناکۆکیە ناوخۆییەکان و گرفتە بونیادیەکانیدا رابگرێت و تیۆریە ئابوری و سیاسی و فەلسەفیەکانی لەبەرامبەر پاکانەکردنی سیستەمەکەدا ناکارامەیی خۆی نیشان دا. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا، مەبدەئەکانی لیراڵیزمی کلاسیک بەهۆی دابەزینی گەشەی ئابوری و پەرەسەندنی هەژاریەکی شێتانە و بێکاری و بێبەشی رێژەیی لەناو شارە گەورە پیشەسازیەکاندا لەلایەک و سەرهەڵدانی رێکخراوە کرێکاری و سۆشیالیستی و کۆمۆنسیتیەکان لەلایەکی دیکەوە، کەوتنە بەردەم تەحەداوە. ئەو فکرەیەی کە مرۆڤ لەرێگای خۆبنیاتنانەوە، بە ئەنجامدانی کاری قورس و سەخت و لێوەشاوەییەوە، دەتوانێ جێگای خۆی لە جیهاندا پەیدا بکات، بەشێوەیەکی فراوان بووە شتێکی باوەڕپێنەکراو.

مارکسیزم و تیۆریەکانی لەبواری ئابوری سیاسیدا، گرفت و ناکۆکیە بنەڕەتیەکانی سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی دەست نیشان کردو بنەما تیۆریەکانی ئابوری لیبراڵیزمی تووشی بنبەست کرد. تیۆری زێدەبایی کە بە بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زانستی، سەرچاوەی سامانی بۆرژوازی گەڕاندەوە بۆ زەوتکردنی بەرهەمی کاری چینی کرێکار، خاوەندارێتی تایبەتی وەکو شێوازێکی خاوەندارێتی چینێکی کۆمەڵایەتی چەوسێنەر، چینی بۆرژوازی، روون کردەوە، ئیتر ئەو بنەما فەلسەفیەی لیبرالیزمی کلاسیکی مایەپووچ پیشان دا کە مافی خاوەندارێتی تایبەت وەکو مافێکی هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەناساند و ئازادی خاوەندارێتی تایبەتی بە ئازادی تاکەکان ناوزەد دەکرد! بەپێچەوانەوە ئەوەی روون کردەوە کە سیستەمی سەرمایەداری لە بنەڕەتدا خاوەندارێتی تایبەتی لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگا سەندۆتەوە کە ناچارن بۆئەوەی بژین دەبێ کار بۆ خاوەن سەرمایەکان بکەن و بەرهەمێکیان بۆ دروست بکەن کە خۆیان خاوەنی نین!

لەژێر کاریگەری بیروبۆچونەکانی مارکس و مارکسیزمدا، بزوتنەوەی چینی کرێکار هەرچی زیاتر وەکو بزوتنەوەیەکی رەخنەگرو ئەنتی تێزی بۆرژوازی، لە مەیدانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ...تاد. قامەتی خۆی راست کردەوە. بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکار بووە بەهێزترین پۆڵی نەیاری بۆرژوازی و سەدان رێخکراوی پیشەیی و حزبی سیاسی کرێکاری لەسەراسەری ئەوروپا و ئەمریکا سەریان هەڵداو بوونە بەشێک لە مەشهەدی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانە. ئەم جموجوڵە کرێکاریە سەرەنجام توانی لە روسیادا شۆرشی کرێکاری بەرپا بکات و دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێ..

دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای جیهانی، هەروەها دوای سەرهەڵدانی جۆرێک لە ئابوری کۆنترۆڵکراو لەلایەن دەوڵەتەوە کە بە ئابوری

سەرمایەداری دەوڵەتی ناسرا، ئیتر ئابوری بازاڕ و لیبراڵیزمی ئابوری و بەدوای ئەویشدا لیبراڵیزمی سیاسی نەیانتوانی تاقە مۆدێلێکی بیرکردنەوەی ئابوری و سیاسی و بگرە ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی بن. ئەم هەلومەرجە ڕێگای کردەوە بۆ سەرهەڵدانی جۆرە مەیلێک لەناو خودی بیرمەندانی بۆرژوازیدا کە لایەنگری لە جۆرێک دەخالەتی دەوڵەت بن لەبورای ئابوری دا. ئەم ڕەوتە لە دەستەبەندی فکری –سیاسی خودی بۆرژوایدا بە سوشیال-لیبراڵ دەناسرا. ئەمان پێیانوابوو کە هەژاری و بێدەرەتانی و نەزانی کە ڕوبەرووی بەشێکی فراوانی کۆمەڵگای بۆرژوازی بوەتەوە، بواری نەهێشتوتەوە بۆ ئازادی و گەشەی فەردی ئینسانەکان. بڕوایان وابوو کە هەلومەرجەکە تەنها لەڕێگای چالاکی جەماعی و حکومەتێکی بەهێز و خۆشگوزەران و دەخالەتگەرەوە چارەسەر دەکرێ. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەوە لایەنگرییان لە ئابوری تێکەڵ دەکرد کە خاوەندارێتی گشتی و تایبەت بگرێتەخۆی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرو کەرتە ئابوریە گەورەکاندا.

بەم پێیە جۆرێک لە دەخالەتی دەوڵەت لە ئابوریدا تەنانەت لەناو کۆمەڵگا کلاسیکیەکانی بۆرژوازی لیبراڵ و ئابوری لیبراڵدا بووە ناچاریەکی چینی بۆرژوازی و دەسەلاتەکانی بۆ ڕاگرتنی بالانسی کۆمەلایەتی و کەمکردنەوەی کاریگەری شۆرشی ئۆکتۆبەرو بزوتنەوە کرێکاریەکان لەخودی ئەو کۆمەڵگایانەدا. ریفۆرمی ئابوری و ملدان بە کۆمەڵێک پاشەکشە لەلایەن بۆرژازیەوە بۆ چینی کرێکار دەیەکانی سەرەتای سەدەی پێشووی بە مۆری خۆی ڕەنگ کرد. ئەمەش بە کەمکردنەوەی دەوری بازاڕ و زیادکردنی دەوری دەوڵەت لە بواری ئابوریدا مەیسەر دەبوو. تا لەو ڕێگایەوە دەوڵەت بتوانێ خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ کۆمەڵگا دابین بکات. بەپێچەوانەی ئابوری بازاڕو تیۆری ئابوری لیبراڵیزمەوە کە تاک خۆی بەرپرسە لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە. بەتایبەتی لە دەورانی قەیرانی گەورە(Great Depression)ی بۆرژوازی جیهانیدا لە دوای ساڵی ١٩٢٩ دا لەناو خودی ئەکادیمیستەکانی بۆرژوازی و ئابوریزانەکانیەوە مەیلێکی بەهێز سەر هەڵدەدات بەمەبەستی چالاک کردنی دەورری دەوڵەت لە ئابوری دا. ئەو مەیلە لەسەر دەستی ئابوریناسی بەناو بانگی ئینگلیزی جۆن کینزی(John Maynard Keynes) گەیشتە ئەوپەڕی. تیۆریەکانی لە بواری ئابوریدا بە(ئابوری کینزی- Keynesian Economics) ناسراوە. کینزی لایەنگری ئەوەبوو کە دەبێ حکومەت خەرجیەکانی زیادبکات بە مەبەستی زیادکردنی فرسەتی کارو کەمکردنەوەی بێکاری. ئەوەش زیاتر لەبورای خزمەتگوزاریە گشتیەکاندا دەبێت. بەپێچەوانەی لیبراڵیزمی کلاسیکەوە کە پێیوایە دەبێ حکومەت خەرجیەکانی تا ئەوپەڕی کەم بکاتەوەو بوار بۆ سەرمایەی تاک برەخسێنێ بۆ وەبەرهێنان و لەو ڕێگایەوە بێکاری کەم ببێتەوە!

موحسین کەریم

[The General Theory of Employment, Interest and Money,) Investopedia- Keynesian Economics)]

قەیرانی سەراپاگیری دووەم و سەرهەڵدانی ڕەوتی لیبراڵیزمی نوێ:

لە دوای قەیرانی ئابوری ساڵانی هەفتاکانی سەدەی پێشووەوە، تیۆری کینزی و دەخالەتی دەوڵەت لە ئابوریدا، لەناو ڕەوەندی فکری ئابوری بۆرژوایدا تووشی قەیران هات. ڕەوتێکی نوێ بەناوی(Neo-Libralism) یان لیبراڵیزمی نوێ ناسرا، سەری هەڵدا. ئەمجارەیان نەک ئابوریزانە ئەکادیمیستەکانی بۆرژوازی، بەڵکو سیاسەتمەدارەکانی بۆرژوازی بوونە رابەرو بیرمەندی ئەوم ڕەوتە نوێیەی لیبراڵیزم. ئەم ڕەوتە تازەیەی لیبراڵیزم لەسەر دەستی مارگرێت تاتچەر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاو ڕۆناڵد ریگان، سەرۆک کۆماری ئەمریکا گەشەی پێدراو لەبواری ئابوریدا جێبەجێکرا، کە بە تاتچەریزم و ریگانیزم ناویان دەبرێت. سیاسەتی تاتچەر لەبواری ئابوریدا بریتی بوو لە "ئازادکردنی قەیدوبەندی سەر ئابوری(بەتایبەتی لە بواری دارایی و بانکیدا)، نەرمکردنی بازاڕی کار و دەستئاوەڵاکردنی خاوەنکارەکان، تایبەتیکردن و فرۆشتنی ئەو کۆمپانیاو پرۆژانەی کە موڵکی دەوڵەت بوون بە کەرتی تایبەتی، هەروەها لاوازکردن و کەمکردنەوەی دەورونەخشی یەکێتیە کرێکاریەکان." ریگانیش لایەنگری سەرسەختی چەمکی ئابوری ئازاد و سیاسەتی بازاڕی ئازادی دارایی (free market fiscal policy) و کەمکردنەوەی باج بوو بەرێژەیەکی زۆر لەسەر خاوەن سەرمایەو کۆمپانیاکان." (سەرچاوە: ویکی پیدیا). نیولیبرالیزم زۆرتر تایبەتە بە ئازادی ئابوری و کەمکردنەوەی دەورو نەخشی دەوڵەت لە ئابوریدا، بۆیە لەرووی ئابوریەوە زۆر لە لیبراڵیزمی کلاسیک دەچێت. نیو لیبراڵیزم وەکو فۆرمێکی مۆدێرنی لیبراڵیزمی کلاسیک وایە، بەڵام زیاتر فۆکەس دەکاتە سەر بازاڕ. ئەمە مانای وایە زیاتر پەیوەستە بە دەستئاوەڵاکردن(deregulation) ی سەرمایەو خاوەن کارەکان تا بەکەمترین قەیدوبەندی یاساییەوە لەبەرامبەر کۆمەڵگاو کرێکاراندا کارەکانیان ئەنجام بدەن و سەرمایە و قازانج کەڵەکە بکەن.

کاریگەری لیبراڵیزمی نوێ لەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ئەمریکاو ئەوروپا:بەریتانیا و ئەمریکا بە نمونە؛

__بەریتانیا:__ لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی تاتچەرو دەسەلاتی پارتی پارێزگاراندا، ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دران:

١_ کۆمپانیای گازی بەریتانی، جاکوار، گەیاندنی بەریتانی(British Telecom)کۆمپانیای

نەوتی بەریتانی(BritOil) ، کۆمپانیای بۆشایی ئاسمانی بەریتانی(British Aerospace) کۆمپانیای ئاسنی بەریتانی(British Steel) و هێڵی ئاسمانی بەریتانی و کۆمپانیای(British Petroleum)، کۆمپانیای ئاوو کارەبا فرۆشران بە کەرتی تایبەتی.

٢_ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری و بێکاری فراوان لە ناوچەکانی باکوری بەریتانیا لەدەورانی یەکەمی دەسەڵاتی تاتچەردا.

٣_ گرتنەپێش و جێبەجێکردنی سیاسەتی تێکشکاندنی یەکێتیە کرێکاریەکان، بەتایبەتی "یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی کانەکان" لە سەردەمی مانگرتنی کرێکارانی کانەکان لە ساڵی ١٩٨٤-٨٥ دا. دەرکردنی کۆمەڵێک ڕێگری یاسایی بۆ تەنگەبەرکردنەوەی چالاکیە کرێکاریەکان.

٤_ لەبواری خوێندندا، خوێندگا حکومیەکان بەرەو کەمبوونەوە چوون و خوێندنگای تایبەتی گەشەیان پێدرا.

٥_ قەیرانی خانووبەرە: دوای ئەوەی تاتچەر سیاسەتی فرۆشتنی خانووی شارەوانیەکانی جێبەجێکرد، هەزاران کەس لەرێگای قەرزی بانکەوە بوونە خاوەنی خانۆی خۆیان، بەڵام دواتر بەهۆی گرانبوونی نرخی خانوەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەرێژەی ٣٠٪ زۆربەی ئەوانەی بە قەرزی بانک خانویان کڕیبوو، نرخی قیستەکانیان لەسەر گران کراو بەوجۆرە روبەرووی قەرزاریەکی زۆر بونەوەو ئاستی قەرزاری خەڵک گەیشتە ئاستێکی زۆر بەرز.

٦_ سەپاندنی کرێی تەلەفزیۆنی بی بی سی(BBC licence fee) وەکو باج بەسەر هەموو ئەوکەسانەدا کە تەلەفزیۆنیان هەیە، جیاواز لەوەی سەیری بەرنامەکانی BBC دەکەن یان نا.(رۆژنامەی گاردیان، جولیان کۆمان(Julian Coman). ١٤ی نیسانی ٢٠١٣)

هەروەها (مالکۆڵم دیەن) لە رۆژنامەی گاردیانی ٩ی نیسانی ٢٠١٣ دا دەنوسێت:".... لەماوەی ١٨ ساڵ دەسەلاتی پارتی پارێزگاراندا، خەڵکی هەژار لەژێر هێرش و پەلاماردا بوون. نایەکسانی لە هیچ دەوڵەتێکی پێشکەوتوودا، بێجگە لە نیوزیلاند، بە ئەندازەی بەریتانیا بەوشێوە بێرەحمانەیە بەرفراوان نەبوو.... خانەنشینان لەهەموو کەس زیاتر باری ژیانیان خراپ بوو. رێژەی ئەوانەی لەخوار هێڵی هەژاریەوە دەژیان لە١٣٪ ەوە بەرزبوەوە بۆ ٤٣٪...رێژەی هەژاریی منالان بوو بە دوو ئەوەندە. خزمەتگوزاری خانوبەرە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو خراپ بوون چوو. وەزیری پێشووی پارتی پارێزگاران، سێر ئایان گیلمۆر، ماوەی حوکمڕانی تاتچەری بەوجۆرە کورت کردەوە: ئەو قوربانیانەی بەسەر هەژاراندا سەپێنران هیچ موعجیزەیەکی بەرهەم نەهێنا تەنها بۆ دەوڵەمەندان نەبێ. دەوڵەمەندەکان رێژەی باجەکانیان لە ٨٣٪ بۆ ٤٠٪ کەمی کرد."

موحسین کەریم

نوسەرێکی دیکە ڕۆژنامەی گاردیان (ئالان تراڤیس)لە ژمارەی ڕۆژی ١/٨/٢٠١٣ دا دەنوسێت: " لە وتاری مارگرێت تاتچەردا لەبەردەم لیژنەی پەرلەمانی پارتەکەیدا لە تەموزی ١٩٨٤دا ووتی " ئێمە دەبوایە دژی دوژمنێک بجەنگین پێش لە فۆکلاند. ئێمە هەمیشە پێویستە ئاگاداری دوژمنی ناوخۆ بین کە بەرەنگاربونەوەی زۆر سەختترە و زۆریش لەسەر ئازادی مەترسیدارە." ئەم قسەیەی تاتچەر لەو کاتەدا بوو کە مانگرتنی کرێکارانی کانەکانی خەڵوز دەستی پێکردبوو، وە یەکێک لە ئەرکەکانی تاتچەرو حکومەتەکەی تێکشاندنی مانگرتنەکەو یەکێتیە کرێکاریەکان بوو. ئالان تراڤیس لەهەمان بابەتدا نوسیویەتی :"فێردیناند ماونت، سەرۆکی دەستەی دارشتنی سیاسەتی حزبەکەی تاتچەر دەڵێ: نابێ هیچ دەرفەتێک لەدەست بدەین بۆ سڕینەوەی ئەندامێتی لەناو یەکێتیە کرێکاریەکاندا." هەورەها دەڵێت:" نوسراوێکی حکومەت کەلایەن ئەرشیفی نیشتمانیەوە(the National Archives) بڵاوکرایەوە، باسی گفتوگۆیەکی ناو کابینەی وەزیرانی حکومەتی تاتچەر دەکات دەربارەی بەکارهێنانی سوپا دژی مانگرتنی کرێکارانی کانەکان."

هەرچەندە دوای شکستی پارتی پارێزگاران لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٧دا پارتی کرێکاران بە سەرۆکایەتی تۆنی بلێر، دەسەڵاتی حکومەتی گرتەدەست، بەڵام هەمان ڕێچکەی نیولیبراڵیزم درێژەی پێدرا. یەکێک لە کارەکانی حکومەتی بلێر، کردنی خوێندن بوو بە پارە لە زانکۆکاندا بەناوی (Tuition fee) کە هەرخوێندکارێک دەبوایە ساڵانە بڕی (١٠٠٠) پاوەند پارەی خوێندن بدات. ئەم بڕە پارەیە لەسەر دەستی حکومەتەکانی پارێزگاران و کرێکاراندا بە ڕابەرایەتی ڕەوتی بلێریزم، ساڵ بەساڵ بەرەو سەرەوە بران تا ئەوەی کە لە دەورانی سەرۆک وەزیران 'دەیڤید کامیرۆن' ی سەرۆکی پارتی پارێزگاراندا بەرزکرایەوە بۆ ٩٠٠٠ پاوەند ساڵانە. هەروەها کۆمەکی هەفتانەی خوێندکارانی پەیمانگاکان بڕان و ....تاد. کۆمەکەکانی دەوڵەت بۆ پرۆژە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو چاودێری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەگشتیەکان و خانوبەرە بەرادەیەکی ترسناک کەم کرانەوە. باج لەسەر هاوڵاتیان زیادی کردو باجی دەرامەتی کۆمپانیا و دامەزاروە سەرمایەداریەکان کەم کرانەوە .تەنانەت ئیمتیازاتی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان بەرادەیەک زیادی کرد کە دەرفەتی خۆدزینەوە لە باجدانیان بۆ ڕەخسێنرا کە بەTax avoidance () دەناسرێ . سیاسەتی دژی کرێکاری و دژی یەکێتیە کرێکاریەکان گەیشتە ئاستێکی باڵا. دەستی خاوەن کۆمپانیاکان ئاوەڵا کرا بۆ خۆدزینەوە لە گرێبەستی کاری بەردەوام و سەپاندنی گرێبەستی کاتی بەسەر کرێکاراندا تارادەی گرێبەستی سفر کاژێر () Zero Contract. بەپێی ئەم گرێبەستە خاوەنکار دەتوانێ هەرکات و ساتێک ویستی کاربە کرێکار بکات و هەرکاتێکیش پێویستی نەبوو بێکاری بکات!

لاری ئیلیۆت(Elliott Larry) سەرنوسەری بەشی ئابوری لە رۆژنامەی گاردیان، ژمارەی رۆژی ٤ی ئابی ٢٠١٣دا کرێکارانێک کە بە گرێبەستی سفر کاژێر کاردەکەن بە سوپای زەخیرەی کار ئەژمار دەکات. ئەو دەڵێت:" دەتوانرێ بە دڵنیاییەوە بوترێ کە مارکس لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەرگیر دەبوو کە دەڵێن گرێبەستی سفر کاژێر نیشانەی بەهێزی ئابوری بەریتانیایە، نیشانەی ئەوەیە کە بازارێکی نەرمی کار(flexible labour markets) لە کاردایە. ئەو پێی وادەبوو کە "هێزی زەخیرەی کار" باشترین پێناسەیە بۆ ئەم هەلومەرجەی کە دەبێت کرێکاران هەمیشە لە ئامادەباشیدابن بەرامبەر بە خاوەنکارەکان" هەر بەپێی نوسینەکەی ناوبراو نزیکەی چارەکە ملیۆنێک کرێکار بەپێی گرێبەستی سفر کاتژێر کار دەکەن.

هەژاری لە بەریتانیا:

دوای خستنەرووی هەندێک داتاو ئامار سەبارەت بە سیاسەتەکانی تاتچەرو حکومەتی پارێزگاران و تەنانەت حکومەتی تۆنی بلێر لەدژی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی بەریتانیاو بە قازانجی خاوەن کۆمپانیا و خاوەن سەرمایەکان، دێینە سەر ئەوەی کە ئەم سیاسەت و هەنگاوە سیاسی و عەمەلیانەی تاتچەرو تاتچەریزم چ کاریگەریەکی لەسەر ژیانی خەڵکی کەمدەرامەت و چینی کرێکاری ئەو وڵاتە داناوەو بەرەو هەژاری لەرادەبەدەر پاڵی پێوەناون!

بەپێی راپۆرتی بەڕێوەبەرێتی کارو خانەنشینی Department for Work and Pensions (DWP) لەساڵی ٢٠١٦دا بڵاوبۆتەوە، ژمارەی ئەوکەسانەی کە بەهەژاری دەژین لە بەریتانیا ١٣ ملیۆن و ٤٤٠ هەزار کەسن کە دەکاتە ٢١٪ی دانیشتوانی بەریتانیا. هەروەها راپۆرتێکی دائیرەی ئاماری نیشتمانی (The Office for National Statistics) باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی هەژاریەوە لە هەر ٢٠ کەس یەکێکیان تووشی نەخۆشی خەمۆکی بوون. بەپێی هەمان راپۆرت، لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٠ دا رێژەی هەژاری لەناو گەنجاندا بەرێژەی ٣,٩٪ زیادی کردوە. بەپێی راپۆرتی دەزگای چاودێری (Resolution Foundation) داهاتی ١٠٪ی هەژارترین بەشی کۆمەڵگای بەریتانیا تا ساڵی ٢٠٢٠ بە رێژەی ٣٪ دادەبەزێت بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتەوە سەبارەت بە باج و خزمەتگوزاریەکان. پاتریک بەتلەر(Patrick Butler) لە رۆژنامەی گاردیان، رۆژی ٦/٥/٢٠١٦ دەڵێت: نزیکەی ٨ ملیۆن کەس لە بەریتانیا بەسەختی دەتوانن ژەمە خۆراکی خۆیان دابین بکەن، کەزیاتر لە نیوەی ئەو ژمارەیە رۆژانە هیچ شتێکیان نییە بیخۆن! بەپێی راپۆرتی رێکخراوی ئۆکسفام، سەرەڕای ئەوەی کە بەریتانیا حەوتەمین

موحسین کەریم

وولاتی دەولەمەندی دنیایە، ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلک بەسەختی خۆراکی رۆژانەیان چنگ دەخەن. هەر بەپێی ئەو راپۆرتە نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە خەلکی بەریتانیا لەسەر هاوکاری خۆراکی دەژین کەلایەن بانکەکانی خۆراک(Food banks) ەوە بۆیان دابین دەکرێ. (http://policy-practice.oxfam.org.uk/our-work/inequality/food-poverty)

سەرەرای ئەوە رادیۆی (BBC4) ی بەریتانی لە ١٤/١٢/٢٠١٤دا راپۆرتێکی بلاوکردۆتەوە سەبارەت بەو خێزانانەی کە لەسەر کۆمەکی خۆراکی دەژین، لەو راپۆرتەدا هاتوە: "بەپێی دەزگای (Trussell Trust)کە تۆرێکی گەیاندنی خۆراکە بە خێزانە هەژارەکان و سەدان ناوەندی پێشکەشکردنی خۆراک(food bank) ی لە سەراسەری بەریتانیادا کردۆتەوە، رۆژانە ئەو ناوەندانە روو لەزیادبوون دەکەن. بەهۆی ئەوەی ئەو کەسانەی پێویستیان بە پێدانی خۆراک هەیە روو لەزیادبوونن. ئەو ژمارەیە لە ٣٥٠ هەزار کەسەوە لە سالی ٢٠١٢-٢٠١٣ دا بەرزبۆتەوە بۆ زیاتر لە ٩٠٠ هەزار کەس لە سالی رابردودا ، کە سێ یەکی ئەو ژمارەیە منالانن. https://www.channel4.com/news/where-nearest-food-bank-uk-poverty)

هەژاری لە ئەمریکا:

بۆئەوەی باسەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە، پاش ئەوەی بە ووردی چەندین ئامارمان دەربارەی کاریگەری لیبرالیزمی نوێ لەسەر ژیانی خەلکی کرێکارو کەمدەرامەتی بەریتانیا بلاوکردەوە، بەهێنانەوەی چەند ئامارێکی کورت هەول دەدەین تێگەیشتنێک دەربارەی هەژاری و کاریگەری ریگانیزم و نیولیبرالیزم لەسەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیانی زەحمەتکێش و چینی کرێکاری ئەو وولاتە بخەینەروو. وولاتێک کە بەشێکی زۆری سامانی جیهان لەدەستی ژمارەیەک ملیاردێری دانیشتووی ئەو ولاتەدایەو هەر ئەوان خاوەن بریارەکانی دەزگا دارایی و دراویە نێودەولەتیەکانی وەکو بانکی دراوی نێودەولەتی (International Monetary Fund) و بانکی جیهانی (World Bank) و رێکخراوی بازرگانی جیهانی (World Trade Organization) ن.

بەپێی نوسینگەی ئاماری ئەمریکی سالی ٢٠١٥ رێژەی هەژاری ١٣،٥٪ی دانیشتوان بووە. لەو سالەدا نزیکەی ٤٣،١ ملیۆن کەس لە هەژاریدا ژیاون. (https://poverty.ucdavis.edu/) ژمارەی ئەو هاولاتیە ئەمریکیانەی کە بیمەی تەندروستی یان نییە ١١،٣٪ ی دانیشتوانە. ئەم رێژەیە لە سالی ٢٠١٣دا بریتی بوو ١٨٪ ، پێش ئەوەی سیستەمی چاودێری تەندروستی ئۆباما بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. نوسینگەی

میزانیەی سەر بە کۆنگرێسی ئەمریکی لە سەرەتای ئەمساڵدا پرۆژەیەکی چاودێری تەندروستی خستەروو- کە دواتر رەدکرایەوە- بەپێی ئەو پرۆژەیە لەساڵی ٢٠١٨ دا نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس بێبەش دەکران لە بیمەی تەندروستی و لەساڵی ٢٠٢٦ دا ئەو ژمارەیە بۆ ٢٤ ملیۆن کەس زیادی دەکرد. http://www.cnbc.com/2017/04/11/the-number-of-americans-without-health-insurance-rose-in-first-quarter 2017.html)-

لۆرین تۆماس(Lauren Thomas) هەواڵنێری کەناڵی تەلەفزیۆنی(CNBC) ی ئەمریکی دەڵێ :" هەژاری یەکێکە لە هۆکارەکانی برسێتی لە ئەمریکا." هەروەها دەڵێت : "نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەس لە ئەمریکا خۆراکی پێویستیان چنگ ناکەوێ." http://www.wfp.org/ hunger/causes,Lauren ThomasNews ,Associate for CNBC)

کاریگەری لیبراڵیزمی نوێ لەسەر ژیانی کرێکاران و خەڵکی زحمەتکێش لە ئەمریکای لاتین:

دوای ئەوەی بەشێوەیەکی خێرا ئاماژەمان کرد بە کاریگەری سیاسەتە ئابوریە نیولیبراڵیەکانی سەرمایەداری، لەسەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و کەمدەرامەت و ئاستی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لەناوخۆی دوو وولاتی سەرمایەداری گەورەدا کە هاوکات خۆیان لانکەی سەرهەڵدانی دوو هێڵی لیبراڵیزمی نوێیی بۆرژوازی بوون بەناوی تاتچەریزم و رێگانیزم "، ئێستا دەمانەوێ چاوێک بەسەر کاریگەریەکانی لەسەر ژیانی چینی کرێکارو هاولاتیانی کەمدەرامت و زەحمەتکێشی ولاتانی ئەمریکای لاتین بگێرین، کە لە چوار دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو بووبوونە کێڵگەی بەپێتی وەبەرهێنانی دامەزراوە ئابوریە ئیمپریالیستی و سەرمایەداریەکانی جیهان، بەتایبەتی دامەزراوە ئابوریە ئەمریکیەکان.

لارا کێلی (Lara Kelly)** لە پەیجی بلاوکراوەی هاولاتی ***(Citizens' Press) وتارێکی تایبەت کردوە بۆ باسکردن لەسەر کاریگەری سیاسەتە ئابوریەکانی لیبراڵیزمی نوێ لە ئەمریکای لاتین و چەند نمونەیەک لە قسەی کۆمەڵێک نوسەری جیاواز دەهێنێتەوە:"یاساکانی کار لاواز کران. ئالۆویلی دارایی دەست ئاوەلا کرا. نرخی بەروبومە کشتوکاڵیەکان لەلایەن دەولەتەوە کۆنترۆڵ نەدەکرا. دەولەت وەکو بەرهەمهێنێکی ناکارامە تەماشا دەکرا و پیشەسازی و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان فرۆشران بە کەرتی تایبەتی. دەولەت خەرجیەکانی کەمکردەوە لەرێگای بڕینی بودجەی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەکو تەندروستی و خوێندن، دەرکردنی کرێکاران و کارمەندانی حکومی یان کەمکردنەوەی کرێ و مووچەکانیان." Sadasivam, Bharati. 1997))

"کاریگەری سیاسەتە نیولیبرالیەکان لەسەر هەر وولاتە بەجۆریکە، بەلام بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ زۆربەی هاولاتیانی وولاتانی ئەمریکای لاتین ئازاربەخش بوو. نایەکسانی لە دەرامەتی هاولاتیاندا لە زۆربەی ئەو وولاتانەدا کە ریفۆرمی تێدا ئەنجام درا بەرەو سەر هەلکشا". (Bray, Marjorie woodford. 1999)."لەدەستدانی کارو بەدوای ئەودا ڕێژەی بەرزی بێکاری ئاکامی فرۆشتنی دامەرزاوە ئابوریانەکانی دەولەت و بەرەوپاش گەڕانەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بوو." (..Kurtz, Markus J. 2004) "بەهۆی لابردنی کۆبۆنی کەلوپەلە پێویستەکانی وەکو سوتەمەنی، خۆراک، خزمەتگوزاری تەندروستی، نرخەکانیان بەرەوسەر هەلکشان." (Hays-Mitchell, Maureen. 2002.)

هەروەها لارا دەنوسێت:" کاتێک فۆجیمۆری ، سەرۆکی پێشووی پیرۆ سالی ١٩٩٠ دەسەلاتی گرتەدەست، راستەوراست دەستی دایە ریفۆرمە نیولیبرالیەکان. دەستبەجێ بەدوایدا نرخی گازۆلین ٣٠٠٠٪ زیادی کرد، نرخی تەلەفۆن و ئاوی خواردنەوە بەرێژەی ١٣٠٠٪ زیادیان کرد و نرخی کارەبا ٥٣٠٠٪ زیادی کرد.(.Teeple, Gary. 2000.)

" لایەنێکی دیکەی سیاسەتی رێکخستنەوەی نیولیبرالیانە، هاندانی دامەزراندنی ناوچەی تایبەتی ناردنە دەرەوەی کالا بوو. لەو ناوچانەدا یاسای تایبەتی سەبارەت بە بەرهەمهێنان کاری دەکرد. رێگا بە کاری رێکخراو و یەکێتیەکی کرێکاری نەدەدرا. دەولەت تەنها خزمەتگوزاریە ژێربینایییەکان(infrastructure) ی ئەنجام دەدا .. کۆمپانیا سنوربڕەکان (Transnational) توانای ئەوەیان هەبوو لەهەر وولاتێک بیانەوێ وەبەرهێنان بکەن. مەلبەندەکانی ناردنە دەرەوەش دەرفەتێکی باشیان دەرەخساند بۆئەوەی نرخی تێچووی بەرهەم بۆ ئەو کۆمپانیایانە زۆر کەمبێتەوە. کرێ لەئاستێکی زۆر نزمدایە. تێچوونی ژێربینای لەلایەن دەولەتەوە ئامادە کراوە. پاراستنی کرێکاران و کارگەران سفرە." (Kurtz,MarkusJ.2004) "...ریفۆرمە لیبرالیەکان راستەوخۆ پەیوەست بوەوە بە زیادبوونی نایەکسانی، هەژاری، دەست رانەگەیشتنی خەلک بە خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی پشت بەستوو بە کۆمەک و پشتیوانی حکومەت." (Brian F., & Michael J. Kelly. 1999.) "لە وولاتانێکی وەکو بۆلیڤیا، ئیکوادۆر، مەکسیک و پیرۆ، نارەزایەتی جەماوەری لەژێر سایەی حکومەتە نیولیبرالەکاندا تارادەی ٢٠٪ ی نارەزایەتیەکانی دەورانی حکومەتە سەرکوتگەرەکان کەمی کرد."(.Rudra, Nita. 2002.)

ئاکامەکانی سیاسەتی ئابوری حکومەت لەسەر فراوانکردنەوەی هەژاری لە کوردستان:

دەسەلاتی بۆرژوازی کورد ئەم قەیرانەی کردوەتە فرسەتێک بۆئەوەی گەورەترین پاشەکشە بە چاوەڕوانیەکانی خەلک بکات لەرووی مافەکان و شێوازی ژیانیانەوە. بێجگە لە

بێکارکردن و نانبڕاوکردنی دەیان هەزار کرێکار لە کەرتە ئابوریە ناحکومیەکاندا و بڕین و کەمکردنەوەی کرێ و دەرماڵەی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی حکومی، حکومەت خەریکە خۆی لەژێر باری هەر جۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان دەدزێتەوە. لەهەوڵی ئەوەدایە ئاخرین بزمار لە تابوتی ئەو شێوازە لە ئابوری بدات کە بۆ ساڵانێکی زۆر، لەژێر کاریگەری سەرمایەداری دەوڵەتیدا، دەوڵەت بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە دابینکردنی بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەکو خوێندن و خەستەخانەو داودەرمان و ئاوو کارەباو مەوادە خۆراکیە بنەڕەتیەکان(بایعی) بە خۆڕایی یان بە نرخێکی رەمزی لە ئەستۆ گرتبوو. حکومەتی هەرێم بۆ چۆنیەتی روبەرووبونەوەی ئەوقەیرانە ئابوریەی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ەوە رووبەرووی هەرێمی کوردستان بوەوە، کۆمەڵێک هەنگاوی نا کە سەرەتا نەدانی مووچەی ئەو سەدان هەزار کارمەند و کرێکارە بوون کە لەکەرتی حکومی"گشتی"دا کاریان دەکرد. مانگانەی (٤) مانگی ساڵی ٢٠١٥ی سەرجەم موچەخۆران، چ ئەوانەی لەناو کاردا بوون و چ ئەوانەی کە خانەنشین بوون یان لەسەر سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی بوون نەدرا. لەساڵی ٢٠١٦دا سیاسەتی پاشەکەوتی مووچەی گرتەپێش کە لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا دەیان ملیار دینار مووچەی ئەوانی بڕی و گوایە کاتێک بارودۆخی دارایی هەرێم باش بوو، بۆیان دەگێڕێتەوە! مووچەی خانەنشینی کە بریتیە لە پاشەکەوتی بەشێک لە مووچەکانی خۆیان لەدەورانی کارکردنیاندا، جارێکی دیکە لەلایەن حکومەتەوە پاشەکەوت کرایەوە! بیانوی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت کرایە پاکانەی ئەم سیاسەتە دژی کرێکاری و سەرمایەداریانەی حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێم.

ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێم دوای تەواوبوونی شەڕی داعشیش بەردەوام بوو. ئێستا کەرۆژانی کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٧ یە، چارەک و نیو مووچەی مانگی(٩)ی مووچەخۆران دابەش دەکرێ. بەوجۆرە لەماوەی ساڵی ٢٠١٧ دا تەنها موچەی (٩) مانگ دابەشکراوە. خانەنشینان تەنها مووچەی دوو مانگی ساڵی ٢٠١٧ یان وەرگرتوە! موچەی خاوەن پێداویستی تایبەت و هاوکاریەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە مانگانە بریتی بوو لە (١٥٠ هەزار) دینار، بۆ (٦٠ هەزار تا ٩٠هەزار دینار) کەمکراوەتەوە.

لەپاڵ ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێمدا بۆ کەمکردنەوەی مووچە، هاوکات دامەزراوە ئابوری و خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تایبەت(ئەهلی) مووچەی کرێکاران و کارمەندانی خۆیان بەرێژەیەکی بەرچاو هێناوەتە خوارەوە. هەزاران کەس بێکار کراون. لە هەندێ بواری خزمەتگوزاریدا دەوڵەت لەرێگای کۆمپانیاوە کارەکانی ئەنجام دەدا. بەوجۆرە خۆی لە دامەزراندنی کرێکارو کارمەندو گرێبەستی بەردەوام و مەسەلەی خانەشینی ئەوان

دزیەوەتەوە. کۆمپانیا تایبەتەکانیش گرێبەستی کاتی لەگەڵ کرێکارو کارمەندەکانیاندا واژۆ دەکەن و بەوجۆرە ئاسایشی کاری دەیان هەزار کرێکار و کارمەند لەبەردەم مەترسیدایە. ئەوەش وادەکات کە ناچاربن مل بدەن بە مەرج و داواکاریەکانی خاوەن کۆمپانیاکان و هەلومەرجی کاری سەخت و ماوەی کارکردنی زۆر و بەبێ هیچ مافێک قبوڵ بکەن. لەناو ئەم بەشەی کرێکاراندا ، کرێکارانی بیناسازی هەن، کە بەهۆی خاووبونەوەی رەوتی بیناسازی و کاری ئەم بەشەوە، دەیان هەزار کەسیان بێکارن و روویان لە دەستتفرۆشی کردوە. ئێستا سیمای ناوشارەکانی کوردستان، هەمان سیمای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێسووی بەخۆوە گرتوە کە گەمارۆی ئابوری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و گەمارۆی رژێمی بەعسیش لەسەر کوردستانی کەمەری خەڵکی شکاندبوو! کرێکاری بیناسازی ئەگەر لە هەفتەیەکدا شانسی هەبێت و ٢-٣ رۆژ کاری دەست بکەوێ، کرێی رۆژانەی رێک ٥٠٪ی جاران دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەم توێژە لە کرێکاران هەفتانە ٢٥٪ ئەو کرێیە وەردەگرێ کە جاران(تا ساڵی ٢١٠٤) وەری دەگرت.

بەپێی راپۆرتێکی سەندیکای بیناسازی سلێمانی کە لەساڵی ٢٠١٦ دا بڵاوکراوەتەوە، (٦٠٠٠) پرۆژە کاریان راگرتوە. (٣٠٠٠) کارگەی بچوک و مامناوەند داخراوان. بەوجۆرە مەزەندە دەکەن کە (١٠٠هەزار کرێکار) بێکاربوون. هەروەها هەمان راپۆرت باس لەوە دەکات کە خاوەن کارو خاوەن کۆمپانیاکان بەبیانووی نەدانی پێشینەکانیان لەلایەن حکومەتەوە کرێی کرێکارەکانیان نەداوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا تەنها لە شاری سلێمانیدا (٣٠٠) سکاڵا گەیشتوە بە سەندیکاکەی ئەوان.

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم لەبەر رۆشنایی ئامۆژگاریەکانی بانکی نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێک هەنگاوی دیکەی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە کە سیاسەتی خۆدەربازکردنە لەژێرباری دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی و هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکانی حکومەت بۆ خەڵک، ئەوەبوو نرخی سەرجەم خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بەرێژەیەکی سەرسوڕهێنەر گران کرد لە نەخۆشخانەو خەستەخانە حکومیەکاندا کە بە سیستەمی (شێوە تایبەت یاخود -Semiprivate) دەناسرێت. کارکردن بەم سیستەمە لە دوای دەوامی بەیانیان دەست پێدەکات و لە راستیدا دەوامی بەیانیان تەنها وەکو شتێکی رەمزی ماوەتەوە، دەنا هیچ خزمەتگوزاریەکی ئەوتۆی تێدا پێشکەش ناکرێ و هەموو پشکنین و چارەسەرو نەشتەرگەریەکان .... تاد. لە دەوامی دوانیوەڕۆ(واتە سیستەمی شێوە تایبەت)دا ئەنجام دەدرێن. نرخەکانیش بەجۆرێکن کە جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان نرخەکان لە دامەرزاوە تەندروستیە تایبەتەکان و حکومیەکاندا نەماوەتەوە. بۆنمونە لە سیستەمی شێوە تایبەتدا پسوڵەی چونەژورەوە لە (٥٠٠)دینارەوە بوە بە (٣٠٠٠) دینار. نرخی پشکنینی خوێن بۆ

نەخۆشیە گواستراوەکان لە (٥٠٠٠) دینارەوە بوە بە (١٥٠٠٠) دینار. نەشتەرگەری بچووک تا گەورەو تایبەت لە (٤٠هەزار) دینارەوە دەست پێدەکات تا (٢،٢٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و دووسەد هەزار دینار لە کاتێکدا پێشتر لە (٢٠هەزار) دینار تێنەدەپەڕی. نرخی پشکنینی (سیتی سکان) لە (٢٠هەزار)ەوە بوە بە(٤٠هەزار)دینار و بەمشێوەیە...ئەوە بێجگە لەوەی دەرگای ئاوەڵاکرد بۆ پەرەسەندنی نەخۆشخانەو کلینیکە پزیشکی و (عیادە) تایبەتەکان کە بارگرانیەکی زۆری لەسەر بارودۆخی ژیان و تەندروستی هاوڵاتیان دروست کردوە. بەهۆی نەبوونی دەرمان و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا نەخۆشیەکانی وەکو (شێرپەنجە، سالاسیما، شەکرە، گورچیلەو سیل...) زیادیان کردوە و بەوهۆیەوە چەندین هاوڵاتی کەمدەرامەت گیانیان لەدەستداوە. بەهۆی کەمکردنەوەو نەدانی مووچەوە لەماوەی ١-٢ ساڵی رابرووددا زیاتر لە (٨٠٠) دکتۆر و پزیشک مۆڵەتی بێمووچەیان وەرگرتوەو کارەکانی خۆیان لە خەستەخانەو نەخۆشخانەکاندا جێهێشتوە!

<u>*(سەرچاوە: ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی هەرێمی کوردستان بەم حکومەتەی ئێستا چارەسەر دەکرێت؟- مامۆستا ئەحمەد هەورامی- رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە(٦٠٧) ٢٦/١٢/٢٠١٧)*</u>

کەرتی ئاوو کارەبا بەهەمان شێوە، خوێندن و پەروەردەش وەکو بەشێکی یەجگار گرنگ لە خزمەتگوزاریە سەرەتایی و پێویستەکانی مرۆڤ، وورده وورده خاوەندارێتیەکەیان لە حکومەتەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکان کە لەراستیدا بەشێکی زۆریان هەر لەناو ئەڵقەی بەرژەوەندی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا جێگایان دەبێتەوە. ئێستا بەشی هەرە زۆری بەرهەم هێنانی کارەبای کوردستان لەلایەن(٣) وێستگەوە دابین دەکرێت لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک کە خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی تایبەت. ئەگەرچی دابەشکردنی کارەبا لەلایەن حکومەتەوە دەکرێ، بەڵام بێگومان بەرنامەی حکومەت ئەوەیە کە دابەشکردنی و فرۆشتنی کارەبا بداتە دەستی خودی ئەو کۆمپانیایەی کە کارەبا بەرهەم دەهێنێ و بەوەش بێجگە لە گرانبوونی نرخی کارەبا، ملیارەها دینار لە گیرفانی خەڵک بۆ بەرژەوەندی خاوەن سەرمایەکانی کوردستان دەردەکێشێت و حکومەت هیچ جۆرە پاڵپشتیەکانی ئەم خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەی هاوڵاتیان ناکات.

لەگەڵ نزیکبونەوەی وەرزی زستان، رێژەی کارەبای نیشتمانی(حکومی) کەمکرایەوە. لە شارێکی وەکو سلێمانیدا رۆژانە تەنها (٦) کاتژمێر کارەبای حکومی دەدرێ بە هاوڵاتیان. مانگانە هاوڵاتیانی کەمدەرامەت دەبێ پارەیەکی زۆر بدەن بە موەلیدە ئەهلیەکان لەبەرامبەر پڕکردنەوەی کەمی کارەبای نیشتمانیدا.

هەروەکو پاڵپشتی حکومەتی بۆ سوتەمەنی هاوڵاتیان هەڵگرتوەو لەم هاوینەدا کە ئەم نوسینەی تێدا نوسراوە نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ هاوڵاتیان لەسەروو (١٠٠) دۆلاری

ئەمریکیەوە. هەروەکو نرخی بەنزین و باقی سوتەمەنیەکانی دیکەی گران کردوە. *(تێبینی: نرخی بەرمیلێک نەوت تارادەی ١٣٠ دۆلار بەرزبوەوە. دوای ئەوەی کە زستان دەستی پێکردو حکومەت لەژێر فشاری خەڵکدا ناچاربوو دەست بکات بە دابەشکردنی نەوت، تەنها یەک بەرمیل نەوت ئەویش بەنرخی ٥٠دۆلار بۆ هەربەرمیلێک بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکات. تەنها بەشێکی کەمی هاوڵاتیان نەوتیان بەسەردا دابەشکراوە!)*

سەرەڕای ئەوانە، کەرتی خوێندنیش بەرە بەرە بەرەو فرۆشتن دەبرێت و پەرە بە زانکۆو پەیمانگاکی تایبەت دەدرێت و خوێندنگا حکومیەکان لەرووی زانستیەوە خەریکە بایەخی خۆی لەدەست دەدات. خزمەتگوزاریەکانی خوێندن لە زانکۆو دامەزراوە حکومیەکانیشدا دەکرێت بەپارە. خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەبێت بڕێک پارە بدەن بەرامبەر بە دابینکردنی شوێنی مانەوەیان. بەهۆی بڕینی مووچەکانیانەوە باری ژیان و گوزەرانی مامۆستایانی خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکان بەرەو خراپبوون چوە. ئاستی خوێندن بەرادەیەکی ترسناک دابەزیوە. وەڵانەدانەوەی دەسەڵاتی هەرێم بە ناڕەزایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان بۆ داواکاری مووچەو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی زۆرە ملێی مووچە، نزیکەی (١٥هەزار) مامۆستای خوێندنگا بنەڕەتی و ناوەندیەکان لە پرۆسەی خوێندن کردۆتە دەرەوەو مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتوە. تەنها لە ساڵی ٢٠١٧ دا زیاتر لە (١٧٤) مامۆستای زانکۆی سلێمانی مۆڵەتی بێموچەیان وەرگرتوە. نزیکەی (١٥١ هەزار) خوێندکار بۆماوەیەک لە خوێندن دابڕاون. بەهۆی سیاسەتی سەرمایەداریانەی حکومەتی هەرێمەوە، نزیکەی(٢٠٠ هەزار) دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان فرسەتی کاریان چنگ ناکەوێ و پەیوەست بوون بە سوپای بێکارانەوە. *(هەمان سەرچاوە: ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی هەرێمی کوردستان بەم حکومەتەی ئێستا چارەسەر دەکرێت؟- مامۆستا ئەحمەد هەورامی- رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە(٦٠٧) ٢٦/١٢/٢٠١٧)*

بێجگە لەوانەی باسکران، حکومەتی هەرێم دەیان جۆر رسوماتی لەسەر خزمەتگوزاریەکانی دیکە داناوە. بۆنمونە دەیان جۆری رسوماتی لەسەر خزمەتگوزاریە شارەوانی و گەشتوگوزاریەکان داناوە(هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٥) و ژمارە (٨٠) لە ٣/٢/٢٠١٦ و هەردوو خشتەی ژمارە (١) و ژمارە(٢). بێجگە لەوە نرخی باج و رسوماتەکانی پێشووتری چەندین قات گرانتر کردوە. بەردەوامیش حکومەت لە فکری ئەوەدایە کە چۆن خۆی لەژێر باری هەموو بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بدزێتەوە. هەروەها حکومەتی هەرێم بەهۆی وەستاندنی پرۆژە ئابوریەکانەوە، دەیان هەزار کرێکارو کارمەندی کەرتی تایبەتی، بەتایبەتی کەرتی بیناسازی و رێگاوبانی تووشی بێکاری کردوە و بەسەختی دەتوانن لە مانگێکدا چەند رۆژێک کاریان دەست

بکەوێ، ئەویش بە رۆژانەیەکی کەم. نەبوونی هیچ بیمەیەکی بێکاری و کۆمەلایەتی بۆ ئەم بەشانەی خەڵک، لەپاڵ گرانبوونی بازاڕ و نرخی شتومەکە بنەڕەتیەکانی ژیان، بەشێوەیەکی ترسناک گوزەرانی خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکانی روبەرووی مەترسی هەژاری و برسێتی کردۆتەوە. بەپێی هەمان نوسراوی مامۆستا ئەحمەد هەورامی لە رۆژنامەی ئاوێنەدا نزیکەی (٨٦٠ هەزار) کەس لە هەرێمی کوردستاندا لەخوار هێڵی هەژاریەوە دەژین و رێژەی بێکاری بەپێی ئامارە رەسمیەکان دەکاتە ١٤٪.

حکومەتی هەرێم، چ بەپێی ماهیەت و جەوهەری چینایەتی و چ بەپێی ئەو سیاسەتانەی گرتویەتیە پێش و لەبەر رۆشنایی ئامۆژگاریەکانی بانکی نێودەوڵەتی، ئایندەیەکی تاریک دەخاتەبەردەم خەڵکی زەحمەتکێش و کەمدەرامەت و چینی کرێکار لە کوردستان، هەژاری و برسێتی دەکاتە سیمای رۆژانەی ژیانیان ئەگەر بێتوو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی کوردستان بەشێوەیەکی رێکخراو و یەکگرتوو نەیەنە مەیدانی روبەرووبوونەوەی ئەم سیاسەتانەی حکومەت و هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی هەژاری بەسەریاندا. ئەگەر کەسێک پێی وابێت ئەم هەلومەرجە ئابوریە فەلاکەتبارەی ئێستای خەڵک و ئەو هەژاری و برسێتیەی کە روبەرووی خەڵکی کەمدەرامەت کراوەتەوە، هەلومەرجێکی کاتیەو تەواو دەبێت، تووشمی وەهمێکی کوشندە بووە. ئەو نمونانەی کە لە پەیوەند بە کاریگەری سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمەوە لە وولاتانی بەریتانیاو ئەمریکاو ئەمریکای لاتین هێنامانەوە، لەگەڵ ئەو راستیانەی کە هەر ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێن و ئێمە ئاماژەمان بە هەندێکی کردوە و خەڵکیش رۆژانە دەستو پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن، ئەوە دەخەنەروو کە چینی بۆرژوازی لە کوردستان و حکومەت و نوێنەرە سیاسیەکانیان هەژاری دەکەنە بەشێکی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێش لەپاڵ کەڵەکەی سامان و ژیانی شاهانەو پڕ رابواردنی خۆیاندا.

ئابی 2017

پەراوێزەکان:

*پرۆمیتۆس لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیدا ئەو خوایە بوو کە ئاگری لە کێوی (ئۆلۆمپس) دزی و دایە دەستی بەندەکانی خۆی. ڤۆلکان یش خوای ئاگرە کە لەسەر ئەو کارە پرۆمیتۆس بە بەردێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم دەستەواژەیە لە وێنەیەکی زەیتی دیرک ڤان بابیورن(Dirck van Baburen) لە زانکۆی ئوتریخت (Utrecht) یەوە وەرگیراوە کە ساڵی ١٦٢٣ کێشاویەتی.

موحسین کەریم

**نوسەر لە ماڵپەڕی بڵاوکراوەی هاوڵاتی(The Citizens' Press)

*** The Citizens' Press، ماڵپەڕێکی چەپە کە وەکو تۆڕی خوێندکارانی سۆشیالیست و کرێکاران و ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە کەنەدا خۆی دەناسێنێ.

سورەیا شەهابی

سەبارەت بە بڕیاری ترەمپ بۆ بە بەڕەسمی ناسینی ئۆرشەلیم (قودس) بە پایتەختی ئیسرائیل

گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی

پرسیاری یەکەم:

وەک ئاگادارن ترەمپ بە ڕەسمی دانی بە قودسدا نا وەک پایتەختی ئیسرائیل. ئایا ئەم بڕیارەی ترەمپ لە پەیوەند بە ئەجێندا و ستراتیژی ئەمریکاوە لە ناوچەکە چ جێگاوڕێگایەکی هەیە و چ کاریگەری و کاردانەوەیەکیشی ئەبێ بۆ سەر ناوچەکە؟

سورەیا شەهابی:

لە پەیوەند ئەم بڕیارەی ترەمپەوە بۆ گۆڕینی پایتەختی ئیسرائیل لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس ئەبێ بووترێ کە ئەمە لەوەوە نییە کە بە دوای ستراتیژیەکی دیاریکراو لە ناوچەکەوە بێ. بەڵکو ترەمپ بە شوێن چارەسەری ناکۆکی و کێشە و مەسەلە ناوخۆییەکانیەوەیەتی، بە شوێن چارەسەری مەسەلەی پێشبڕکێی خۆیەوەیە لەگەڵ

ئەوروپا و چین و ڕووسیا. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەڵقەیەکی لاوازە کە بڕیارە هێزهاوسەنگی نێوان هێزەکانی جیهانی چەند جەمسەری مەعلوم بکات. دوای داعش هاوسەنگی بە زەرەری ئەمریکا لە ناوچەکەدا گۆڕا. ڕووسیا و ئێران و سوریای هاوپەیمانی ئەمریکایان بردە دواوە و ئیتر چ ئەوروپا و چ ڕووسیا جێگەوڕێگەیەکی جیاوازتریان هەیە وەک لە ئەمریکا. بەڵام لە ڕۆژهەڵات لە بنەڕەتدا هاوسەنگی بە قازانجی ڕووسیا و ئێرانی هاوپەیمانی گۆڕا. بەهەرحاڵ ئەمە دیاردەیەکە تاکتیکی ئەمریکا کە لە دوای داعشدا هەیە، مەرگ و کۆتایی ی داعش وەک ئەڵێن بە سەرکەوتنی ئەمریکا تەواو نەبوو، بگرە بە لاوازبوونی ئەو، ڕۆڵ و نەخشێکی کەمتری ئەو لە ناوچەکە تەواو بوو. سەرئەنجام یاری کردن بە وەرەقەی مەسەلەی فەلەستین و هێرش بۆ سەر مافی فەلەستینیەکان بۆ بوونی دەوڵەتی خۆیان لە پەنای دەوڵەتی سوپەر ڕاستڕەوی قەومی فاشیستی ئیسرائیلدا ئەمریکا بە شوێن دەلاقەیەک یان هەلێکەوەیە کە بتوانێ هێزهاوسەنگی جیهانی بە قازانجی خۆی بگۆڕێ.

یانی ئەم مەسەلەیەی قودس جێگەوڕێگەیەکی تاکتیکی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم هێزهاوسەنگیە بەرامبەر بە ڕووسیا و لە درێژی ئەوەشدا چین و ئەوروپاش بە جۆرێک بشکێنێتەوە کە قازانجی خۆی دابین بکات. ئەمە لە پەیوەند بە ستراتیژی ئەمریکاشەوە لەبەرامبەر گۆڕینی ئارایشی جیهانی یەک جەمسەری بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ جیهانی چەند جەمسەری مانا پەیدا ئەکات. ئەو ئامادە نییە کە جەمسەری شەریکی وەک چین و ڕووسیا و ئەوروپا، بە ناوی شەریکەوە نەک هاوپەیمانان، بێنە مەیدان لە کاتێکدا جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئێستا ئیتر هیچ مانایەکی نەماوە و سەرئەنجام ستراتیژی ئەمریکا لەبەرامبەر پاشەکشەکردنی دنیای یەکجەمسەری بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کە بە وێرانبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو بوو. لەبەرامبەر ئەم پرۆسەیەدایە کە خەریکە پەرچەکردار نیشان ئەدات هەربۆیە بە کارتی جیاجیا لەوانە کارتی فەلەستین، کارتی ئێران، کارتی کۆریای باکور یاری ئەکات. ناوچەکانی دەرەوەی ئەمریکا بە سەربازی ئەکات لەبەرئەوەی لەم جیهانی چەند جەمسەریەدا جێگەوڕێگەی سەرۆک مەیسەر بکات کە لە ڕووی واقعیەوە نە لە باری ئابوریەوە ئەمریکا توانای هەیە لە ئاستی سەرۆکی جیهانی بۆرژوازیدا بێ و نە لە باری سیاسی و هەتا سەربازیشەوە ئەو توانایەی هەیە هەرچەندە گەورەترین جەمسەری سەربازیە.

سورەیا شەهابی

ڕەنگدانەوەی ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە، بە بڕوای من هۆکار و شەریکە بەهێزەکان هەمووی ئەگۆڕێ. ئێستا داعشێک بوونی نییە، ئەمە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل نییە وەک دەوڵەتێکی یەهودی. پڕۆژەی دەوڵەتی یەهودی کە جۆرێک مەقبولیەتی هەبوو لە پەنا دەوڵەتی فەلەستیندا ئەمەش بەم تاکتیکەی ترەمپ پوچ ئەبێت. یانی خودی درێژەدان و بەردەوامی ئیسرائیل ئەچێتە ژێر پرسیارەوە. هێزی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی دژە ئیمپریالیستی لە ناوچەکە سەردەردێنن. جۆرەها باندی گانگستەری قەومی و دینی تر ئەتوانن لەم زەلکاوەوە سەردەربێنن. هەتا حەماس ناتوانێ سوودێکی ئەوتۆی تایبەت بەدەستبهێنێ، ئەتوانێ گەشە بکات و ڕیزبەندی تازە بێنەپێشەوە کە ئەبنە مایەی بە قوربانی بوونی خەڵک و مەسەلەی فەلەستین لەو ئارایشتەدا. لە هەمان کاتیشدا فەزا ئاوەڵا ئەبێ بۆ هێزی سێکیولار و شارستانی و ئینساندۆست و سۆشیالیستی و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە کە لە ڕووداوەکانی شۆڕشی تونس و میسردا هەمانبوو گەر فرسەت پەیدا بکەن، ئەگەر لەبەرامبەر ئەم تاکتیکە وێرانکەرەوە فرسەتی خۆدەرخستن پەیدا بکەن.

بەڵام بە شێوەیەکی واقعی ئەمریکا کێشەی هەیە ناتوانێ ئەو گەورەترین هێزی ئابوری جیهان بێ لەبەرئەوەی چەند جارێکی تر وتوومانە کە مۆدێلی گەشەی ئابوری لە چینە. چین ئەڵێ من وەک زلهێزی ئیمپریالیستی و زلهێزی جیهان قبوڵ بکە، ڕووسیا ئەڵێ ئەبێ من وەک زلهێزی سەربازی جیهان قبوڵ بکەی. جەمسەری ئەورووپامان هەیە کە هەرچی زیاتر خۆی لە ئەمریکا دوورئەخاتەوە. ئەمریکا بە قازانجیەتی ئەورووپا کەرت کەرت بێ و پاشەکشە بکات. لە واقعدا بۆرژوازی ئەمریکا دواکەوتووترین و تێکدەرترین بۆرژوازی دنیایە چونکە بۆرژوازیەکی دۆڕاوە. ئەگەر بۆرژوازیەکی براوە مانایەکی هەبێ ئەوا بۆرژوازی ئەڵمانیە، مەبەستم لە بەرامبەرکێ و ململانێ نێودەوڵەتیەکاندا نەک لە گۆشەی خەڵکەوە. لە گۆشەی ژیانی خەڵکەوە هێزی سێیەم هێزی چینی کرێکارە. سەرئەنجام هەر بۆرژوازیەک خەریکە سەرکوتی چینی کرێکاری وڵاتەکەی خۆی ئەکات. بەڵام لە ئاستی جیهانیدا ئەم تاکتیکانەی ئەمریکا کۆششێکە بۆ ئەوەی شتێک کە مردووە، سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ جیهان، بیەوێ زیندووی بکاتەوە هەتا گەر بە نرخی وێرانترکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ، بە نرخی وێرانکردن و میلیتاریزەکردنی ئاسیای دوور بێت لەبەرئەوەی بە حساب چین بدات بە زەویدا. ئەمانە هەمووی ستراتیژی ئەمریکان. هەروەک ترەمپ لە

سەبارەت بەبڕیاری ترەمپ..

پلاتفۆرمە ئەمنیەکەشیدا ڕایگەیاند کە وتی ئێمە مونافیسی وەک چین و ڕووسیامان هەیە، دوژمنی وەک کۆریای باکور و ئێران و جیهادیەکانمان هەیە کە لە واقعدا بەمە ئەیەوێ بڵێ کە شەڕ لەگەڵ ئەو دوژمنە بچوکانەمدا ئەکەم تاکو ئەو مونافیسانەم لە جێی خۆیان دابنێمەوە. ئەمە کێشمەکێشێکە، شەڕێکە کە ئەمریکا لەگەڵ چین و ڕووسیا و ئەورووپادا ئەیکات لەبەرئەوەی قبوڵی نییە لە خودی ڕیزبەندی بۆرژوازی جیهانیدا دنیای چەند جەمسەری دروست ببێ. بەڵام لەسەر لاشەیەکی مردووەوە کە سەرۆکایەتی ئەمریکایە بۆ جیهان خەریکە سەرمایەگوزاری ئەکات وە ئەو پڕۆژەیەی کە ئەمریکا بتوانێ خۆی وەک سەرکردە بپارێزێ مردووە بەڵام لەم پرۆسەی مردنەدا ئەتوانێ وێرانی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دوور بە دوای خۆیدا بهێنێ. هەر ئێستا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئەم تەرحەی ئەمریکان و لە واقعدا ئەمریکا خەریکە پەراوێز ئەکەوێ بەڵام پەراوێزبوونی ئەمریکا بە مانای لاوازبوونی نییە، مانای وایە بە دوای هێزی کۆنەپەرستی تر لەمڵاولەولادا ئەگەڕێ بۆ ئەوەی هاوپەیمانانێک پەیدا بکات تا بتوانێ پرۆسەی ئەم دارمانەی وەک ڕابەری جیهانی ئازاد و و سەرۆکی جیهانی یەکجەمسەری دوابخات هەرچەندە بە نرخی وێرانکردنی زیاتری ناوچەکە بێت.

بەهەرحاڵ ئەمە ستراتیژیە بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا خۆ دنیا خاڵی نییە، هێز و جەمسەری تر بوونیان هەیە نەک بە تەنها لە ڕیزی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان و ڕیزی بۆرژوازیدا بەڵکو لە ڕیزی ژێردەستەکان و چینی کرێکاردا کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی و سۆشیالیزم لە ئەورووپادا وا ئەبوژێتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، لە ئێران و عێراقدا بوونی هەیە. سەرئەنجام ئایندە نیشانی ئەدات کە ئەم هێزهاوسەنگیە چ فرسەتێک ئەهێنێتە پێشەوە و چۆن ئەبێ سوودی لێ وەربگیردرێ. ئەمەوێ بڵێم کە مەیدانەکە خاڵی نییە کە ئەمریکا هەر کارێکی بوێت وا بە ئاسانی بیکات. بەڵام بە واقعی ستراتیژی ئەمریکا لەڕادەبەدەر تێکدەرە، کە ستراتیژی پاراستنی لاشەیەکی مردووە کە هەر هێرش و وێرانکاریەک پێویست بێ ئەیکات لە پێناوی ئەوەدا کە ئەمە بپارێزێ. لە دواکەوتوترین هێز و بیروڕای کۆنەپەرستانە و هاوپەیمانەکانی ئەمریکان بۆیە بە بڕوای من ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. بەڵام ئیتر قسەکە دێتە سەرئەوەی کە ئایا ئەتوانێ چەند ناوچە وێران بکات و تێکی بدات.

سورەیا شەهابی

پرسیاری دووەم:
ئایا لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەی ئەمریکادا کە لەناوچەکە ئاشوبی بە دوادا ئەبێ، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان و بەرەی ئازادیخوازی ئەبێ چی بکەن و چ سیاسەتێک بگرنە بەر لەبەرامبەریدا چ لە ناوچەکە و چ لە جیهاندا؟

سورەیا شەهابی:
بە بڕوای من هەر کاتێک لە مێژوودا ئەوەی لە ناوچەکە ئەگوزەرێ و لە پەیوەند بە جیهانەوە پارچە پارچە بووبێ، ئێستا ئیتر لە یەک جیا نین. هەر شتێک لە جیهاندا ڕوو بدات دەستبەجێ لە ناوچەکە کاریگەری ئەبێ، یان لە ناوچەکە هەر شتێک ڕووبدات لە جیهان دا کاریگەری ئەبێ. دیارە ئەم کاریگەرییە ڕێک وەک نییە بەڵام بێگومان کار ئەکەنە سەر یەک.
بە بڕوای من لە هەر وڵاتێکدا ئەبێ لەبەرامبەر بە بۆرژوازی خۆییەوە داکۆکی لە دەستکەوتەکانی تا ئێستای مرۆڤایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە بۆ بە شکستکێشانی هێرشی بۆرژوازی ئەمریکا و بۆرژوازی هەموو ئەم وڵاتانە دەست پێبکات. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم هێرشە ئەسڵیترین ئەرکی هێزە چەپ و کۆمۆنیست ئازادیخوازەکانە و ئەسڵیترین سەنگەری وەستانەوەیە لەبەرامبەر ئەم هێرشە کۆنەپەرستانە چەپەڵەی بۆرژوازی و لەسەروویانەوە بۆرژوازی ئەمریکی کە ڕوو بە پوکانەوە و مەرگە. وە بەمجۆرە داکۆکیکردن لە دەستکەوتەکانی تا ئێستای بەشەر لە ئەوروپا، لە ئەمریکا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بوونی دوو دەوڵەتی ئیسرائیلی و فەلەستینی بەشەریەت پێشی ڕازی نەبووە و ئێستا ترەمپ هێرشی کردۆتە سەر. سێکیولاریزمی کۆمەڵگاکانی دنیای عەرەب گۆڕدراوە بە کۆمەڵگا قەومی و دینیەکان و لەمەش زیاتری لێ دێ. درێژەکێشانی دەسەڵاتی دینی و قەومی لە سعودیەوە تا ئیسرائیل و تا ئێران و عێراق و تەواوی ئەو وڵاتانەی حکومەتی قەومی و دینیان هەیە. داکۆکیکردن لە دەستەکوتەکانی پێشتر و یان حکومەتی سێکیولاری تەنها ئەتوانی لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازی محەلی وڵاتەکەی خۆتدا بیکەیت. بۆ نمونە لە ئێراندا بە بیانوی ئەوەی کە ئەمریکا جەنگخوازە هەرچی پارە و پول و بودجە هەیە تەرخانی ئەکەن بۆ هێزی سەربازی و لە عێراقدا دەخاڵەت ئەکەن، لە دژی چینی کرێکاری کوردستان و عێراق کار ئەکات، عێراقی کردۆتە

وڵاتێکی فیدراڵی قەومی و ئەمانیش سودی خۆیان لێ وەرگرتووە. ئەو سیاسەتانەی لە عێراقدا پیادەی ئەکەن و بوونی عەبادی بەهێزتریان ئەکەن لە بەرامبەر ڕەقیبەکانیاندا لە ناوچەکە. ئێران خۆی لە ناوخۆدا داغانە و خەریکە ئەڕوخێ، ناتوانێ وەڵام بە بچوکترین داوا و پێداویستی کۆمەڵگا بداتەوە کەچی دیعای ئەوە ئەکات کە خەریکە ئاسایش بۆ ناوچەکە بەرپا ئەکات و هێزی سەربازی ئەنێرێ بۆ عێراق و بۆ یەمەن و وڵاتانی تری عەرەبی و هەرچی زیاتر پایەی قەومیکردن و بە دینیکردنی بەهێزئەکات. سەرئەنجام بە کورتی داکۆکی لە دەسکەوتەکانی تا ئێستای بەشەریەت کە دەسکەوتەکانی دوای دوو جەنگی تێکدەر و وێرانکەری جیهانین و شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر و پێشڕەویەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی بووە لە ئەوروپا، لە ئەمریکا، لە ئێران، لە عێراق، ئەمانە سەنگەری بەرگریە. هەرلێرەشەوەیە یەکگرتوو بوون و ڕێکخراوبوون گرنگن. بێگومان لە پرۆسەی بەرگریدا ناچاری شەڕ لەگەڵ بۆرژوازی وڵاتی خۆدا بکەیت. ئەگەر چینی کرێکار لە ئەمریکا لە خودی ئەو دەستکەوتانە کە خەڵک هەیەتی و بەشەریەت سەپاندوویەتی بەسەر بۆرژوازیدا هەتا لە ئەمریکا و ئەوروپاشدا بەرگری بکات، لە بیمە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان داکۆکی بکات کە خەریکە وەحشیانە بە سیاسەتی بودجە و باج لەلایەن حکومەتەکەی ترەمپ و دەوڵەتانی ئەوروپیەوە ئەکەوێتە بەردەم هێرشەوە، مەسەلەکە پێچەوانە ئەبێتەوە. کەسێکی وەک ترەمپ ناتوانێ هەرجۆرێک بیەوێت دەموچاوی جیهان ڕووپۆش بکات. سەرئەنجام بەرگری پێشڕەوانە، یەکگرتووانە و ڕێکخراوانە ئەتوانێ پێش بەم شتانە بگرێ.

بۆ نمونە لە مەسەلەی ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراقدا بە پێی پێویستیەکەی، خودی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەو دەسکەوتانەی بەشەریەت کە پێشتر بە دەستهاتوون ئەبوایە بە ڕەسمیەتیان بناسیایە، کەچی بە ڕەسمیەتی ناناسن. بە تەواوی پەیماننامە جیهانیەکان، ئەو پەیماننامانەیکە ئەزمونی دوو جەنگی جیهانی وێرانکەر بوون، وەک پەیماننامەی مافەکانی ژنان، پەیماننامەی مافەکانی پەنابەران، منالان و تەنانەت پەیماننامەنی مافی هەڵهاتن لە شوێنێی ژیانی خۆت کە دەرگیری کێشە و جەنگە، هەموو وا ئەخرێنە ژێر پێوە.

ئەمە ڕێگایەکە کە ئێمە ئەتوانین بزووتنەوەکەمانی پێ بەهێز بکەین، بەرگری لە دەستکەوتەکانی بەشەریەت، بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی، دەستکەوتەکانی

شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی فەڕەنسا. هەروەها وەستانەوە بەرامبەر برسی و هەژارکردن، نەبوونی ئاسایش و داکۆکی لە مافەکانی مانگرتن و خۆپیشاندنان و خۆڕێکخستن و.. هتد. ئەوروپا خەریکە گیانی دێتەوە بەبەردا و چەپ بە ڕێزەوە سەربەرزئەکاتەوە هەتا نەک بە مانا کۆمۆنیستیەکەی، بەڵکو بە مانای پابەندبوونی دەوڵەت بە زەمانی کۆمەلایەتی بۆ خەڵک، بۆ کردنی خۆشگوزەرانی خەڵک بە مەسەلەیەکی ئەولەوی و داکۆکی لە ئازادی وا خەریکە هەنگاوهەڵئەگرێ. من ئومێدم بە ئەوروپا هەیە، من ئومێدم بە هەنگاوهەڵگرتنی کۆمۆنیزم لە ئێران و عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیە. پێم وایە ڕێگایەک ئەوەیە کە ئەمانە، واتە ئەوانەی دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، بە ناوی داکۆکیکەر لە ئاسایشی خەڵک نەناسرێن نە لە ئێران و نە لە ئیسرائیل و نە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نە لە ئەمریکا و هۆلاند و.. ئەمانە هەموویان سەرچاوەی ناسەقامگیری و نائاسایشی دنیان وە سەرئەنجام لە سەرووی هەموویانەوە بۆگەنی بۆرژوازی ئەمریکیە کە خەریکە ئەو ڕۆڵە ئەگێڕێ کە بەم بەهانەی ئاسایشە هێرش ئەکاتە سەر بژێوی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی و بەها یەکسانیخواز و ئازادیخوازەکان کە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای بەشەرین و بەمجۆرە خۆی سەپاندووە بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا.

ئێستا زۆر شت گۆڕانی بەسەردا دێت، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی پێشوو نامێنێ، ناتۆ گرنگی خۆی لە دەست ئەدا، وە سەرئەنجام هەر ولاتێک خەریکە بودجەی قەبە بۆ بەهێزکردنی هێزی سەربازی تەرخان ئەکات و لەلایەنێکەوە وا ڕووی جیهان میلیتاریستی ئەکەن. ئەبێ ڕووبەڕووی ئەمانە ببینەوە و ئەم کارەشمان لە ڕێی ئاشتیخوازی و ئارامیخوازیەوە بۆ ناکرێ. بە هێرش بردن و ماکسیماڵیست بوون (ئەوپەڕگەرایی) و خستنەڕووی تەواوی داخوازیەکانی جەماوەر و نەچوونە ژێر ئالای بۆرژوازی محەلی لەم جەنگە چەپەڵەدا کە ئەچێتەپێشەوە، کە بە بڕوای جەنگی جیهانییە. ئەمە هەلێکە کە هێزی سێیەم کە خۆی بوونی هەیە و دەنگی بەرزکردۆتەوە، بۆ نمونە ئێستا لە ئینگلاند ئەیبینی کە چەندێک ڕەوتی ڕاستی پاشەکشەپێکردووە وە نیشانەکانی لە ولاتانی تریشدا هەیە. ئەم هێزە ئەتوانێ بەر بەم وێرانکاریە بگرێ. لە نائامادەبوونی ئەم هێزەدا شەڕی دنیای چەند جەمسەری لەبەرامبەر هێرشی هێزێک کە پێشتر سەرۆکی جیهان بووە، واتە ئەمریکا، ئەتوانن خوێنبڕێژن لە سەرەتادا لە جێگا دوورەکانەوە بەلام شارەکانی یەکتر بۆمباران ناکەن

سەبارەت بەبڕیاری ترەمپ..

وەک جەنگی دووەمی جهیانی بەڵام ئەتوانن دەیان جێگا لە ئاسیای دوور و ئەفریقا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێران بکەن بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگی لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرن تا بتوانن بیسەپێنن بەسەر ئەمریکادا کە دنیا هی چەند جەمسەریە و ئەبێ شەریکەکانی بە ڕەسمی بناسێ.
سەرئەنجام تاکە هێزێک کە لەم نێوەدا هەیە سۆشیالیزم، هێزی چینی کرێکار و هێزی خەڵکی زەحمەتکێشانێکە کە هیچ یەکێک لەمانەی ناوێ و ئەو ئەتوانێ بە بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی خۆیەوە بێتە مەیدان. من بەم دیاردەیە ئومێدم هەیە. بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە هەم بۆ ناوچەکە و هەم بۆ دنیاش ڕاستە کە بەرگری لە مافەکانی تا ئێستای مرۆڤ مەسەلەی چینی کرێکار و مەسەلەی کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکانە. ئێستا بەرگری لە ژینگەش، بەرگری لە مافی ژن و مافی مناڵ و بەساڵاچوان و مافی هەڵهاتن و هەرچی شتێکە تەنها کەوتۆتە سەر مێزی کۆمۆنیستەکان، هیچ هێزێکی بۆرژوازی لە ڕاستیدا بوونی نییە داکۆکی لەمانە بکات. تەواوی عەدالەتخوازی و یەکسانیخوازی لە نزمترین ئاستیەوە تا بەرزترین ئاستی لەسەر مێزی کۆمۆنیستەکانە و ئەمە ئەرکی هەر کۆمۆنیست و سۆشیالیستێکە لە هەر شوێنێکی دنیا بن.

جەمال موحسین

شۆڕشێک کە کۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کردا!

لە یادی ١٠٠ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا

''ئێمە سۆسیالیستین. ئەمە مانای وایە دوژمنی خاوەن موڵکایەتی تایبەتین کە بووەتە هۆی ناکۆکی خەڵک. ئەوان لە دژی یەکتر چەکدار دەکا، ناکۆکی و ناتەبایی لە ئاشتی نەهاتوو پێکدێنێ و بۆ شاردنەوە و پینەکردنی ئەو ناتەباییەش درۆیان دەکا. خەڵک فێری درۆ و دووڕوویی و دوژمنایەتی دەکا. ئێمە لەسە ئەو باوەڕەین کۆمەڵێکی وا کە مرۆڤ تەنیا بە ئامرازی دەوڵەمەند بوون دەزانێ، کۆمەڵێکی نائینسانییە... ئەو کۆمەڵە دوژمنی ئێمەیە . ئێمە ناتوانین ڕەوشتی چەپەڵ و بێبەزەیی و سەگ ڕەوشتانەی ئەو کۆمەڵە سەبارەت بە بەرهەڵستەکانی قبوڵ بکەین. ئێمە دەمانەوێ دژی هەر شێوە ڕەفتارێک کە تەنیا لە ڕووی سود و تەماعەوە خەڵک لەیەک جیا دەکاتەوە، دژی هەموو شێوەیەکی کۆیلەتی بەدەنی و مەعنەوی مرۆڤ کە ئەو کۆمەڵە بەکاردێنێ، خەبات بکەین و خەبات دەکەین. ئێمەی کرێکار ئەو کەسانەین کە لە مەکینە زلەکانەوە بیگرە تا دەگاتە بوکە شوشەی منداڵان، هەموو شت بە کاری ئێمە دروست دەکرێ. ئێمە لەو حەقەش بێبەشین کە بۆ ئابڕوی ئینسانی خۆمان خەبات بکەین. هەموو کەس پێی ڕەوایە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی ئێمە بکاتە

شۆڕشێک کەکۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کرد!

داردەست. ئێمە دەمانەوێ ئەوەندەمان ئازادی هەبێ بەرە بەرە بتوانین دەسەڵات بگرینە دەست، یانی دەسەڵات بکەوێتە دەستی گەل، کار بۆ هەموو کەس هەبێ... ئێمە شۆڕشگێڕین و تا ئەو دەمەی هێندێک زوڵم لە هێندێکان دەکەن هەر شۆڕشگێڕ دەبین... ئێوە لەباری مەعنەویەوە بەرهەمێکتان نییە، بیروباوەڕی ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ پەرە دەگرێ، دەچێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و ئەوان بۆ خەبات، بۆ ئازادی، بۆ خەباتی شێلگیر و لە ئاشتی نەهاتوو ڕێک دەخا. بێجگە لە زۆرداری و دڕندەیی ناتوانن بە هیچ شتێکی تر پێشی ئەو جوڵانەوە بگرن... هێزی ئێوە هێزێکی میکانیکیە کە بە کۆکردنەوەی زێڕ و زیو پێک هاتوووە... بەڵام هێزی ئێمە هێزێکی زیندووی هاوپەیوەندیە کە هەموو ژێردەستەکان دەکا بە یەک. ئەوەی ئێوە دەیکەن هەمووی تاوانبارانەیە چونکە تەنیا لە فیکری ئەوەدان مرۆڤ بکەن بە کۆیلە. بەڵام تێکۆشانی ئێمە دنیا لە شەڕی دێوەزمەی درۆ و تەماع و قینی ئێوە ڕزگار دەکا. کرێکاران و وەرزێرانی ئێمە ڕێزگار دەبن و دنیایەکی ئازاد و یەکسان و لەبن نەهاتوو پێک دێنن. ئەمە هەر دێتە دی.'' (مەکسیم گۆرکی، دایک، ل.٢٩٩)

ئەو دە ڕۆژەی دنیای لەرزاند، کە لە نووسینی جۆن ڕید بوو کرابووە فیلم لە سەرەتای ساڵەکانی ٨٠ ی سەدەی ڕابردوو سەرنجی زۆربەمانی ڕاکێشابوو. پێشتر زۆر گوێم لە وشەی شۆڕش بوو بوو بەڵام هیچ یەک لەوانە لەم ''دە ڕۆژە'' نەئەچوو. لە پاڵ ئەمەدا وتە و قسەی پاڵەوانەکانی ڕۆمانی دایکی ماکسیم گۆرگی و نینای ثابت ڕەحمان زەنگێکی هەمیشە زرینگاوەی ناو زەینی من و بەشێکی زۆر لە هاوسەردەمانی من بوو. دیمەنی کۆڵانە چڵپاوی و پڕ دوکەڵەکان و کرێکارانی شەکەتی گەڕەکەکان و ڕێکخستنەکانی کرێکاران و چوونە ناو ڕیزەکانی حزبی کرێکاران و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش لە ناو ڕۆمانی دایک دا و هەستانی جەماوەری برسی لە ناو نینا دا و دارمانی کۆشکی زستانەی تزار ئەنگیزە و ئەندێشەی شۆڕشی لامان تۆختر کرد. هەر بەڕاستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرسەلماندی کە تەنها چەند ڕۆژێک نەبوو، دەروازە و سەرەتایەک بوو بۆ ئاڵوگۆڕێک لە دنیای هاوچەرخی سەرمایەداریدا. لەلایەک بەخشینی ئومێد و باوەڕ بە کارگەران کە بنیاتنانی سۆشیالیزم و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لە دنیای واقعدا ئیمکانی هەیە. لەلایەکی تریشەوە لەرزێکی بۆ سەرمایەداری جیهانی و ئیمپریالیزم بڕی کە تا ئێستاش تامێسکەکانی وشک هەڵنەهاتوون. با لەم دەروازەیەوە ئاوڕێک لە ڕۆڵ و گرنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و وانەکانی بدەینەوە.

پێشەکی ئەمەوێ ئەوە بڵێم لە کاتێکدا کوردستان بە دۆخێکی نالەباردا تێئەپەڕێ و لە کاتێکدا هەندێک لە چەپەکان وێنایەکی دۆگمایی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدەستەوە ئەدەن، لەم نووسینەدا هەوڵ ئەدەم شۆڕشی ناوبراو لە ڕوانگەی سۆشیالیستی مارکسیستیەوە

بخەمە بەرچاو. واتە نە چەسپاندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە سیاقی کات و شوێنی دیاریکراوەوە لەم باسەدا جێگەیەکی هەیە و نە هیچ سڵەمینەوەیەک هەیە لە برەودان بە ئیدەی شۆڕشی سۆشیالیستی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و سەرئەنجام شۆڕشی کۆمۆنیستی. ئەم دۆخەی کوردستانیش ئەبێ لە هەر کاتێک زیاتر ئەوەی دووپات کردبێتەوە کە ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن و ئابوری کۆمەڵگای کوردستاندا نە لە ڕێگەی دەستاودەستی دەسەلات و نە لە ڕێی گوایە بە دیموکراسیکردن و بە نیشتمانیکردن و پەرلەمانتاریزم و نە بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگا ئەچێتە پێشەوە. لە هەر کات زیاتر پێویستی"شۆڕشی ئۆکتۆبەرێکی تر" هاتۆتە پێشەوە، بەلام شۆڕشێک بە تایبەتمەندێتی ئەم سەردەمە و پێداویستی و میکانیزمەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستان وجیهانەوە و بەسوود وەرگرتن لە وانەکانی ئۆکتۆبەر کە خۆی لە پراکتیزەکردنی شۆڕشی چینی کرێکاردا بەرجەستەکردەوە.. ئیتر ئەوەی کە دواتر چەندێک ئەم شۆڕشە ئەتوانێ لەم بارودۆخە جیهانیەدا خۆی بگرێ و ئایا ئیمکانی سۆشیالیزم لە وڵاتێدا چەندێک واقعیە، باسێکی ترە و کاری ئەم نووسینە نییە. بەو هیوایەی لە هەلێکی تردا بێینە سەری.

بەستەرێکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە شۆڕشی شوباتەوە بەستراوە و بەستەرێکیشی ئەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ١٩٠٥. بۆیە بە کورتی دێمە سەر ئەو پێشینانە تاکو بتوانم وێنایەکی مێژووی ئۆبژێکتیڤ بە دەستەوە بدەم. دوای شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕووسی و یابانی لەسەر فراوانکردنەوەی ناوچەی دەسەلاتی خۆیان بە تایبەتی لە نیمچەدورگەکانی کۆریا و مانچورادا کە بە شکستی ڕووسیا تەواو بوو، وڵات ڕووبەڕووی قەیرانێکی بێوێنە بۆوە. برسێتی و گرانی و قاتوقڕی بەربینی بە جەماوەری زەحمەتکێش گرتبوو. لە شارە پیشەسازیەکان شوراکانی کرێکاران یەکەمجار لە شاری ئیڤانۆڤ و پترۆگراد دروست بوون و دواتریش لە مۆسکۆ و شارەکانی تر. شورای پترۆگراد کە بەهێزترین بوو لەوکاتەدا مەنشەڤیکەکان و بەلشەڤیکەکانی تێدا بوون کە زۆرتر مەنشەڤیکەکان بالادەست بوون. یەکێک لە قسەکەر و ڕابەرانی بەرجەستەی ئەم شورایە لیۆن ترۆتسکی بوو (ئەو کات خۆی مەنشەڤیک بوو). مانگرتنی گەورە گەورە و سەراسەی بەرێخرا لەلایەن شوراکانەوە و داوای ئازادی و باشبوونی ژیانیان ئەکرد. بەلام تزار سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنی گرتە بەر و گوایە ئاڵوگۆڕ لە جۆری سیستمدا ئەکات سەرۆک وەزیرانی دانا و بەڵێنی دا دۆخی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان باش بکات بەلام نە بەڵێنەکەی بۆ برایە سەر و ە توانیشی نارەزایەتی جەماوەر دامرکێنێتەوە و هەتا ئەهات هەر زیادی ئەکرد و سەراسەری ئەبۆوە لە تەواوی ڕووسیادا. تا مانگرتنی سەراسەری لە زۆربەی شارە

شۆڕشێک کەکۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کرد!

گەورەکان دەستی پێکرد. هاوکاتیش لە مۆسکۆ خۆپیشاندان و مەتەرێز لێدان لەلایەن کرێکارانەوە دەستی پێکرد. بەڵام تزار توانی لەلایەک بە بەرنامەیەکی تایبەت بە ناوی (مانیفێستی ئۆکتۆبەر) کە پێکهاتبوو لەوەی دۆما واتە مەجلیسی تەشریعی بە هەڵبژاردن دائەمەزرێنێ و ئازادیەکان بەتایبەتی ئازادی ڕادەربڕین بە ڕەسمی ئەناسرێ دوودڵی و دووکەرت بوون بخاتە ناو ڕیزی کرێکاران و ناڕازیانەوە، لەلایەکی تریشەوە بە سەرکوت و خوێنڕشتن وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە و لە مۆسکۆ سەدان کەسی خەڵتانی خوێن کرد. بەمجۆرە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٦ دا شۆڕش بەتەواوی سەرکوت و خەفەکرا. دواتر دێمەوە سەر ڕۆڵی لینین لەم شۆڕشەدا کە باوەڕ و بۆچوونەکانی جیاواز بووە لە مەنشەڤیک و بەلشەڤیکەکانیش.

وڵاتە زلهێزەکان لە ئەوروپا ڕوویان لە شەڕ ئەنا، شەڕێک لە پێناو فراوانکردنەوەی بازاڕ و دابەشکردنەوەی جیهان و پاوانخوازی زیاتردا. وڵاتانێکی وەک فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا لەلایەک بەهۆی گەشەی پیشەسازی و سەرمایەوە هێزێکی زیاتریان هەبوو وە لەلایەکی تریشەوە چاویان لە کردنەوەی بازاڕی زیاتر بڕیبوو. ڕووسیاش هاوشان ملی بەو گەشەیەوە نابوو وە ئەیویست ئەویش بەشێک لەو بازاڕکردنەوەیەدا ببات بۆ خۆی. بەهەرحاڵ ساڵی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، هەرچەندە زۆر لە پێش ئەوەوە لە باڵکان شەڕ دەستی پێکردبوو. هەڵوێست و بۆچوونی لینین ئەوە بوو کە ئەبێ جەنگ بگۆڕدرێ بۆ جەنگی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەربازان لولەی تفەنگەکانیان لەگەڵ ئەماندا بکەنە ڕووی بۆرژوازی محەلی وڵاتەکەی خۆیاندا، بە واتایەکی دی شۆڕش لە دژی بۆرژوازی دەست پێبکات و خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست. لێرەدا ئەبێ ئەوە بووترێ کە لینین لەم بۆچوونەیدا تەنها بوو وە لە ناو خودی بەلشەڤیکەکانیشدا کەمینە بوو.

لەو کاتانەدا کە جەنگ دەستی پێکردووە لینین ڕای وایە کە لولەی تفەنگەکان بکرێتە بۆرژوازی محەلی لە کاتێکدا تەواوی بەڵشەڤیکەکان و بەشی چەپ لە مەنشەفیکەکان لەگەڵ وەستانی جەنگدان. ئەم بەشەی دواییان لەگەڵ شتێکدان بە ناوی ئاشتی بێ غەرامەوە. بەڵام کەسیان بیریان لای ئەوە نەبوو کە ئاخۆ ئەم ئاشتیە چۆن بەدەست دێ. لە کاتێکدا تەنها لینین، وەک کەمینەیەکیش، ڕای وایە کە چینی کرێکاری هەر وڵاتێک شەڕ لەگەڵ بۆرژوازی خۆیان هەڵگیرسێنن و لێیان یاخی ببن و دەسەڵاتی خۆیان بگرنە دەست. لە ساڵی ١٩١٥ دا کە لینین لە وڵاتی سویسرایە ئیعاز ئەدات کە هانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی وڵاتەکان بدرێت دەستیان نەچێتە هاوچینەکانی خۆیان لە وڵاتانی تر و لە جیاتی ئەوە لەگەڵ بۆرژوازی وڵاتەکانی خۆیان بجەنگن. هاوکاتیش لە هەموو وڵاتەکان دەست ببرێت

جەمال موحسین

بۆ پێکهێنانی شانە نهێنیەکان لەناو سوپاکاندا. وە کەمپینێکی تەبلیغاتی بێڕەحمانە لە دژی سیاسەتی شۆڤینیستی و ناسیۆنالیزمی هەموو وڵاتەکان بە بێ جیاوازی دەست پێبکرێت. کاریگەری جەنگ لەسەر ژیانی خەڵک تا بێت قورستر ئەبێت و هاوکاتیش بەرپرسانی ناو دەوڵەتەکەی تزار تابێت دەوڵەمەندتر و خاوەنی سەروەتی زیاتر ئەبن. نارەزایەتیەکان دەست پێئەکەنەوە، لە ناو سوپاوە چەندین سەرباز هەڵدێن. تزار حوکمی تاقانەی خۆی پیادە ئەکات و بەشێکی زۆر لە پیاوەکانی لەگەڵیدا نامێنن. بەڵام لە سەروبەندی ئەم ڕووداوانە و شۆڕشی شوباتدا، بەشێکی زۆر لە ڕابەرانی بەڵشەڤیکەکان یان دوورخراونەتەوە یان زیندانی کراون. حزبی بەڵشەڤیک لاوازتر بووە و تەنانەت لە هەندێ شوێن کۆمیتەکانی لە دەستداوە. جگە لە کۆمیتەیەکی بەهێز لە پیشەسازیترین ناوچەی شاری پترۆگراد، هیچی وای بە دەستەوە نەماوە.

نان زۆر گران ئەبێ هەرچەند لە مەخزەنەکاندا پڕن بەڵام ئەوەندە گرانە لە توانای کرێکاران و خەڵکی هەژاردا نییە بیکڕن. هاوکاتیش جەماوەر بێدادیەتی لە دەست جەنگ. بۆیە کاتێک لە ٢٣ ی شوبات (بەپێی ڕۆژژمێری کۆن، کە لە ڕۆژژمێری نوێدا ئەکاتە ڕۆژی ٨ ی مارس) ساڵی ١٩١٧ جەماوەر دێنە سەرجادە هەرچی بۆ ڕیزی نانیش وەستاوە پێیانەوە پەیوەست ئەبن. لەو کاتەدایە کە دروشمی نان و ئاشتی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدا ئەکات. هاوکاتی خۆپیشاندانەکان، کرێکاران لە هێڵی ئاسن و میترۆکانی پترۆگراد مان ئەگرن و هاتوچۆ و بازراگانی و هەموو جموجوڵێک فەلەج ئەکەن. بەمجۆرە دەستی دەسەڵاتی تزار ئەگرن کە بتوانێ سوپا و قۆقازی زیاتر بنێرێت. دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان و مانگرتن سوپا، کە بە زۆری لە جوتیاران پێکهاتوون، ڕازی نابن سەرکوت بکەن و تەقە لە جەماوەر بکەن. بۆیە تزار پەنا بۆ قۆقاز و پۆلیس و گاردی تایبەتی ئەبات. بەڵام سەرئەنجام فەرماندەکانی سوپا زۆربەیان دێنە پاڵ جەماوەر و لە دژی پۆلیس و قۆقازەکان ئەوەستنەوە. دوای چەند ڕۆژێک پترۆگراد ئەکەوێتە دەست شوراکان کە لە نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان پێکهاتووە. بەڵام لەم کاتانەدا مەنشەڤیکەکان کە لە ناو ئەو کۆمیتە و لیژنانەدا هەن و لە دژی ئەوەن کە شوراکان ئامرازی گرتنە دەستی دەسەڵات بێ و ئەیانەوێ زۆرتر وەک چاودێریکەر بەسەر کارەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە بێ، هەوڵی خۆیان ئەدەن لەو ڕەوتی شۆڕش و هەستانە و ئیرادەکردن و دەخاڵەت نواندنەی جەماوەری کرێکار و جوتیاران و سەربازاندا ڕێککەوتن لەگەڵ باڵەکانی تری بۆرژوازیدا بکەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە تزار لەسەروبەندی جەنگەوە خۆشەویستی و مەرغوبیەتی لەناو بۆرژوا_لیبراڵ و دەستورخوازەکاندا (کادێتەکان) لە دەست دابوو. لەم کاتەدا کە تزاری گەورە شکستی هێنا

و نەیتوانی بمێنێتەوە و تزاری دوای ئەویش نەیتوانی جڵەوی دەسەڵات بگرێ. بەجۆرێک کەس ئامادە نەبوو وە قبوڵیش نەئەکرا کەس ببێتە تزار. ڕاپەڕین و شۆڕشی کرێکاران بووە هۆی سەرنگونکردنی حوکمی تزار. بەڵام مەنشەڤیکەکان توانیان حکومەتی ناوچەیی بە ڕێککەوتن لەگەڵ باڵەکانی بۆرژوازیدا پێکبهێنن. هەربۆیە شوراکان نەیانتوانی خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست و دەسەڵاتی شورایی دابمەزرێ. هەیەجان و هەستان و ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی ناڕازی لێرەدا و لەم بڕگەیەدا کرا بە بۆتەی بەرژەوەندی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازیدا و نەیانهێشت کرێکاران بگەنە دەسەڵات. بەمجۆرە هەروەک لینین وەسفی ئەکات ئەوە شۆڕشی دیموکراتیکی بۆرژوازی بوو، سەرکەوتن بوو بۆ باڵەکانی بۆرژوازی، لیبڕالەکان، کادێتەکان و ئێس ئارەکان (سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان).

هەر لێرەدا ئەبێ ئەوەش بووترێ کە غیابی لینین لە کاتی شۆڕشی شوباتدا بووە هۆی ئەوەی کە خەتی فیکری و مەیلی سیاسی و بەرنامەیی و بەلشەڤیزم نەیتوانیبوو خۆی لە مەنشەڤیزم جیابکاتەوە بە تەواوەتی چونکە ئەمانیش ئەیانووت کە شۆڕش قۆناغ بەندی ئەکرێ و ئەبێ جارێ بە قۆناغی پێگەشتن و تەکامولیی سەرمایداریدا تێبپەڕین ئنجا شۆڕشی پرۆلیتاری بکەین. بەڵام مەسەلەکە ئیتر بە هاتنەوەی لینین ئەگۆڕێ. تەواوی مەسەلەکە بۆ لینین ئەوەبوو کە پرۆلیتاریا جڵەوی شۆڕش بگرێتە دەست و بەمجۆرەش دەسەڵات لە دەست خۆی بگرێ. ڕاستە لە شۆڕشی شوباتدا ئەو بیرڕایەی مەنشەفیکەکان کە زاڵ بوو وە ئەیویست تەنها کرێکاران و جەماوەری بێبەش لە سەرێزی سەندیکالیستیدا بهێڵ\ێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوراکان بە شێوەیەکی فراوان لە زۆربەی شارە گەورەکان دروست بوون، شورا و کۆمیتەکانی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان شورای سەربازان و کۆمیتەکانیان پێکهاتن و تەنانەت ئەمانەی دوایی هیچ مەسەلەیەکیان بەبێ پرس و فەرمانی شوراکان نەئەبردە پێشەوە. شتێکی گرنگ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەرچەندە لەولاوە دەوڵەت هەبوو و ئۆرگانەکانی دروست کردبوو بەڵام لە هەموو ئەو شوێنانەی شوراکان باڵادەست بوون فەرمان بە هی ئەوان بوو. ئەمەیە کە لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا پێی ئەووترێ ''دەسەڵاتی دووانەیی یان دوولایەنی''، واتە هێشتا دەوڵەتی بۆرژوازی لەناونەچووە بەڵام بەشێکی دەسەڵات لە دەستی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدایە و نەک گوێ بۆ فەرمان و بڕیاری دەوڵەت ناگرن بگرە خۆیان دەسەڵات بە دەست و بڕیاربەدەستن. هەروەک بەوجۆرە دەوڵەت زۆرتر قاوغێک بوو دەنا زۆربەی مەسەلە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکان بە دەست شوراکانەوە بوو (بە پێویست خوێنەر ئەبێ لێرەدا بگەڕێتەوە بۆ باسی لینین 'دەربارەی دەسەڵاتی دووانەیی').

جەمال موحسین

لە چوارچێوەی دۆخێکی وادا کە هەژاری و برسێتی و قاتوقڕی، کێشەی زەوی جوتیاران، قەیرانی جەنگ مەسەلەی ئاشتی و هەبوونی دوو حکومت یان دوو دەسەلات کە هیچیان بەکردەوە ناتوانن وەلام بە پێداویستیەکانی کۆمەلگا بدەنەوە، تەنانەت کە هێشتا شوراکانیش توانای وەلامیان نییە بە هۆی ئەو خەتە فیکریەی بەسەر ڕابەرایەتیەکەیدا زالە، نارەزایەتی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێشیش هەر لەزیادبووندایە. لەم کاتە ناسکەدا لینین، واتە لە مانگی نیساندا، ئەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیا و ئەکەوێ بەسەر ئەم دۆخە و بێوەلامی بەلشەڤیکەکانیشدا. بۆیە تێزەکانی نیسانی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی مەنشەڤیک و بەلشەڤیکەکاندا پێشکەش ئەکات و دواتریش بلاوی ئەکاتەوە (لێرەشدا ئەبێ سەرنجی خوێنەر بۆ گرنگی ئەم تێزانە ڕابکێشین، کە لەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستیدا بلاوکراوەتەوە). ناوەڕۆکی ئەم تێزانە ئەوەیە کە دەولەت و دەسەلات ئەبێ بچێتە دەست کرێکاران لەڕێگای شوراکانەوە، جەنگ بگۆڕدرێ بۆ جەنگی پرۆلیتاریا لەگەل بۆرژوازی محەلی و شۆرش بەسەرئەنجام نەگەیشتووە و ئەبێ بەردەوام بێ تا سەرکەوتنی و پێکهێنانی دەسەلاتی کۆمۆنەکان. هاوکاتیش لە هەرجۆرە خۆشخەیالیەکی کرێکاران بەرامبەر بە حکومەتی کاتی ئەدات و ئەیەوێت بیرەوێنێتەوە و هوشیاری چینایەتیان بباتە سەرەوە. لینین بە دوای شۆڕشی سۆشیالیستیەوە بوو. بۆیە ئەیزانی هەنگاو بە هانگاو ئەبێ و پێویستە چی بکرێ. هەر لە ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتەکانی حزبەوە بگرە تاکو پێدانی خەتی فیکری و تاکو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری چینایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و تاکو کردنی ئەم خەتەی خۆی بە خەتی گشتی لە ڕێکخستنەکانی حزب و شوراکاندا. بۆیە لە ئەنجامی کێشمەکێش و سووربوونی ئەو لەسەر ئەم کارانە و بەرزکردنەوەی دروشمی (گشت دەسەلاتێک بۆ شوراکان) ئەبێ دروشمی گشت حزب. بەلام چونکە هێشتا کێشمەکێشی حکومەتی کاتی و بۆرژوازی و مەنشەڤیکەکان لەلایەک و ئیدەی موغامەرەکردن بە شۆڕش و هەستان لەلایەن چەندانی ترەوە لەناو بەلشەڤیکەکاندا هەبوو لینین ناچار بوو کە هێشتا ئەیبینی ئەوان زۆرینە نین لەناوشوراکاندا و هێشتا کرێکاران نەگەیشتوون بەو ڕاستیە کە ئەبێ دەسەلات لە دەستی برۆژوازی بسەندرێ چونکە خۆیان دەستبەرداری نابن، بە خۆڕاگریەکی زۆرەوە لە هەولی زیادکردنی نفوز و بەرزکردنەوەی هوشیاری چینایەتی بوو. ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە بە بڕوای من چونکە لینین ئەیزانی کە جەماوەری تورە هاتوونەتە دەرەوە و ناگەڕێنەوە و ئەشتوانن پەلامار بدەن، بەلام هێشتا نەگەیشتبوون بەو ڕاستیەی کە بە تەواوەتی ئەبێ دەسەلات لە دەستی کرێکاراندا بێ. بۆیە لینین پەلەپەلی نەئەکرد و هیچ کار و دروشمێکی بێ لێکدانەوە نەئەبردە پێشەوە. هەروەک خۆشی لە تێزەکانی نیساندا پێداگری لەسەر ئەکردەوە.

شۆڕشێک کەکۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کرد!

حکومەتی کاتی چەندین جار گۆڕانی بەسەر خۆی هێنا و هاوکاتیش کەوتە سەرکوتکردنی بەلشەڤیکەکان و لە نفوزی ئەوانی دا و بڕیاری دەستگیرکردنی لینین و ڕابەرانی دا و دوبارە لینین ناچاری دوورکەوتنەوە بۆ فینلاند کرا. بەڵام کارکردن لەناو شوراکانی کرێکاران و سەربازان و بەهێزکردنی ئیدەی بەلشەڤیکەکان و بەتایبەتی هی لینین تیایاندا زیاتر بەهێزی ئەکردن و دژی کیرنسکی و داورودەستەکەی ئەوەستانەوە و بە فەرمانی ئەویان نەئەکرد. لەم هەلومەرجەدا کە نە هەژاری و برسێتی وەڵامی درابۆوە و نە ڕێگەچارەیەک بۆ جەنگ دۆزرابۆوە و نە کێشەی زەوی چارەسەر کرابوو هەروەک ئێس ئارەکان بەڵێنیان دابوو، وە هەر بەم هۆیەشەوە جوتیاران پشتیان لێ کردن، لینین توانی کۆمیتەی ناوەندی بهێنێتە پشت بڕیاریەکەی خۆی کە ئیتر کاتی شۆڕشە. نەخشەمەندانە میحوەرەکانی کۆنترۆڵکردنیان بۆ سوپای سوور دیارکرد و ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٥ ی ئۆکتۆبەر (بە پێی ڕۆژژمێری کۆن و ٧ ی نۆڤێمبەری ڕۆژژمێری نوێ) گاردەکانی سوپای سوور دەستیان بەسەر شوێنە سەرەکیەکانی پیترۆگرادا گرت و حکومەتی کاتی هەرەسەی هێنا. هەر ئەو کاتە و لە کۆنگرەی سەراسەری شوراکاندا بڕیاری گرتنەدەستی دەسەلات لەلایەن شوراکانەوە درا. بەمجۆرە ئەم شۆڕشە مەزنە بە ڕابەری لینین و کەمترین خوێنڕشتن سەرکەوتنی بە دەست هێنا. جۆن ڕید لە وەسفێکیدا ئەڵێ: ''ڕوسیای فراوان لە توانەوەدا بوو. ئەو پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٠٥ ەوە دەست پێکردبوو وە شۆڕشی شوبات خێراتری کرد و لە هەناوی پێشبینی نەزمێیکی نوێدا بەوە گەیشت کە سیستمی کۆن تەنها وەک قاوغێکی بۆش بتوانێ درێژە بە تەمەنی بدات. بەڵام ئێستا وا بەلشەڤیکەکان، تەنها لە یەک شەودا هەروەک چۆن کەسێک دوکەڵێک ئەباتەلاوە، ئاوها ئەم قاوغەیان نەهێشت. ئیتر ڕووسیای کۆن نەما، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە گەرمیەکی سەرەتاییدا نوقم بوو وە لەدەریای گڕ و کڵپەوە خەباتی چینایەتی، خەباتێکی توند و دڵڕەقانە، و هەروەها توێژاڵی ناسکی هێواش ساردەوەبووی هەسارەیەکی نوێ سەریدەرهێنا...'' (جۆن ڕید، بەندی ٩).

هەر ڕۆژێک دوای بە دەسەلات گەیشتنی شوراکان، مەرسومەکانی ئاشتی و زەوی دەرکران وەک یاسای وڵات. بەمجۆرە ئاشتی واتە کشانەوەی ڕوسیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرقەرار کرا و بڕیاری خستنە ژێر ڕکێفی زەویەکان بۆ شوراکانی نوێنەرانی جوتیاران زەویش بوو بە یاسا. لە هەفتەی یەکەمی دەسەڵاتی شوراکانەوە یاساکان بە قازانجی کۆمەڵگا و کارکردووانی دەرکرا. دواتریش لە دەستوردا و بە یاسا هەموو ئەو مافانەی کە مافی سەرەتایی مرۆڤن جێگیرکران. جیاوازی نێوان ژن و پیاو بە یاسا قەدەغە کرا، کاری منالان قەدەغەکرا ... و چەند بڕگەی دەستوری و یاسایی تر، کە لێردا کاتی نییە،

بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان دانران. هەرئەمەش بوو کە دواتر و وەک هەژموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەری ئەوەی دانا کە وڵاتانی بۆرژوازی پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان و پەنابەران و ئازادیەکان و... هتد بخەنە یاساکانیانەوە. بەشێکی لە ترسی تەشەنەکردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕیتی بۆ وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و وەلاتانی دەسەڵاتەکەیان لەلایەن کرێکار و زەحمەتکێشی وڵاتەکەیانەوە، وە بەشێکیشی تاکو بە ڕتوشکردن و دانی هەندێ مافی دیموکراتیک پێش بە هەر شۆڕش و هەستانێکی جەماوەری بگرن. بۆیە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەک بومەلەرزەیەک بوو کە ژێر پێی سیستمی سەرمایەداری لەرزاند، گڕکانێک بوو کە سیستمی کاری بەکرێ و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەی داغ کرد. وە لەو کاتەوە و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ کاریگەری ئەم شۆڕشە بەسەر جیهانی سەرمایەداریەوە ماوەتەوە. کاراکتەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینین ورە و تینی شۆڕشگێڕانەی بە تەواوی ئۆردووی برسیان و ژێردەستانی سەرمایەداری دا و تارمایی ئەو کۆمۆنیزمەی مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا باسیان لێوەکرد بوو بە واقع و شەپۆلی شۆڕشی سوور و دەسەڵاتی چینی کرێکار بووە مژدەبەخشی ڕزگاری.

بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر، شۆڕشی سۆشیالیستی چینی کرێکار هەرچەندە لە باری سیاسیەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام سەرئەنجام بە شکستکێشرا و نەیتوانی بەرنامەیەکی ئابوری سۆشیالیستی پیادە بکات. من لێرەدا نامەوێ لەسەر ئەم باسە، واتە شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر باسێکی ئەوتۆ بکەم چونکە لانی کەم باسێکی پایەیی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حکمەت لەسەر ئەم مەسەلە زۆر بە ڕۆشنی و لە ڕوانگەی مارکسیستیەوە لێکدانەوەی بۆ کردووە. ئەوەندە نەبێ کە جارێکی تر سەرنجی کرێکارانی کۆمۆنیست و سۆشیالیست و هەڵسوڕاوانی کرێکاری بۆ خوێندنەوەی باسی (هێڵە سەرەکیەکانی ڕەخنەی سۆشیالیستی لە ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیەت) ڕائەکێشم.

لێرەدا بە باشی ئەزانم بە ئیزافەی ئەو مەسەلە تیۆری و لێکدانەوە مارکسیستیانەیەی مەنسور حکمەت، بەشێک لە قسەی کۆرشی مودەریسی لەم پەیوەندە بهێنمەوە: ''هەندێ ڕەخنەی باو ئەوەیە کە گوایە چونکە سۆڤیەت دیموکراسی نەبووە و ستالین خەڵکی کوتشتووە، چونکە بیروکراسیەت هاتەسەر حوکم، شکستی خوارد بەڵام ئەمە لە ئاستی میتۆدۆلۆژیەوە هەڵە و نازانستیە چونکە ئایدۆلۆژیە و لەسەری ئەخلاقەوە مامەڵەی ئەکات. بەشێکی زۆر لەچەپەکانی ئەوروپاش وابیرئەکەنەو ەبەوانەشەوە کە تروتسکیستن. ئەمە لەلایەکی تریشەوە ماتریالیستی نییە چونکە وا بڕیارەسەرخانی کۆمەڵگا ژێرخانی

شۆڕشێک کەکۆمەڵگای سەرمایەداری داخ کرد!

کۆمەڵگا دیاریبکات. ئەگەر کۆمەڵگایەک پێویستی بەسەرکوت و ئیستبداد هەبێ مانای وایە ژێرخانەکەی ئەوەی پێویستە. ناتوانی سۆشیالیزم بە ئیستبداد بهێنەتە سەر حوکم. سۆشیالیزم یانی ئازادی و خۆشبەختی مرۆڤەکان، یانی دەخاڵەتیان لە ژیان و چارەنوسی خۆیاندا، یانی بەهرەمەند بوون لەخۆشیەکانی کۆمەڵگا.. ئیتر خۆ تۆ ناتوانی دژی ئەوە بهێنی. کەسێک کە بیەوێ دژی ئەوەبهێنێ واتە ئەبێ شتێکی دژی ئەم جۆرە ژیانەش بهێنێ. ئەمە ئیتر باسی ماتریالیزمی مێژووییە.... هەر ئەوەی کە مەنسور حکەمت ئەیڵێ کە کۆمەڵگای ڕووسیا بنەمایەکی سۆشیالیستی نەبوو، بەرنامەی گەشەی سەرمایەداری و بە پیشەسازی کردنی ڕوسیا بوو. ئەمەهیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نەبوو کە ستالین دیکتاتۆرە و فلان و فیسار بەدئەخلاقن.. مەسەلەیەکی جدی کە لە بەرامبەر بە چینی کرێکار و کۆمەڵگادا وەستابوو بەرنامەی سۆشیالیستی بوو بەڵام ئەو کارە نەکرا.. کەس تەسەوری نەئەکرد کۆمەڵگایەک کە لەسەدا ٩٠ ی جوتیار بوو بەو خێراییە و لەماوەی ٢٠ ساڵدا ئەو گەشە فراوانەی ئابوری و پیشەسازی بکات و تەنانەت موشەکیش دروست بکات. بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە سۆشیالیزمەوە نەبوو. ئەیانتویست گەشە بە سەرمایە بدەن، بەرهەم زیاد بکەن وڵات بەرەوپێش بەرن. بۆ ئەوەی ئەو کارەش بکەن ئەبوایە کرێکار بچەوسێننەوە و وەک کۆیلە ڕایبگرن. خۆ تۆ ناتوانی لەهەموو کاتێکدا کرێکار ناچار بە هەموو کارێک بکەی. بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن و وەک کۆیلەیان لێ بکەن پێویستیان بە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر هەبوو. ئەبوایە ناڕەزایەتیەکانیان سەرکوت بکەن، ئەبوایە نەهێڵێ کرێکار خۆی ڕێکبخا، حزبی ئۆپۆزسیۆن دروست بکا و لەدژی دەسەڵات تەبلیغ بکات.'' (کۆرش، بەشی سێ)

سەرئەنجام شۆڕشی ئۆکتۆبەر مۆری خۆی لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داوە. چ بە سەرکەوتنەکەی و چ بە دانی ئەو ئەزمون و وانەیەی کە کاتێک لەلایەنی سیاسیەوە شۆڕشی کرێکاران سەرئەگرێت، ئەبێ لەلایەنی ئابوریشەوە سەربگرێ و ئابوری سۆشیالیستی دابمەزرێ تاکو بەرەو قۆناغی باڵا، واتە کۆمۆنیزم کە تیایدا دەوڵەت و چینەکانیش هەڵئەوەشێنەوە بچێتە پێشەوە. هەروەک مارکس لە تێبینی سەبارەت بە کۆمۆنەی پاریس و دواتر لینینیش سەبارەت بە شۆڕشی ١٩٠٥ و شوباتی ١٩١٧ دا جەختی لێکردەوە، مەنسور حکمەتیش بە هەمان میتۆدەوە لە ڕەخنە لە ئەزمونی یەکێتی سۆڤیەت پێداگری لەسەر کرد، ئەویش ئەوەیە کە چینی کرێکار ناتوانێ دەست بە هەمان ماشێنی دەوڵەتی بۆرژوازیەوە بگرێ، ماشێنێک کە لەسەر بنەمای کاری بەکرێ دامەزراوە. بگرە ئەزمونێک کە بۆ پرۆلیتاریا هەیە ئەوەیە لە قۆناغی سۆشیالیزمدا دەوڵەتێک دابمەزرێنێ تا وەک ئامرازێک زەمینەکانی هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ بە تەواوی مەیسەر بکات.

جەمال موحسین

ئێستا و دوای ١٠٠ ساڵ لە ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن کە چ جیهان و چ ناوچەکە و کوردستانیش بە هەلومەرجێکی نالەباری ئابوری و پڕ چەوسانەوەی کاری بەکرێدا تێئەپەڕێ، لە هەر کات زیاتر دنیا پێویستی بە شۆڕشێکی تری پرۆلیتاری هەیە تا تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕزگار بکات. بەڵام ئەم کار و ئامانجە گەورەیە پێش هەر شتێک پێویستی بە بوونی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی هەیە، بە بەرزکردنەوەی هوشیاری چینایەتی و بوونی حزبی سیاسی پێشڕەو و ڕێنوێنیکەر و ڕابەریکەر و ڕابەرێکی سەرسەخت و جەسوری وا هەیە کە باوەڕی قوڵی بە هاتنەدی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا هەبێ. لە جەرگەی دۆزەخێک کە بۆرژوازی سازی کردووە، بوونی چینێکی وا کە ئەو جۆرە ڕێکخستن و حزب و ڕابەرە بهێنێتە دەرەوە واقعیەتی هەیە. واقعیەتێک کە لای چینی چەوساوە مایەی ئومێد و وزەبەخشینە و بۆ چەوسێنەرانیش مۆتەکەیە.

دیسێمبەری ٢٠١٧

ئەم سەرچاوانە سوودیان لێ وەرگیراوە:

١. مەنسور حکمەت، هێڵە سەرەکیەکانی ڕەخنەی سۆشیالیست لە ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤیەت. لە کتێبی هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی مەنسور حکمەت، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ (ل. ٤٠٥ بۆ ٤٥٨) کە لە ئامادەکردنی سالار ڕەشیدە.

٢. کۆرشی مودەریسی، مەنشەڤیزم و بەڵشەڤیزم و لینینیزم، هەڵسەنگاندنێکی شیکاری بۆ شۆڕشی ڕووسیا، لە سێ بەشدا کە لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ دا پێشکەشکراون http://www.koorosh-modaresi.com/Farsi/RR.html

٣. ماکسیم گۆرکی، دایک. وەرگێڕانی کەریمی حسامی، چاپی سێهەم، ٢٠٠٨.

٤. جۆن ڕید، ئەو دە ڕۆژەی جیهانی لەرزاند (بە ئینگلیزی و سوود لە ڤێرژنی سایتی مارکسیسەتەکان وەرگیراوە). https://www.marxists.org/archive/reed/1919/10days/10days/index.htm

٥. ڤلادیمیر لینین، تێزەکانی نیسان. ڤێرژنی ئینگلیزی لە سایتی مارکسیستەکان https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1917/apr/04.htm

لێنین

ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی ئێستادا

تێزەکانی نیسان (1)

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
جەمال موحسین

(ئەم وتارە تێزە بەناوبانگەکانی لینینی لە خۆگرتووە کە لەلایەن خۆیەوە لە دوو کۆبوونەوەی کۆنفرانسی نوێنەرانی شورای سەراسەری کرێکاران و سەربازانی ڕووسیادا لە ٤ ی نیسانی ١٩١٧ دا خوێندراوەتەوە.)

پێشەکی:

شەوی ٣ ی نیسان گەیشتمە شاری پێترۆگراد هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی ٤ ی نیساندا،

(1) لە ١٧ ی نیسانی ١٩١٧ دا لە بڵاوکراوەی پراڤدا ژمارە ٢٦ دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم دەقە لەسەر بنەمای دەقی ڕۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە. لە کۆکراوەکانی لینین، بەرگی ٢٤، ل.١٩_٢٦، چاپی خانەی پێشکەوتنی مۆسکۆ، ساڵی ١٩٦٤ دا بڵاوبۆتەوە کە وەرگێڕانەکەی بۆ ئینگلیزی لەلایەن ئیسحاق بێرناردەوە کراوە. وەرگێڕانی کوردیەکەش لە هەمان ئەم دەقەوە کراوە کە لە سایتی مارکسیستەکانەوە وەرگیراوە. تەواوی هێڵی تەئکیدەکان هی لینینە، وەرگێڕ.

ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی ئێستادا

بێگومان توانیم ڕاپۆرتی ئەرکەکانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ تەنها بە ناوی خۆمەوە پێشکەش بکەم و ئەوەش بە هەندێ دوودڵیەوە بەهۆی کەموکوڕی لە خۆئامادەکردنیدا.
تاکە شتێک کە توانیبێتم بۆ ئاسانکاری بۆ خۆم_ و نەیارە سەرراستەکانم _ بیکەم ئەوە بوو کە ئەم تێزانە بە شێوەی نووسین ئامادە بکەم. خوێندمەوە و دەقەکەم دا بە هاوڕێ سێرێتێلی. دوو جار زۆر لەسەرخۆ خوێندمنەوە: جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکی بۆلەڤییەکاندا و دواتریش لە کۆبوونەوەیەی هەردووک بەلشەڤیک و مەنشەڤیکەکاندا.
ئەم تێزە شەخسیانەی خۆم بڵاوئەکەمەوە بە سەرنج و ڕوونکردنەوە کورتەکانەوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا بە دووروودرێژی باسیان لێوە کراوە.

تێزەکان:

١. لە ڕوانگەی ئێمەدا سەبارەت بە شەڕەکە کە لە ژێر سایەی حکومەتە نوێیە کاتیەکەی لڤۆف و هاوەڵەکانیدا بێگومان بۆ ڕوسیا شەڕێکی ئیمپریالیستی تالانکەرە بە حوکمی سروشتی سەرمایەدارانەی ئەو حکومەتە، بچوکترین دەستهەڵگرتن لە ''بەرگری شۆڕشگێڕانە'' ڕێپێدراو نییە.
پرۆلیتاریای خاوەن هوشیاری چینایەتی ئەتوانێ ڕەزامەندی خۆی بۆ شەڕێکی شۆڕشگێڕانە دەرببڕێ کە بە ڕاستی بە چەند مەرجێک بەرگری شۆڕشگێڕانە بە ڕەوا نیشان بدات، ئەوانەش: ئەلف_ ئەوەی کە دەسەڵات بچێتە دەست پرۆلیتاریا و بەشی هەژارترینی جوتیاران کە چوونەتە پاڵ پرۆلیتاریا. با_ئەوەی کە هەموو داگیرکاریەکان بە کردەوە نەک بە گوفتار هەڵبوەشێنرێنەوە. جیم_ئەوەی کە خۆجیاکردنەوەی تەواوەتی لە هەموو بەرژەوەندیە سەرمایەداریەکان بە واقعی جێبەجێبکرێ.
بەهۆی سەرراستیی گومانهەڵنەگری بەشێکی فراوانی جەماوەر کە باوەڕیان بە بەرگری شۆڕشگێڕانە هەیە کە شەڕەکەیان تەنها وەک پێویستیەک قبوڵکردووە نەک وەک دەستبەسەراگرتن، بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە ئەوان لەلایەن بۆرژوازیەوە هەڵخەڵەتێندراون، بە وردبینی و پێداگری و خۆڕاگریەکی تایبەتەوە پێویستە هەڵەکانیان بۆ ڕۆشن بکەینەوە.
ئەو پەیوەندیە جیانەکراوەیەی نێوان سەرمایە و شەڕی ئیمپریالیستیان بۆ ڕۆشن بکەینەوە.
وە بیسەلمێنین کە بەبێ سەرنگونکردنی سەرمایە موستەحیلە بە ئاشتیەکی دیموکراتی ڕاستەقینە، ئاشتیەک کە بە زەبر نەسەپێندرێ کۆتایی بە شەڕ بهێنرێ. ئەبێ فراوانترین کەمپین بۆ ئەم ڕوانگەیە لە ناو سوپادا لە پێشەوەی بەرەدا ڕێکبخرێ.
برایەتی.

٢. جیاکەرەوەی تایبەتی هەلومەرجی ئێستای ڕوسیا ئەوەیە کە وڵات لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشەوە، کە بە هۆی ناکامڵی هوشیاری چینایەتی و ڕێکخراوبوونی پرۆلیتاریاوە دەسەڵاتی خستە دەستی بۆرژوازیەوە، بەرەو قۆناغی دووەمی تێئەپەڕێ کە ئەبێ دەسەڵات بخاتە دەستی پرۆلیتاریا و هەژارترین بەشی جوتیارانەوە.

ئەم ڕاگوزەرییە لەلایەکەوە بەوە جیائەکرێتەوە کە مافەکان تا ئەوپەڕی ڕادە بە یاسا دانپێدانراون (ئێستا ڕووسیا ئازادترینی ئەو وڵاتانەیە کە لە جیهاندا لە شەڕدان) و لە لایەکی تریشەوە بە نەبوونی توندوتیژی لە دژی جەماوەر جیائەکرێتەوە و سەرئەنجام بە باوەڕی کوێرانەی جەماوەر بە حکومەتی سەرمایەداری کە خراپترین دوژمنی ئاشتی و سۆشیالیزمن.

ئەم دۆخە نائاساییە لێمان ئەخوازێ کە توانای ئەوەمان هەبێ خۆمان لەگەڵ هەلومەرجێکی تایبەتی کاری حزبیدابگونجێنین لە نێو جەماوەرێکی بەرینی پرۆلیتاریای بێوێنەدا کە هەرئێستاکە چاوی بە ژیانی سیاسیدا کردۆتەوە.

٣. هیچ پشتگیریەکی حکومەتی کاتی ناکرێ، تەواوی بەڵێنە درۆیینەکانیان ئەبێ پەردەی لەسەر هەڵماڵرێ بە تایبەتی ئەوانەیان کە پەیوەندی بە دەستهەڵگرتن لە داگیرکاریەکانەوە هەیە. لە جیاتی داواکردنی ئەوەی ئەم حکومەتە کە هی سەرمایەدارانە دەستهەڵبگرێ لەوەی حکومەتێکی ئیمپریالیستی بێ، کە ئەمە داواکارییەکی ڕێپێنەدراوە و تۆوی خۆشخەیاڵی ئەڕوێنێ، ئەبێ ڕسوابکرێ.

٤. داننان بەو ڕاستیەدا کە لە زۆربەی شووراکانی نوێنەراندا حزبی ئێمە کەمینەیە، و تاڕاددەیەک کەمینەیەکی بچووک، لەبەرامبەر بلۆکی تەواوی پێکهاتە وردەبۆرژوازیە هەلپەرستەکاندا (ئۆپۆرتۆنیست) کە لە سۆشیالیستە پۆپۆلیستەکان و شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکان و کۆمیتەکانی ڕێکخستن (وەک چخیدزە،تسیرێتلی، ستێکلۆڤ و.... هتد. پێکهاتووە و ملیان داوە بە کاریگەری بۆرژوازی و ئەم کاریگەریەشیان لەنێو پرۆلیتاریادا برەوپێداوە. (2)

ڕوونکردنەوە بۆ جەماوەر تا دەرکی ئەوە بکەن کە شووراکانی نوێنەرانی کرێکاران تاقە

---

(2) سۆشیالیستە پۆپۆلیستەکان حزبێکی سیاسی بوو لە ڕووسیا کە لە باڵی ڕاستی پارتی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ جیابۆوە لە ساڵی ١٩٠٦ دا و لەگەڵ پارتی کادێت (دیموکراتە دەستورخوازەکان) دا پێکهێنابوو.پارتی سۆشیالیستی شۆرشگێڕ حزبەکی سیاسی بوو لە ساڵی ١٩٠٢ دا دروست بووبوو پێیان وابوو کە کۆمەڵگای ڕووسی ئەتوانێ لە فیودالێزمەوە باز بدات بۆ سۆشیالیزم بەبێ ئەوەی بە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تێبپەڕێ. نیکۆلای سێمیۆنۆڤیچ چخیدزە، مەنشەڤیکێك بوو کە یەکەمین سەرۆکی شورای پترۆگراد بوو دواتر بووە ئەندامی حکومەتی کاتی. لە بۆچوونی لەبەرامبەر جەنگدا، سەنتریست (ناوەند) بوو. تسێرێتلی ڕابەرێکی مەشەڤیکی بوو، ئەویش ڕای بەرامبەر جەنگ ناوەند بوو.__ پەراوێزی وەرگێڕ.

شێوازی گونجاوی حکومەتێکی شۆڕشگێڕانەیە. لەبەرئەوە ئەرکی ئێمە ئەوەیە تا کاتێک ئەم حکومەتە مل بە کاریگەری بۆرژوازی ئەدات ڕوونکردنەوەیەکی لەسەرخۆیانە و نەخشەمەند و بەردەوام لەسەر هەڵەی تاکتیکەکانیان بە دەستەوەبدەین، ڕوونکردنەوەیەک کە لەگەڵ پێداویستیە کردەییەکانی جەماوەردا بگونجێ.
مادام کەمینەین لەسەر کاری ڕەخنەگرتن و خستنەڕووی هەڵەکان بەردەوام ئەبین و هاوکاتیش بانگەشە بۆ پێویستی گواستنەوەی تەواوی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ شووورای نوێنەرانی کرێکاران ئەکەین. تا بەمجۆرە خەڵک بە ئەزمون بەسەر هەڵەکانیاندا زاڵ ئەبن.
٥. کۆماری پەرلەمانتاری نا، لەبەرئەوەی گەڕانەوە بۆ کۆماری پەرلەمانتاری لە شورای نوێنەرانی کرێکارانەوە هەنگاوێک گەڕانەوەیە بۆ دواوە. لە بری ئەوە کۆماری شوراکانی نوێنەرانی کرێکاران، کرێکارانی کشتوکاڵی و جوتیاران لەسەراسەری وڵاتدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە.
هەڵوەشانەوەی پۆلیس و سوپا و بیرۆکراسیەت. (3)
موچەی تەواوی فەرمانبەران، هی تەواوی ئەوانەی کە هەڵبژێدراون و یان گەر لە کاتێکی تردا جێیان ئەگرنەوە نابێ لە تێکڕای کرێی کرێکارێکی لێهاتوو زیاتر بێ.
٦. چەقی قورسایی لە بەرنامەی کشتوکاڵیدا بگوێزرێتەوە بۆ شورای نوێنەرانی کرێکارانی کشتوکاڵی.
دەستبەسەراگرتنی تەواوی زەویەکانی خاوەن موڵکەکان.
بە نیشتیمانی کردنی هەموو زەویەکانی وڵات، زەویەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی شورا محەلیەکانی نوێنەرانی کرێکارانی کشتوکاڵی و جوتیارانەوە. ڕێکخستنی جیای شوراکانی نوێنەرانی جوتیارانی هەژار. دامەزراندنی جۆرێکی نمونەیی لە کێڵگە لە زەویە گەورەکاندا (کە قەبارەیان لە نێوان ١٠٠ بۆ ٣٠٠ دێسیاتیندایە و بەڕەچاوکردنی ناوچەکانیان و چەند مەرجێکی تر و لەژێر بڕیاری لیژنە محەلیەکاندا) و خستنیانەژێر کۆنترۆڵی شوراکانی نوێنەرانی کرێکارانی کشتوکاڵی کە بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردێ.
٧. یەکگرتنی دەستبەجێی هەموو بانکەکانی وڵات و کردنیان بە بانکێکی نیشتمانی کە لەژێر کۆنترۆڵی شورای نوێنەرانی کرێکاندا بێ.
٨. ئەرکی دەستبەجێی ئێمە نییە کە سۆشیالیزم "بناسێنین"، بگرە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی بەرهەمەکان دەستبەجێ بهێنینە پێشەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی شورای نوێنەرانی کرێکاراندا بێ.

---

(3) واتە ئەو سوپایەی ئێستا بە هێزی چەکداری گشتی جەماوەر جێبگیرێتەوە_ پەراوێزی لینین

٩. ئەرکەکانی حزب:
ئەلف: بەستنی دەستبەجێی کۆنگرەی حزب
با: گۆڕینی بەرنامەی حزب بە شێوەیەکی سەرەکی لە:
١) پرسی ئیمپریالیزم و جەنگی ئیمپریالیزمدا،
٢) بۆچوونمان سەبارەت بە دەوڵەت و خواستی ئێمە بۆ "دەوڵەتێکی کۆمۆنەیی" ، (4)
٣) هەموارکردنی بەرنامەی لانی کەممان کە بەسەرچووە.
جیم: گۆڕینی ناوی حزب (5)
١٠. ئەنتەرناسیۆنالێی نوێ
ئەبێ دەستپێشکەری دروستکردنی ئەنتەرناسیۆنالێکی شۆڕشگێڕانە بکەین، ئەنتەرناسیۆنالێک لە دژی سۆشیال شۆڤینیستەکان و "باڵی ناوەند". (6)

بۆ ئەوەی خوێنەر لەوە تێبگات کە بۆچی پێداگریم لەسەر "مەسەلەی" نەیارانی سەرڕاست کرد کە ئەمەش جیاوازیەکی سەیرە، داوای لێ ئەکەم کە ئەم تێزانەی سەرەوە بەراورد بکات بەم ڕەتکردنەوەیەی خوارەوە لەلایەن بەڕێز گۆڵدنبێرگەوە کە وتوویەتی: " لینین لە جەرگەی دیموکراسی شۆڕشگێڕدا بەیداخی شەڕی ناوخۆی هەڵداوە" (لە ژمارە ٥ ی یێدینتسڤۆی پلیخانۆڤەوە وەرگیراوە).
ئەمە گەوهەر نییە؟
من لێرەدا ئەینووسم و ڕایئەگەیەنم و بەوردی ڕوونیئەکەمەوە کە بەهۆی سەرڕاستیی گومانهەڵنەگری ئەو بەشە فراوانەی جەماوەر کە باوەڕیان بە بەرگری شۆڕشگێڕانە هەیە... بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە ئەوان لەلایەن بۆرژوازیەوە هەڵخەڵەتێندراون، بە وردبینی و پێداگری و خۆڕاگریەکی تایبەتەوە پێویستە هەڵەکانیان بۆ ڕۆشن بکەینەوە.
هێشتاش خانەدانانی بۆرژوازی کە بە خۆیان ئەڵێن سۆشیال دیموکراتەکان کە نە سەر بە بەشە فراوانەکە و نە جەماوەری باوەڕدار بە بەرگری شۆڕشگێرانەن، بە ناوچەوانێکی ئارامەوە تێڕوانینەکانی من ئاوها ئەخەنەڕوو: "بەیداخی! شەڕی ناوخۆم لە جەرگەی

(4) واتە دەوڵەتێك لە هاوشێوەی کۆمۆنەی پاریس_ پەراوێزی لینین

(5) لە جیاتی سۆشیال دیموکرات کە ڕابەڕە ڕەسمیەکانیان لە تەواوی دنیادا لە سۆشیالیزم هەڵگەڕانەوە و چوونەپاڵ بۆرژوازی (وەك بەرگریکارەکان و کاوتسکی ڕاڕا)، ئەبێ ناوی خۆمان بنێین حزبی کۆمۆنیست_پەراوێزی لینین.

(6) باڵی ناوەند لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆشیالی دیموکراتیکدا ئەو مەیلەیە کە لە نێوان شۆڤینیستەکان (واتە بەرگریکارەکان) و ئەنتەرناسیۆنالەکاندا ڕاڕایە. واتە کاوتسکی و هاوەڵەکانی لە ئەڵمانیا، لۆنگ و هاوەڵەکانی لە فەڕەنسا، چخیدزە و هاوەڵەکانی لە ڕووسیا، تورتای و هاوەڵەکانی لە ئیتاڵیا، ماکدۆناڵد و هاوەڵەکانی لە بەریتانیا.... وهتد._ پەراوێزی لینین.

دیموکراسی شۆڕشگێڕانەدا هەڵداوە! ''، کە ئەمەش شتێکە بە تاکە وشەیەکیش نە لە تێزەکانم و نە لە قسەکانمدا نەهاتووە.

ئەمە مانای چییە؟ ئایا ئەمە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ بانگەشە بۆ هاندانی ئاژاوەدا، کە لە ڕوسکایا ڤۆلیادا هاتووە؟ ''شوراکانی نوێنەرانی کرێکاران تاقە شێوازی گونجاوی حکومەتی شۆڕشگێڕانەیە، لەبەرئەوە ئەرکی ئێمەیە کە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەرخۆیانە و نەخشەمەند و بەردەوام لەسەر هەڵەی تاکتیکەکانیان بە دەستەوەبدەین، ڕوونکردنەوەیەک کە لەگەڵ پێداویستیە عەمەلیەکانی جەماوەردا بگونجێ.''

لەگەڵ ئەوەشدا نەیارانی دروشمێکی دیاریکراو تێڕوانینەکانی من بەوجۆرە ئەخەنەڕوو کە بانگەوازە بۆ ''شەڕی ناوخۆ لە جەرگەی دیموکراسی شۆڕشگێڕانەدا''!

من بۆیە هێرشم کردە سەر حکومەتی کاتی لەبەرئەوەی ڕۆژێکی زووی، یان هەر لە بنەڕەتدا هیچ ڕۆژێکی، بۆ بانگێشتکردن بۆ کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر دیاری نەکردبوو. وە لەبەرئەوەی تەنها خۆی بە وەعد و بەڵێنەکانیەوە بەستبۆوە. مشتومڕی من لەسەر ئەوە بوو کە بەبێ شورای نوێنەرانی کرێکاران و سەربازان بانگەشە بۆ بەستنی کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر گرەنتی ناکرێ و سەرکەوتنیشی مەحاڵە.

ئەو تێڕوانینەش دراوەتە پاڵم کە من دژی بەستنی خێرای کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەرم! ئەگەر دەیان ساڵ لە خەباتی سیاسی فێری ئەوەی نەکردبم کە سەرڕاستی لە نەیاراندا جیاوازیەکی سەیرە، ئەوا ئەم شتە ناو ئەنێم ''هەلەق و مەلەق''.

بەڕێز پلیخانۆڤ لە بڵاوکراوەکەیدا وتەکەی منی بە ''هەلەق و مەلەق'' ناوبردووە. زۆر باشە بەڕێز پلیخانۆڤ! بەڵام سەیرکە کە تۆ لە پلمیکدا (مشتومڕدا) چەند ناکارامە و وشک و کۆڵیت. ئەگەر من بۆ ماوەی دوو کاتژمێر وتەیەکی هەلەق و مەلەقم پێشکەش کردبێ، ئەوە چۆنە جەماوەرێکی سەدان کەسی تەحەمولی ئەم ''هەلەق و مەلەقەی'' کردووە؟ لەوەش واوەتر، بڵاوکراوەکەی تۆ بۆچی ستونێکی تەواوی بۆ ئەم ''هەلەق و مەلەقە'' تەرخان کردووە؟ ناکۆکە، زۆر ناکۆکە!

بە دڵنیاییەوە ئەوە زۆر ئاسانترە هاوار بکەیت، بەدگۆیی بکەیت و بقیژێنی لەوەی هەوڵ بدەیت شت بگێڕیتەوە، ڕوونی بکەیتەوە و یادی بهێنیتەوە کە مارکس و ئەنگڵس لە ساڵەکانی ۱۸۷۱ و ۱۸۷۲ و ۱۸۷۵ دا چییان وتووە دەربارەی ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس و ئەو جۆرە لە دەوڵەت کە پرۆلیتاریا پێویستیەتی. (بڕوانە شەڕی ناوخۆ لە فەڕەنسا و ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا).

وا دیارە بەڕێز پلیخانۆڤی کۆنە مارکسیست نایەوێت مارکسیزم بێنێتەوە یاد.

من وشەکانی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ئەڵێمەوە کە لە ٤ ی ئابی ۱۹۱٤ دا سۆشیال

لێنین

دیموکراتەکانی بە ‘‘جەستەیەکی بۆگەن’’ ناوبرد. وە پلیخانۆڤ و گۆڵدنبێرگ و هاوەڵەکانیان هەست ئەکەن بەدناوکراون. لەبەر کێیە؟ لەبەر ئەو شۆڤینیستە ئەڵمانیانە، چونکە پێیان وتراوە شۆڤینیست!

ئەم سۆشیال شۆڤینیستە ڕوسیە داماوانەی کە بە قسە سۆشیالیست و بە کردەوە شۆڤینیستن، خۆیان خستۆتە چ فەوزایەکەوە.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی

ئەم نووسراوە گوزارشت لە ڕای نووسەر ئەکات. لەمبارەیەوە هەمیشە مشتومڕ هەبووە. خۆشحاڵ ئەبین گەر نووسەرانی سۆشیالیست بتوانن لەم باسەدا بەشداری بکەن. دیدگای سۆشیالیستی

مەبەست لەم مانیفێستە دانانی چوارچێوە و قەید و بەند نییە بۆ ئەدەب و نووسەر، چونکە دەزانین نووسەر بۆ ئەوەی داهێنەر بێ و بتوانێ بە جوانترین شێوە گوزارشت لە جیهانبینی چینایەتی خۆی بکای دەبێ ئازاد بێ. ئازادبوون نە بە مانا بۆرژوازییەکەی کە ئەندامێکی لایەنێکی سیاسیی نەبێ و چینی بۆرژوازی گڵۆپی سەوزی بۆ پێ کردبێ و پشتیوانی لێ بکات، بەڵکو بەمانا کرێکارییەکەی. واتە لەدەرەوەی هەژموون و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی قەراری گرتبێ. هەرکاتێ نووسەری کرێکاریی ئەو مەوقیعییەتەی بەدەست هێنا، ئیتر دەقەکانی هەرگیز ناکەونە تەڵەی خزمەتکردن بە بۆرژوازییەوە. لەلایەکی تریشەوە دەبینین ژمارەیەکی زۆر نووسەر دەقی ئەدەبیی دەنووسن و دەیانەوێ گوزارشت بکەن لە خەبات و تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران، بەڵام ڕەنگە بەپێی پێویست زانیاری پێویستییان نەبێ لەسەر ئەدەبی کرێکاریی و ماهییەتی چینایەتی ئەم ئەدەبە و ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی ئەدەب دەیگێڕێ لە کێشمەکێشەکانی چینی

کرێکار لەگەڵ بۆرژوازی. ئەمە جگە لە پێویستی خۆ سازدان و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەدەبی بۆرژوازی. لێرەوەیە ئەم نووسینە یان ئەم (مانیفێستە) گرنگی خۆی دەسەپێنێ.

(١)

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی کرێکاریی گەڕانەوەیە بۆ ئینسان. دەستبردنە بۆ ئەو ئەبزار و ماتریاڵانەی کە واقیع دەیخاتە بەر دەست بۆ دووبارە بنیادنانەوەی ژیان و خەونی ئەو مرۆڤانەی کە جگە لە گرتنەبەری ڕێگای خەبات، چارەیەکی دی شک نابەن. دووبارە بنیادنانەوەی ژیان و خەونی ئینسان لە وەهم چی ناکرێ، بەڵکو هەر لەو ئینتمایەوە دێتە بوون کە تەواوی ئەدەبی بۆرژوازی خۆی لێ بێبەری دەکات. ئەویش ئینتمای ئەدەبە بۆ واقیع و ژیان. ئینتمای ئەدەبە بۆ چین، ئینتمایە بۆ هێزی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە کە تروسکەی ئومێد لە جووڵە و کردار و هەوڵەکانیدا وەک مرواری بەر هەتاو دەبریسکێتەوە. دەستگرتن بەم ئومێدە، دەستگرتنە بەو ڕوحییەتە شۆڕشگێڕانەیەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو دەستی پێوەگرتووە، بارگاوی بوون بەو ئومێدە و جێخستنی زیاتری ئەم ڕوحییەتە شۆڕشگێڕانەیە ئەرکی بێ ئەملاوئەلای ئەو ئەدەبەیە کە ئێمە و ئەدیبانی وەکو ئێمە ئاڵا هەڵگریین.

(٢)

بەو پێیەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی جیهان لەبەردەم هەڵکشان داکشانێکی بەردەوام دایە.سیستەمی بازاڕی ئازاد و لیبڕالیزمی نوێ جگە لە توندکردنەوەی زنجیرەکانی دەست و پێی کرێکاران دیارییەکی تری بۆ بەشەرییەت پێ نییە، کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت نالەبارترین دۆخی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دەگوزەرێنن، ژێرخانی ئابووری زۆرێک لە کۆمەڵگەکان دووچاری لەبەریەک هەڵوەشانەوەیەکی مەترسیدار بۆتەوە، چینی کرێکار جگە لە مەینەتییەکانی کار و ژیان، دەرگیری سیاسەتێکە کە کۆمەڵی بازرگانی سیاسیی سەرقاڵن پێوەی و کە بەم هۆیەشەوە ئاستی ژیانی خەڵک فەلاکەتبارە و بەگشتی لەژێر هێڵی هەژارییەوەیە. کەمبوونەوە یان نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، کەمبوونەوە یان نەبوونی بیمە تەندروستییەکان، کەمبوونەوە یان نەبوونی کار و بیمەی بێکاری، کەمبوونەوە یان نەبوونی ئاستی گونجاوی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندندا، کەمبوونەوە یان نەبوونی ئاسایش و دڵنیایی ژیان لای خەڵک، ئەمە سەرباری گرانی بازاڕ و شەڕ و ئاوارەیی و بەدبەختی کە

بەرۆکی ئینسانەکانی سەر ئەم هەسارەیەیان گرتووە. لە دۆخێکی وادا ئەدەبی کرێکاریی ناتوانێ ڕۆڵێکی بێلایەن بگێرێت، ناتوانێ بێدەنگی هەڵبژێرێت، ناتوانێ قسە نەکات و جیهەتگیری خۆی بۆ خەڵکی بەشمەینەت بەیان نەکات. جیهەتگیریی شوناسی ئەو ئەدەبەیە کە ئێمە بە جیدیی قسەی لەسەر دەکەین و ئینتمامان بۆی هەیە. ئەدەبی کرێکاریی لە هەلومەرجێکی ناسەقامگیری وادا دەبێ جەربەزانە بێتە مەیدان و گوزارشت بێ لەو دۆخە نەخوازراوە. دەبێ ئاوێتەی ئەو بەرگری و خەبات و تێکۆشانە بێت کە دەیانەوێت ئەو هەلومەرجە بگۆڕن، بەڵام گۆرانێک بە قازانجی خەڵکی ستەمدیدە.

(٣)

ئەدەبی کرێکاریی جگە لەوەی سەرسەختانە دژی پایەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەوەستێتەوە و دەجەنگێ، لەهەمان کاتیشدا تێدەکۆشێ بەرەخنەی جیدیی لەو پایانە و دەرهاویشتەکانی، ڕووی ئەو دونیا بێ چینایەتییە نیشان بدات کە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەوێنیەتی. پایەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی بە قەد پانتایی دونیا بوونەتە مایەی دەرهاویشتنی کۆمەڵێ دیاردە و گرفت و دەرد بۆ ژیانی ئینسانەکان. هەر لە شەڕ و ئاوارەیی، کوشتن و بڕین، زیندان و ئیعدام و هەژاریی و برسێتی و خەمۆکیی و فەحشا و دۆخە دەروونییە نەخوازراوەکانی ئینسان تا دەگاتە بێکاریی و نانبڕاوکردن و ..تاد، کۆمەڵە دەردێکن شانی ئینسان هەڵیان دەگرێ و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆرژوازی و کۆمەڵگە شانی خۆیانیان لێ خاڵی کردۆتەوە. لێرەوە ئەدەبی کرێکاریی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ڕیسواکردن و دەرخستنی ماهییەتی(جەوهەری)دژی ئینسانی ئەو کۆمەڵگە و دەسەڵاتانەی ئەو کۆمەڵگەیە بەڕێوە دەبەن. ڕۆڵ دەگێڕێ لە نابوودکردنی ئەو بەرگریکارانەی کە بەرگری دەکەن لە مانەوەی دۆخی مەوجود. ڕۆڵ دەگێڕێ لە لێدان لە پایەکانی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی. ڕۆڵ دەگێڕێ لە لێدان لە ئەدەبی بۆرژوازی بەهەموو لق و بەشەکانییەوە. ئەدەبی کرێکاریی (ئەگەر ڕوونتر بدوێین) ئەدەبێکە دژ بە نیزامی سەرمایەدارییە کە سەروەت و سامانەکەی لەسەر خوێنمژینی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هاتۆتە دەست. دژی خانەوادە و خێزانی بوۆژوازییانەیە کە بناغەکەی لەسەر چەوسانەوەی ئینسان دامەزراوە، دژی نیشتمان و نیشتمان پەرستییە کە ڕۆژانە لە گۆشە و کەنارەکانی ئەم جیهانە و لەژێر ناوی پاراستنی نیشتمان هەزار هەزار ڕۆڵەی کرێکار دەکوژرێ و خوێنی دەڕژێ و بە سەدان هەزاریش ئاوارە و بێ خانە و لانە دەکرێن. دژی ئاییننە بە هەموو فۆرمە کۆن و نوێیەکانییەوە. بەمجۆرە ئەدەبی کرێکاریی دژ بە سەرجەم ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی لە جەنگێکی نەبڕاوە دایە.

(٤)
ئەدەبی کرێکاریی ئەدەبێکی سیاسییە. ئەدەبی چینێکە کە سەرقاڵی خەبات و سیاسەتکردنە لە پێناو دۆزینەوەی کلیلی چارەسەر و کردنەوەی تەلیسمی ئەزەلییەتی بۆرژوازی کە تەواوی فەرهەنگی زاڵ و سەرخانی ئابووری کۆمەڵگە تەبلیغی بۆ دەکەن. ئەدەبی کرێکاریی ئەدەبێکە بە ئاشکرا ئینتمای سیاسیی – چینایەتی خۆی بۆ چینی کرێکار دەردەبڕێ. ئەم ئەدەبە لە سیاسەتکردن ناترسێ و سڵ لەوەش ناکاتەوە بە ئەدەبێکی سیاسیی ناوزەدبکرێ. سڵ لەوەش ناکاتەوە پێی بوترێ ئەدەبی مارکسیزم، چونکە بە کردەوە مارکسیزم سێبەر دەخاتە سەر ئەو ئەدەبە. ئەدەبی کرێکاریی بێ سیاسەت و سیاسەتکردن مانایەکی نابێت. مادام ئەم ئەدەبە بە چینی کرێکارەوە پەیوەستە،مادام ئاوێتەی خەباتی ئەو چینەیە، بۆیە ئەدەب و چینی کرێکار، وەکو حیزب و چینی کرێکار دووانەن و ناتوانرێ لێک داببڕدرێن. پێوەندی نێوان سیاسەت و ئەدەب، پێوەندییەکی لەمێژینەیە. ئەدەبی بۆرژوازی بەپێی جەوهەر و ڕۆڵە ناشیرینەکانی لە جەنگە چینایەتییەکەی لەگەڵ کرێکاران، زۆرجار ئیدیعای سەربەخۆیی دەکات لە سیاسەت و حیزب، بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی ستەمدیدە و چەوساوە. دەڵێن دەبێ ئەدەب لە سیاسەت جیا بیت، دەڵێن دەبێ ئەدەب چینایەتی یان کرێکاریی نەبێت، بێئەوەی ساتێک لەبیریان چووبێتەوە کە ئەدەبەکەی خۆیان (ئەدەبی بۆرژوازی) هەم سیاسییە و هەمیش چینایەتییە بێئەوەی پێویست بکات بە ئاشکرا ئەو پەیوەندییە بەیان بکەن. بەڵام تا ئەوپەڕی بێشەرمانە بەبێ شەرمی هاوار دەکەن و دەنگ هەڵدەبڕن کە ئەدەبی کرێکاریی حیزبییە و سیاسییە. بەڵێ ئەدەبی ئێمە مادام دژ بە ئایدیۆلۆژی بۆرژوازییە، مادام دژ بە بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەدارانە، ئەدەبێکی سیاسییە. لەهەمان کاتیشدا مادام ئەدەبەکەی ئێمە(ئەدەبی کرێکاریی) لە بەرژەوەندی کرێکاران دایە لە جەنگی چینایەتی، کەوایە ئەدەبێکی چینایەتییە و بارگاوییە بە ئاسۆیەکی ئینسانی بەرز کە بێ هیچ دوودڵییەک دەچێتە سەنگەری پاراستنی بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران.

(٥)

ئێمەی ئەدیبانی کرێکار دەبێ چینی کرێکار بە ئەدەب و هونەری خۆی ئاشنا بکەینەوە. چینی کرێکار ئاشنا بکەین بە نووسەرانی ڕابردوو و ئێستا، کلتووری چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی خۆی بخەینە بەردەستی. لەڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانمان و دەقەکانمان (چ نووسراو یان وەرگێڕدراو) دەستییان بگرین و بیان گێڕینەوە سەر گەنجینە لەبن نەهاتووەی ئەدەبیاتی ڕادیکاڵ و ڕوح بەبەرداکردنەوەی پەیوەندی لەمێژینەی نێوان چینی

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

کرێکار و ئەدەب و هونەر و ئامانج و خواستەکانی. ئەگەر ئەمەمان کرد ئەوا توانیومانە لەو ئامانجانە تێبگەین و بەکرداریش ئەو تێگەیشتنەمان بەیان کردووە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر ئەو کارە نەکەین ئەوا هۆکارەکە هەرچییەک بێت، نەماتوانیوە لە ئامانجی ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە حاڵی بین. لێرەوە دەرکردن و بڵاوکردنەوە و وەشاندنی گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتی ئەلەکترۆنیی، دەتوانێ وەک زمانحاڵی ئەو ئەدەبە ڕۆڵی گرنگ بگێڕێ لە بردنە پێشەوە و بڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەری کرێکاریی. چینی کرێکار دەبێ لەڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانی ئەدەبی کرێکاریی و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە. ئەدەبی کرێکاریی و نا کرێکاریی لێک جیا بکاتەوە، تا دەگات بە ناسینی ڕەگەزەکانی ئەدەبی کرێکاریی و وەستانەوە بەرامبەر بە هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست ئەدەبی پرۆلیتاریای سەدەی بیستەم دووچاری پاشەکشە و فەوتان بکەن.

نابێ لەیادمان بچێ کە بزووتنەوەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی کە بەو تەوژم و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە دەوترێ کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی مەزن. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی ڕۆژهەڵات دەناسران. ئەم ستایلە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەب پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. ڕێبازی سۆشیالیستی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و جیکسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ساڵی ١٩٣٢ بڕیاری لەسەر ڕیالیزمی واقیعی لە ئەدەب و هونەر دا و ساڵی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتاریکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمی بوو بە ڕێنمایی نیشتمانی کلتووری یەکێتیی سۆڤییەت. بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشتکردن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سوریالیزم و گوزارشتخوازی. وەک هاوپشتییەکی چینایەتی بەرامبەر بە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری

شیکاگۆ و بە پاڵپشتی جۆزیف ستالین گرنگترین گۆنگرەی نووسەرانی چەپی ئەمریکا بەسترا، کە شاعیران و ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسان تێیدا بەشدار بوون. والدۆ دەیڤد فرانک بە پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەمریکا. ڕەگی مێژوویی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام ئەم ریالیزمە گۆڕانی بەسەردا هات و پێ بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن، ئەمیش لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕانەکەی بەتاڵ کرایەوە و خرایە خزمەتی سیاسەتەکانی ستالین و یەکێتیی سۆڤییەت کە ئەوکات چەند هەنگاو لە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دوور کەوتبۆوە.
ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەرکییەتی ناوەڕۆکی ئەو ڕیالیزمە شیبکاتەوە و جارێکی تر بە گەڕانەوە بۆ ئینسان، بە عەزمێکی پۆڵاینەوە پێ لەسەر پایەکانی ئەدەبی کرێکاریی دابگرێت و گەشەی پێبدات.

(٦)

ئەدەبی کرێکاریی خاڵی نییە لە تەکنیک و ئیستاتیکا، بەڵکو هەڵگری جۆرێک لە ئیستاتیکایە کە خاڵی لێوە هەستانی لەسەر بنەمای ململانێی و بەرەنگاری وەستاوە. ئیستاتیکای ئەدەبی کرێکاریی لەو جیهەتگیرییەوە ئاو دەخواتەوە کە ئەدەب ئاوێتەی واقیعی ژیان و خەباتی ئینسانەکان دەبێ لەپێناو ئازادیدا. جوانییەک کە ئەدەبی کرێکاریی لێی بەهرەمەندە و ئەدەبیاتی بۆرژوزی نییەتی بریتییە لە ئومێد. ئومێد بە ئینسان، بە ژیان، ئومێد بە خەبات لەپێناو ژیانێکی ئینسانیی باشتر. ئەم ئومێدە، وزەبەخش و ئیلهامبەخشی ئینسانە لە خەبات. لەدەستدانی ئومێد لە دەقە ئەدەبییەکان (جا چ ڕۆمان، یان شیعر، یان کورتەچیرۆک، یان شانۆنامە..تاد بێ) لەدەستدانی ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زنجیرەی پرۆسەی نووسینی شۆڕشگێڕانە بۆ بە سەمەر گەیاندنی ئەرکە مێژووییەکان. لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا گەلێ دەق هەن کە لە خەبات و تێکۆشانی چینایەتیدا بوونە بە ڕوحی سەردەم و وێردی سەرزاری ملیۆنان ئینسان لەوانە سروودی ئەنتەرناسیونالی ئۆجین پۆتیە، یانیش کاریگەرییان لەسەر زەینی ئینسانەکان بەئاسانی کاڵ نابنەوە لەوانە ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی و ڕۆمانی (جەرمینال)ی ئەمیل زۆلا و (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاک لەندەن و (نینا)ی سابت ڕەحمان و (پاپۆڕی کارگە)ی تاکیجی کۆبایاشی و..تاد.

(٧)

چ کۆمیدیایە و لەهەمان کاتیشدا تراژیدیا خوێنەرانێک پشت بەستوو بە تێز و ڕەخنەی

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ڕەخنەگرانی بۆرژوازیی، پێیان وابێ ئەدەبی ڕادیکاڵ و ئینسانی بەتاڵە لە فکر. بڕواهێنەرانی ئەم تێزە هێندە کورت بینن و هێندە خۆیان بە خاوەن فکر دەزانن، ناتوانن ببینن کە ئەدەبی ئینسانیی و کرێکاریی لێوڕێژە لە فکری ئینسانیی و کالایەکە بە باڵای هەڵوێستی ئازادیخوازانەی مرۆڤ لەپێناو پچڕاندنی کۆتەکانی کۆیلەتی ئینسان. ئەم خوێنەرانە (تووتی) ئاسا هەر ئەو ئایاتانە دەزانن و دەڵێنەوە کە ئەدەبی ئیندیڤیجوال _ لیبڕاڵی جیهانیی لەسەرتاسەری جیهاندا دەرخواردی خوێنەرانی دەدەن. ئەو خوێنەرەی پێی وایە ئەدەبی کرێکاریی و مارکسیستیی خاڵین لە فکر، نە لە کرێکار وەک چینێکی بەرهەمهێنەر و بونیادنەری کۆمەڵگە و ژیان حاڵیبوونە و نە دەزانن مارکسیزم چییە و چ ڕۆڵێکی مێژوویی گێڕاوە و دەگێڕێ لەململانێیە چینایەتییە - فیکرییەکان. ئەو خوێنەرانە لەلایەن پەروەردەکەرانیانەوە وا حاڵی کراون کە مارکسیزم بەکەڵکی هیچ نایەت (بێئەوەی کتێبێکی کارڵ مارکسیان خوێندبێتەوە) و کرێکاریش هەروەکو تاک دەبینن و هەرگیز بیرکردنەوەیان ڕێی ئەوەیان پێ نادات کرێکار وەکو چین، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی ببینن و لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕێبازی فیکریی و ئەدەب و هونەر بگەن. ئەم جۆرە خوێنەرە کە مەعریفە تەنها لە خوێندنەوەی چەند کتێبێک دەبینن کە زانیارییەکانیان دەستی دوو و دەستی سێیە و زۆر دڵ ڕەشانە سەنگەریان لە مارکسیزم و چینی کرێکار گرتووە. مۆدێلی ڕۆشنبیرانی کوردیش باسی دەردە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگە ناکەن، خۆیان لە گەلێ دیاردە دەبوێرن. باسی مارکسیزم و شۆشیالیزم تووشی هیستریا و سەرئێشەیان دەکات. مەسەلەی ژن و منداڵ و قوتابخانە و پەروەردە و بێکاری و..تاد بەکاری خۆیان نازانن. وەک ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرە بەڕێزانە لە کۆمەڵگە نەژێن. من وای دەبینم قسەکردن لە هەر جومگەیەکی ژیان و کۆمەڵگە،هەر لە سیستەمی بەرێوەبردنی دەسەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژینگە، ئەرکی ڕۆشنبیرانە. ڕەوتی ئیندیڤیجواڵ – لیبڕاڵی کوردیی جۆرە ڕۆشنبیرێکی سەقەت و ناکارا و نا ئاکتیڤی کۆمەڵایەتی وای بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر ناکۆکە و ناتوانێ بچووکترین زەمینە بۆ ئاڵوگۆڕ بسازێنێ. داهێنان و هزری ئازادیش لەلایەن ئەم مۆدیلە لە نووسەران و ڕۆشنبیران لەسەر جەستەی میدیای کوردیی قۆرخکراوە بۆ ئەو ناوانەی کە لەلایەن ڕەهەندییەکانەوە گڵۆپی سەوزیان بۆ پێدەکرێ. بزووتنەوەی ئەدەبیی کوردیی ئاخنراو بە کۆمەڵێ ئایدیای وابەستەیی کە تێیدا زەمینەی ئازاد و ڕزگاری نووسەر خۆی لە چوارچێوەیەکدا قەتیس کردووە کە کۆیلەبوونی نووسەر و ڕۆشنبیری کوردیی بەرهەم هێناوە و بەرهەم دەهێنێتەوە. ڕەفزکردنەوەی ئەو قۆرخ سالارییەی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی ئیندیڤجواڵ - لیبڕاڵی کوردی لەلایەن نووسەری ئازادەوە هەنگاوێکی سەرەتاییە لەئاستانەی هزرێکی چالاک و کاریگەر کەلەتوانایدا بێت

هەنگاوەکانی لە ئەرکە بێ ئەملاوئەولاییەکانی خۆی دەست نیشان بکات و ئەنجامی بدات. کۆمەڵە ئەرکێک کە تا ئەم ساڵانەی دوایش جێی بایەخی جیددی نەبوونە بۆ نووسەران. دەستڕاگەیشتن بە وردبوونەوە و ڕەخنەیەکی قووڵ لەو سونەت و ڕێڕەوە پەیڕەوکراوانەی ناو جیهانی نووسین گرنگە، چونکە تا هزری ئازاد لە وەهمی بۆرژوازی فەراهەم نەیەت، داهێنانی شۆڕشگێڕانە بەمانای گشتی وشەکە دروست نابێت.
ئەدەب لە پەیوەندییەکی بە تینە لەگەڵ فکر. ئەدەبی خاڵی لە فکر بوونی نییە. ئەوەی پێی وایە ئەدەبی ڕادیکاڵ و کرێکاریی خاڵییە لە فکر و فیکریش تەنها لە تێڕوانین و دنیابینی چەند بیرمەندێکەوە ببینێ، پێی بزانێ یان نا، لە هەژارییەکی فیکریی قووڵ دەژێت. ئەوەشی ئەم عەقڵییەتەی بەخشیوەتە ئەم خوێنەرە عەجیبانە هەر ئەو پەروەردەکەرانەن کە لە گروپی ڕەهەندەوە هاتنە دەرەوە و لە ئەنجامیشدا سوپایەک لە خوێنەری ئیفلیجی فیکریی پەیدا بوون و هاتنە مەیدان کە بەبەغا ئاسا هەر خەریکی وتنەوەی قسەی چەند بیرمەندێکن و لەلایەکی تریشەوە دژایەتی ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵگە تووشی هستریایان دەکات.

(٨)

ئەدەبی کرێکاریی ئەدەبی ڕاهێنانی ئینسان نییە لەسەر شوکرانەبژێری و ملکەچکردن لە ئاست نا عەدالەتییەکانی ژیان، بەڵکو ئەدەبی بارهێنانی ئینسانە لەسەر بەگژاچوونەوەی ستەم و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە. ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبێک نییە مرۆڤ تەسلیمی قەدەر بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە قەدەر تەسلیمی ئینسانەکان دەکات. ئەدەبێکە هەوڵ دەدات ئینسان لە وەهمی ئایین و کۆت و بەندی کۆیلەتی دەرباز بکات و ئینسان وەک خۆی ببینێت. واتا ئینسان وەکو ئینسانێکی داهێنەر، خولقێنەر، لەدەرەوەی پەت و زنجیر. بینینی ئینسانی ئازاد و بەهرەمەند لە توانا، تەنها لە توانای بێئەندازەی ئەدەبی ئینسانیدایە. کۆیلە ناتوانێ داهێنەر بێت و ناشتوانێ تا ئاستی ئازادبوون بەرز بێتەوە، ئەگەر لەڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە سیستەمی کۆیلەدارییەکەی تەفروتونا نەکات. سیستەمی چینایەتی کەلەسەر چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان دامەزراوە و بناغەکەی لە غەدر و ستەم و زۆر بنیاد نراوە، هەرگیز ڕێ بە ئینسانە ژێردەستەکان نادات ئازادانە ڕەفتار بکەن، بەڵکو لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسایەک بەندیان دەکات و دەیان کاتە دیلی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان. ئەدەبی کرێکاریی ڕێک دژ بەم دۆخە دەجەنگێ و هەوڵ دەدات ئەو هەلومەرجە مەینەتبارەی ژیانی ژێردەستەکان لە دەقە ئەدەبییەکان نیشان بدات و گوزارشت بێت لە خەباتیان بۆ ئازادی. دەیەوێت وێنای ئازادی و ڕزگاری بکات، وێنای تەواوی ژیانی ئینسانەکان بکات بە هەموو جوانی و ناشرینییەکەوە.

عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

(٩)

زمان لە دەقی ئەدەبی کرێکاریی بایەخێکی تایبەتی هەیە و نووسەرانی کرێکاریی دەبێ خاوەن زمانێکی ڕوون و ڕۆشن بن تا بتوانن مەبەستەکانیان بە جوانی بگەیێنن بە خوێنەر. دەقی ئەدەبیی (بەتایبەتیش شیعر) گەمەی زمانەوانی نییە تا سەر لە خوێنەری کرێکار بشیوێنێ و نووسەریش بالادەستی ئەدەبیی و زمانەوانی خۆی لەڕێگەی گەمەیەکی ناشیرینەوە ئەنجام بدات. زمانی دەقی ئەدەبی کرێکاریی بێ گرێ و گۆڵ و سفت و سادە و بەهێزە لە گەیاندنی مەبەستی نووسەر. ئەدەبی بۆرژوازی و ئەدەبی کرێکاریش چونکە ڕوو بە خەڵک و ڕوو بە نوخبەن، زمانی بەکارهاتوو تیایدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە نیشاندانی ئاستی باش و خراپی دەق. ئەدەبی کرێکاریی گەرچی زیاتر ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەیە، بۆیە تا دەکرێ دەبێ بەزمانێکی سادە بەڵام جوان و بەرز بنووسرێ. چونکە زمان سەنگی مەحەکی نووسینە و گرنگە زمانی نووسین لەئاستێکی بەرزدا بێ. ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبی فەرامۆش کردنی ڕەگەزی زمانی نییە لە دەق، بەڵکو شانبەشانی ناوەڕۆک و پەیامی کۆمەڵایەتی دەق، دەبێ بایەخ بە زمانی نووسینیش بدرێ و پەرەی پێ بدرێ. لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی زمان پەیوەندی هەیە بە کێشەی ڕاستەوخۆییەوە (مباشر) لە دەقی شیعریدا. ئەڵێم کێشە چونکە کراوەتە کێشە و خاڵی لاوازی دەقی شیعریی. من پێموایە ڕاستەوخۆیی لە دەربڕینی شیعری کرێکاریی کێشە نییە و شاعیری کرێکاریی هەقی خۆیەتی دەست بۆ ئەو جۆرە ستایلە لە دواندنی خوێنەر ببات تا ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی دەقەکەی بگەیێنێتە بە خوێنەر. چونکە جارێکی تر بە پێچەوانەی ئەدەبی بورژوازی، شیعر بەدەر لە پەیام و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی مانایەک نادات بەدەستەوە. بۆیە بیانووگەلی لە چەشنی شیعار و دروشم دان و بەکارهێنان و ڕاستەوخۆیی لە شیعر هۆکارێکە بۆ لە دایکبوونی شیعری مردوو. نەخێر شاعیرانی مردوو ئەو شاعیرانەن کە قسەیان پێ نییە بۆ خوێنەر. شاعیری بەکاربەری زمانی ڕاستەوخۆ لە شیعر نەک مردوو نییە، بەڵکو لە جێگایەک قەراری گرتووە کە مەکانەتێکی شۆڕشگێڕانەیە و ڕەخنەگرانی بۆرژوازی حەز ناکەن بەمجۆرە لە بێ پێچ و پەناییە باسی بکەن.

(١٠)

ئەدەبی کرێکاری ئەدەبی جیهەتگیری کرێکارییە. واتە مەرج نییە نووسەری دەقێکی کرێکاریی خۆی کرێکار بێت. یان دەشێ کرێکارێک وەک نووسەری دەقێکی ئەدەبی، هەڵگری ئایدیۆلۆجی بورژوازی بێت. لەکاتێکدا دوور نییە نووسەری دەقێک کرێکار نەبێت

بەڵام پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بێت. بۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی کرێکاریی بەگشتی ئەوەیە کە تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و تا چ ئەندازەیەک پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لەدژی سەرمایەداران.
ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەیە..ئەدەبی نیشاندانی ڕووە دزێو و جوانەکانە، ئەدەبی هێرش و ستایشە. ئەدەبی کرێکاریی لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی کرێکار و خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە لە دژی چینی سەرمایەداری سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. واتە شیعری کرێکاریی، شیعری ژیان و خەباتی چینی کرێکارە، چیرۆکی نەبەردە چینایەتییەکانی کرێکارە لە دژی بورژوازی و دامودەزگاکانی سەرمایەداری.
مۆتیڤی شیعری کرێکاریی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکاران بەرز و نزم دەبێتەوە. باری ناهەمواری ژیانی کرێکاران، سەعات کاری زۆر، کرێی کەم، نەبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان، نا ئەمنی شوێنی کار، ناڕێکخرابوونی کرێکاران، ئامرازەکانی خەبات لە چەشنی مانگرتن و ناڕەزایی بە تاک تاک و بە کۆمەڵ، خۆپیشاندان، تا دەگاتە خەباتی چەکداری و شۆڕش، ئەمانە کۆی بەدەنەیەکی گەورەترن لە ئیرادەیەکی تۆکمە بۆ دەرخستنی ئایدێدتی ئەدەبی چینایەتی کرێکار. بەرهەمی ئەدەبی کرێکاریی لێرەوە پێناسەی خۆی دەکات و سنووربەندی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بورژوازی دەکات بەتایبەتیش ئەو ئەدەبە ڕیڤیژینیستەی کە زۆر جار بەناوی کرێکارەوە خۆی نمایش دەکات. شیعری کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکاریی لەسەر ئەو ئایکۆنانە کار بکات کە ڕۆڵیان هەیە لەبردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی. چینی کرێکار لە خەباتی ڕۆژانەی خۆیدا، سەرباری پێداویستییە سیاسییە – چینایەتییەکانی لە چەشنی ماتریاڵ و ئەبزاری خەباتکارانەی وەکو حیزب و ڕێکخراو ..تاد، پێویستی بە ئەدەب و هونەرێک هەیە کە عەکس کەرەوەی واقیعییەتی خەباتی چینایەتی بێت. پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لە جۆش و خرۆشدا بێت و هەمیشە ئیحساساتە چینایەتییەکان، داستانە نەبەردەکانی خۆی لە ڕابردوو و ئێستادا بناسێت و لێرەوە وەک پێویستی سەردەم دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.
خەسڵەتەکانی ئەدەبی کرێکاریی: بە بۆچوونی من ئەدەبی کرێکاریی بە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:
یەک: ئەدەبی کرێکاریی، هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی ژیان و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە لە ململانێی لەگەڵ سەرمایەداران و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی. ئەدەبی کرێکاریی لە کێشمەکێش و پێکدادانە چینایەتییەکانەوە لە دایک دەبێت و ئاسۆیەک کە پێکدادانە چینایەتییە هەیەتی، دەبێتە ئاسۆ و ئامانجی شیعری کرێکاریی.

عەبدولڵا سلێمان (مەشخەڵ)

دوو: ئەدەبی کرێکاریی، جیهەتگیری تێکۆشانی چینی کرێکارە و پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینەیە. ئەدەبی کرێکاریی گۆرانی خەباتی ژنانی کرێکار و حەسرەتکێشە دژ بە سەختییەکانی خەبات ڕووە و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان،و ئاهی پیرەمێردێک و نرکەی منداڵێکی ئیشکەر و سکاڵای دڵی کچێکی ماندووی دەستی کۆنەپەرستی و شەکانەوەی ئاڵای بەرژەوەندی و ململانێی ڕەوتە جیاجیاکانی ناو کارگەکان و هەناسەی زیندانییەک و تاد. لە نیشاندانی هەموو ئەم دیمەنانە و ڕەنگ ڕێژکردنیان بە ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی کرێکاریی ئەرکی ئەدەبی کرێکارییە.

سێ: ئەدەبی کرێکاریی، بە ئاسۆیەکی ئینسانییەوە دەڕوانێتە ژیان و تاک و کۆمەڵگە و ئینسانییەتی ئینسان وەک کرۆکی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەدەبی کرێکاریی لە بەرامبەر ئاسۆی کۆنەپەرستی مەیل و ڕەوتە چالاکەکانی لیبراڵیزم و کۆنەخوازی و ئایینی و نەتەوەییدا دەوەستێتەوە و تێدەکۆشی کرێکار لە جەنگە چینایەتییەکەی خۆیدا بە ئاسۆیەکی ئینسانی و ئەنتەرناسیونالی چەکدار بکات.

چوار: ئەدەبی کرێکاریی، ئەگەرچی لەڕووی تەکنیک و هونەرەوە ڕەنگە بەپێی پێویست نەیتوانی بێت تەکنیکێکی نوێ و ئاخرین دەسکەوتە هونەرییەکانی بەشەر سوود لێ ببێنێت و بەدەستەوە بگرێ، بەڵام وەک یەک ڕەوتی ئەدەبیی خاوەن تەکنیک لە ئاستی جیهاندا بوونی خۆی سەلماندووە. چینی کرێکار بە درێژایی مێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری خۆی، خاوەنی جۆرێک لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری خۆی بووە. پێ بە پێی گەشە و بەرەوپێچوونی قۆناغەکانی خەباتی، ئەدەب و هونەرەکەشی گەشەی کردووە. بەڵام ئەگەر بەراوردی ئاستی تێکۆشانی چینایەتی کرێکار و ئەدەبەکەی بکەین، دەبینین بەردەوام لاوازی ئەدەبی هەبووە. واتە ئەدەبەکەی لە دواتر بووە.

پێنج: سەرجەم دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و کارە ئەنسۆلۆژی بۆرژوازییەکان کەم تا زۆر ئاوڕیان لەم ڕەوتە ئەدەبییە جیهانییە کرێکارییە نەداوەتەوە و بگرە ئاگایانە و هۆشیارانە پشت گوێیان خستووە و لە خەڵک و چینی کرێکاریان شاردۆتەوە، یان کەمترین زانیاریان خستۆتە بەردەست، جگە لە خەمخۆرانی دڵسۆزان و نووسەرانی ڕادیکاڵ و مارکسیستی کە بەردەوام تێکۆشاون ئەم ڕەوتە لە مەیدان بمێنێ و بەوپەڕی زیندێتییەوە هەناسە بدات.

شەش: تەواوی ڕەوت و ڕێبازە فیکری و هونەری و سیاسییەکانی بورژوازی دەهۆڵی مەرگی کۆمۆنیزم و ئەدەبەکەی دەکوتن و ناوی ئەدەب و شیعری کرێکاریی وەکو ئەدەبێکی بێ ئەرزش دەهێنن و لە ئەدەبی کوردیش وەک ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی_ مەزهەبی ناو دەبرێ و سەفسەتەبازەکانی ناو کایەی رۆشنبیریی کوردیش هەمیشە خۆیان لە

ناوهێنانی ئەو ئەدەبە پاراستووە تا بە هیچ شێوەیەک زەینی خوێنەری کورد بەلای ئەو ئەدەبەدا نەچێت. بورژوازی جیهانیش بۆ تەحقیر و تەخدیرکردنی کرێکاران بە سەدان ملیۆن دۆلار سەرف دەکات و سەدان ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بڵاو دەکاتەوە، ساڵانە سەدان فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و ساز دەکات و بە دەیان هەزار نووسەر و شاعیر و ئەدیب و قەڵەم بەدەستی کڕیوە و دەکڕێت و کاریان پێدەکات، تا ڕووی دزێوی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری جوان نیشان بدەن و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش.

حەوت: بەڵام لەهەڵ هەموو ئەمانەشدا تا چینەکان و جیاوازی چینایەتی لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ، ململانێی نێوان کرێکار و بۆرژوازی هەر دەمێنی و ئەدەبی چینایەتی کرێکاریش هەر دەمێنێ.

(II)

تیئۆری ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی، تیئۆرییەکی بارگاوییە بە مارکسیزم. ئەم تیئۆرییە توانانی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکانی هەیە. خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ چینایەتی دەق و ئاراستەی فیکریی ناو دەق و جێ و ڕێی نووسەر ئەنجام دەدات و لەهەمان کاتیشدا دەق و نووسەر دەخاتە ژێر شرۆڤە و هەڵسەنگاندنەکانی. لەڕێی ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی یان مارکسیستییەوە دەتوانرێ سەنگەری ئەدەبی کرێکاریی پتەو و بەهێز بکرێ و لەهەمان کاتیشدا ماهییەتی ئەدەبی بۆرژوازیی دەربخرێ و هەروەها نووسەرانی کۆنەپەرستی بۆرژوازیش بخرێتە بەر نەشتەرگەری ڕەخنەییەوە. ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی یان مارکسیستیی پایەیەکی گرنگی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کرێکارییە. بانیژەیەکە دەتوانین لێوەی تەواوی ئەدەبی بۆرژوازیی ببینین و قسەی خۆمانی لەسەر بکەین. بایەخی چینایەتی ئەم ڕەخنەیە لەوەدایە کە بە ڕوئیا و جیهانبینییەکی ماتریالیستانەی مێژووییەوە دونیا و دیاردەکان و کۆمەڵگە و مرۆڤ شی دەکاتەوە و ئاوڕ لە کەلەپووری چینایەتی ئینسانەکان دەداتەوە و هەوڵیش دەدات ئاماژە بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و ژیانی ئینسانەکان بدات. ئەرکێک کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی پێی هەڵدەستێ، زۆر گەورەترە لە ڕۆڵی دەق و بەرهەمە ئەدەبییەکان. ئەگەر دەقی ئەدەبی کرێکاریی بتوانێ تیشک بخاتە سەر پنتکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ، ئەوا ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی تەواوی ناعەدالەتییەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی بورژوازی دەخاتە ژێر نەشتەرگەری وشە و لێکدانەوەکانەوە. ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی هەمیشە لە دەرەوەی مەعمەعەی سیاسیی و سەفسەتەبازەکانی نێو دونیای ڕەخنەی ئەدەبی بۆرژوازییەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ بە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

قسەی ڕۆشن و بە فاکتی واقیعی ئارگیومێنتی خۆی بخاتە بەردەم و وەڵامی خۆی بە ئاریشە و کێشە بنەڕەتییەکانی بەرەوپێشچوونی ئەدەبی شۆڕشگێرانە بداتەوە، بێئەوەی بکەوێتە ناو فەزای کۆنتامینەیتی بۆرژوازییەوە. فەزای کۆمنتامینەیتی وا کە دەیان ناو و ناولێنانی جیاجیا لە قەیرانەکانی خۆی دەنێن تا بە خەڵکی ستەمدیدە بڵێن ئەها ئەوە ئێمەش ڕێگاچارەمان هەیەو ئاسۆی کارکردنمان ڕوونە. خودی قەیرانی ئەدەبی بورژوازیی بەگشتی و ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبڕاڵی کوردیی بەتایبەتی لە ئەنجامی نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوونی کارکردن و داهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبڕاڵی کوردیی لەبەردەم بێ بەرهەمییەکی کوشندە دایە و هەر خەریکی خۆ جوینەوەیە. ئەدەبی کرێکاریی تێدەکۆشێ بۆ زیاتر نابوودکردنی ئەو ئاسۆ تاریکەی ئەدەبی بۆرژوازی و خستنەڕووی ئاسۆ و شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی لە میانی دەق و نووسینەکانیدا.

(١٢)

بەو پێیەی کە ئەدەبی کرێکاریی پایەکەی لەسەر ئینسانییەتی ئینسان دامەزراوە، لێرەوە تەواوی ئازادییە تاکەکان و ئارەزوو و خولیا مرۆییەکان تا دەگاتە ئارەزووە هۆمۆسکێسواڵەکان و گۆڕینی جێندەر لەژێر چەتری ئەدەبی ئینسانیی خۆیان دەبیننەوە و لێرەشەوە ئەدەبی کرێکاریی وەکو ئەدەبی مودافیع لەو ئارەزوو و خولیا و ئاواتی تاکە کەسییانە دەردەکەوێ و بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەرگریان لێ بکات و سەپۆرتیان بکات. مەسەلەی سێکس و عیشق و خۆشەویستی وەک چالاکی ئینسانیی لە ئەدەبدا ناکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئەدەبی ئینسانییەوە، لەمەش واوەتر ئەمڕۆ ئەدەبی بورژوازیی خۆی کردۆتە خاوەن و وارسی ئەدەبی ئیرۆتیکیی و ڕۆمانسیی و سێکسیی، لەبەر ئەوەی سێکس چالاکییەکی بایۆلۆژییە و سەرباری چێژ و خۆشی، هۆکارێکیشە بۆ وەچە خستنەوە و درێژەدان بە ژیان کە لە بنچینەدا جێگای لەنێو بازنەی ئەدەبی کرێکاریدایە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئەدەبی بورژوازییەوە نییە ئەوە نەبێت کە بورژوازی ویستویەتی و دەیەوێت سێکس بکاتە کاڵا وەک سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە.

ئەدەبی کرێکاریی ڕاشکاوانە بەرگری لە دەقە ئیرۆتیک و سێکسییەکان دەکات و هەروەها سەپۆرت و گوزارشت لە حەز و خولیای ئینسانی هۆمۆسکێشواڵەکان و گۆڕینی جێندەر دەکات. ئەدەبی کرێکاریی لە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ دایە لەگەڵ ئەدەبی فیمینیستیی. چونکە ئەم ئەدەبە وەک ئەدەبی بزووتنەوەیەکی ئینسانیی کە خوازیاری یەکسانی ژنان و پیاوانە و لەهەمان کاتیشدا پێداگری لەسەر مافە بنەڕەتییە ئینسانییەکانی ژنان دەکات لە مەیدان و کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

(١٣)

لە دونیای ئەدەبیاتدا شتێک نییە بە ناوی ئەدەبی ژنان و ئەدەبی پیاوان و ئەدەبی لاوان و ئەدەبی ڕەشپێستەکان و ئەدەبی ناو و ناتۆرەی جیاواز. ئەم ناولێنانانە، ناولێنانی بورژوازین تا ژنان و پیاوان لە بواری داهێنانی خەیاڵیی و ئەدەبییدا لێک جیا بکەنەوە و نەهێڵن لە بەرەیەکدا بەرەی ئینسانی شۆڕشگێڕ پێکەوە دەست لەناو دەست یەکگرتوانە خەبات بکەن و داهێنان پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن. لە گۆشەنیگای ئەدەبی کرێکارییەوە ئەم پۆلینکردنانە بەتەواوەتی ڕەت دەکرێتەوە. وەک چۆن نوخبە لە ئەدەبی کرێکارییدا بوونی نییە و جێگای ڕەخنەی جیدییە و لەئەدەبی بورژوازی پیرۆز دەکرێ، ئاواش هەر دابەشکارییەک لەسەر بنچینەی جێندەر، سێکس، تەمەن، ڕەنگی پێست، سنووری جوگرافیا و نەتەوە لە ئەدەب جێگای ڕەت کردنەوەیە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە ئەدەبی منداڵان بکەم. ئەم ئەدەبە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە چونکە لە پەیوەندییەکی بەهێزدایە لەگەڵ پەروەردەی کۆمۆنیستیی. گرنگە منداڵان پشتگیریی بەهرە و تواناییەکان بکرێت و کار بکرێت ئەو بەهرە و توانایە بچێتە ئاستێکی شیاو و گونجاو. گرنگە نەهێڵێن منداڵان بە خورافەی ئایینی و بە ترس و تێکشکاندنی کەسایەتی ئەو ناتەندروستانە لەناو کۆمەڵگە بدرێنە دەست چارەنووسێکی تاریک. ئەدەبی کرێکاریی دەبێ بایەخی جیدی بە ئەدەب و پەروەردەی ئینسانیی منداڵان بدات. گرنگە زامنی داهاتووی گەش و ڕووناک لەسەر دەستی نەوەی نوێی هەڵگری پەروەردەی کۆمۆنیستی بێتە دی. ئەدەبی منداڵان دەتوانێ زەین و هۆشی منداڵ لەسەر بەها و ماتریاڵە گرنگەکانی ژیان ڕابێنێ و گەشە پێبدات. ئەدەبی کرێکاریی دەبێ بە ئەرکی خۆی بزانێ برەو بە ئەدەبی منداڵان بدات و ئەو ئەدەبە بارگاوی بکات بە بەها ئینسانییەکان.

(١٤)

بە بۆچوونی من شیعر بە هیچ شێوەیەک ئیلهام نییە، بەڵکو کاریگەری واقیعە لەسەر هەست و نەستی ئینسانەکان. ئینسانەکانیش وەکو دژەکردارێک لە بەرانبەر ئەو کاریگەرییە، دێن گوزارشت لەو واقیعە دەکەن و بە ئاستی جیاجیا پەیوەندی خۆیان و واقیع نیشان دەدەن، کە تا چ ئەندازەیەک ئەو واقیعەیان قەبوڵە یان ڕەتی دەکەنەوە. پێویستی بەکاربردنی دەستەواژەی ئیلهامیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە شاعیران هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن خۆ لە خەڵک دابڕن و جیا بکەنەوە. بە وتەیەکی دی ئیلهامبوونی شیعر برەودانە بە نوخبەوییەت، ئەمەش ڕەگی چینایەتی خۆی هەیە و ئاو لە ئایدیۆلۆژی بورژوازیی

دەخواتەوە. بۆیە ئیلهامی شیعریی هیچ پەیوەندییەکی بە شیعری ڕادیکاڵ و کرێکارییەوە نییە و ئەم دەستەواژەیە لە فەرهەنگی ڕادیکاڵی کرێکاریدا هیچ جێگایەکی نییە و خۆ ئەگەر نا هۆشیارانەش بەکاربهێنرێت ئەوا جگە لە تەقلیدێکی بورژوازییانە هیچی تر نییە.

(١٥)

مێژووی ئەدەبی کرێکاریی مێژوویەکی دیاریکراو نییە تا بزانرێ لە چ سات و ساڵی دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی دێ. لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی بۆرژوازی لە کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری، کە کۆیلەتی بەرهەم هێنا، خەباتیش بۆ ڕزگاربوون لەو کۆیلەتییە دەستی پێکردووە. ئینسانەکانیش بە هونەر و ئەدەب گوزارشتیان لەو خەون و ئاواتەی خۆیان کردووە. هەر هەوڵدانێک، نووسینێک، دەقێک لەم گۆشەنیگایەوە نووسرابێت، دەچێتە سەر خەرمانی کلتووری ئەدەبی کرێکاریی. ئاستی گەشەی ئەدەبی کرێکاریش پێ بەپێی چوونەسەر و هاتنەخواری کێرڤی خەباتی چینایەتی بەرز و نزم دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز گڕی ئەو ئەدەبە خامۆش نەبووە و نابێت و ژیلەمۆکەی ناکوژێتەوە. تا کۆمەڵگەی چینایەتی هەبێت، ئەو ئەدەبەش هەر دەبێت و بەپێچەوانەی سەرجەم ئیدیعا و پروپاگەندەکانی ئەدەبی چین و توێژەکانی تر، هەرگیز دووچاری توانەوە و فەنا نابێتەوە. بەکورتی ئەدەبی کرێکاریی لەگەڵ خەبات و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سیستەم و یاسا و نۆرمەکانی ژیان و کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە دایک بووە و تا مرۆڤ و ململانێ و خەبات لە دژی سەرمایەداری مابێ، ئەو ئەدەبەش هەر دەمێنێ.

(١٦)

ئەدەبی ئیندیجیجواڵ – لیبراڵی کوردیی کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا باڵا دەستە و ڕەهەندییەکان سێبەریان بەسەرەوە هەیە. لە سێ دەیەی ڕابردوو تا ئەم ساتەش شانبەشانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی ئێجگار نێگەتیڤیان گێڕاوە و دەگێڕن لەپێناو تێکشکاندنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خوێنەر و خەڵکی کوردستان لەلایەک و هەوڵدانە بۆ بێ ڕوئیاکردنی خوێنەر سەبارەت بە سەرچاوەی دەرد و مەینەتییەکانی ژیانیان لەلایەکی تر. ئەم مۆدێلە لە ئەدەب و کاریزما ئەدەبییەکان شتێ نین نامۆ بە مێژوو،بەڵکو لە زۆرێک لە برگە مێژووییەکانی میللەت و وڵاتانی جۆراوجۆر ئەو مێژووە کاڵتر یان تۆختە بینراوە و دەبینرێ. کرۆکی ئەم ئەدەبە کرۆکێکی دوور لە ئینسان و کۆنەپەرستانەیە. ڕایەڵە و پەیوەندییەکی توند لە نێوان ئەم ئەدەبە و بۆرژوازیدا هەیە. بۆرژوا –ناسیونال لیبراڵی کوردیی وەک چۆن پێویستی بە ئامراز و پێداویستییەکانی

مانەوەی هەیە، بەوجۆرەش پێویستی بە ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبراڵی کوردیی هەیە و پشتیوانی لێ دەکات. ئەم ڤێرژنە لە ئەدەبی بۆرژوازیی لە سێ دەیەی ڕابردوو بە وردی ئیشی لەسەر تاکی کورد کردووە.
ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبراڵی کوردیی بەو ئەدەبە دەوترێت کە ئەمڕۆ پانتاییەکی فراوانی لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیی داگیر کردووە و بەشێک لە ناودارترین نووسەرانێک خەریکن برەوی پێدەدەن. ئەدەبی تا ڕادەیەک باوی ئەمڕۆی کوردییە کە میدیای کوردیی سەپۆرتی دەکات و لە پشتییەوە وەستاوە. ئەو ئەدەبەیە کە سەرەتا گروپی ڕەهەند لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەنجامی ڕەخنەیەکی گشتی و هەمەلایەنەوە ئیشی لەسەر کرد و وەک مۆدیلێک لەناو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیی خۆی چەسپاند. پایەی هەستانی کارەکانی ئەم مۆدێلە ئەدەبییە لە میتۆدی بونیادگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەوڵیدا لە ئەدەبی باوی کوردیی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان جیاوازتر بێ و پێ بە پێ لەگەڵ فراوانبوونەوە و سەقامگیری زیاتری ئەم ئەدەبە تا ئیتر لە دەیەی نەوەدەکان و سەرەتای هەزارەی سێهەم دەبێتە کاریگەرترین ڕەوتی ئەدەبیی کە کۆی پێکهاتەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیی خستە ژێر هەژموونی خۆیەوە. لەم سیاقە مێژووییەوە ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبراڵی کوردیی توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێ و نەک هەر ئەمەش بەڵکو توانی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی ئەدەبی کوردییدا بکات و لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێ بنەما و پرەنسیپ، وەک کلتوور، بەڵام کلتوورێکی ناشیرین جێ بخەن. یەکێک لەو بنەمایانە خولقاندنی کاریزما و برەودان بوو بە ئیشکردن لەسەر کاریزمای کەسێتی، ئەمەش جوان لە لێکدانەوە و نووسین و وتار و تەنانەت قسەکردنی پەیرەوکەرانی ئەو ڕەوتە هەست پێدەکرێت. شایانی وتنە فەلسەفەی هاتنەمەیدان و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ڕزگارکردنی ئەدەبی سەردەستە و باوی کوردیی بوو لە مەرگ. ئەم فریادڕەسە لە ڕۆژگارێکدا سەریهەڵدا کە ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە لە ئارادا بوو و کە نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش وەکو ئێستا پاشەکشەی نەکردبوو. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە سەرباری ئەم بنەمانایانەی باسمان کرد، بە چەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە،منیش هەوڵ دەدم لە چەند خاڵێکدا بیانخەمە ڕوو.

خەسڵەتەکانی ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ_لیبراڵی کوردیی

یەک: ئەم ئەدەبە گوایە بنەمای کارەکانی خەیاڵ و گومانە و وەدەرنانی یەقینە لە جیهانی دەقی ئەدەبیدا، لێرەدا دەکەوێتە بەرامبەرکێ لەگەڵ هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت. گومانی تێدا نییە کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت، پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵە.

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب لە ژێر هەر بڕوبیانوویەک بێت لە بنچینەدا ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی بە چینایەتی کردنی ئەدەبە یان ڕوونتر بڵێم ڕەتکردنەوەی بە کرێکاریکردنی ئەدەبە. ئەم ڕەوتە ئەگەر چی ڕووکەشانە ڕەخنە لەم بۆچوونە دەگرێ و هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت ڕەت دەکاتەوە، کەچی لە بەرامبەر ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی کرێکار یان بە چینایەتیکردنی ئەدەب، فشاری ڕقەبەرایەتی و سەنگەرگرتنی لە خەڵکی هەژار بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. ئەم دەموچاوە بە هەر جۆرێک مکیاج بکات ناتوانی جەوهەری دژە شۆڕش و دژە شۆڕشگێڕانەی خۆی بشارێتەوە.

دوو: پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع لای ڕەوتی ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبراڵی کوردی لەسەر بنچینەی وێناکردنی واقیع و ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە دانەمەزراوە، بەڵکو داهێنانی ئەدەبی پارچەیەکە لە خەیاڵ و لای ئەوان نە پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە و نە واقیع عەکس دەکاتەوە، بەڵکو بە هونەر و زمان واقیعێکی تر لە خەیاڵ دروست دەکات و خوێنەریش دەکێشێتە نێو ئەو واقیعە تازەیەوە.

بەم پێیە باسکردن لە تیرۆری ڕۆژنامەنووسێک، ئاهی ناو دڵ و دەروونی دایکێکی جگەر سووتاو، ئازاری باوکێک لەبەر هەژاری و دەستەنگی کە دوو ڕۆژە نانی نەداوەتە منداڵەکانی، دەست یان پەنجە پەڕینی کرێکارێک لە کاتی کارکردندا بە هۆی ئامێرەکانی کارکردنەوە لە کاتی چاپکردنی کتێبێک یان ڕۆژنامەیەک، خۆکوژی گەنجێک لە ئەنجامی بێکاری، خۆ سوتاندنی ژنێک کە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی یان بەهۆی دواکەوتوویی خێزانەکەیەوە کە بە زۆر دراوەتە شوو،کوشتنی ژنێک لەژێر پەردەی ناموس پەرستیدا..تاد، هەموو ئەمانە ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبرالی کوردیی خۆی لێیان لادەدا و پشتیان تێدەکا و ئاوڕیان لێ ناداتەوە. خۆ ئەگەر لاشی لێبکەنەوە ئەوا بە ئاسۆ و جیهانبینییەکی بۆرژوازییانەوە ئیشی لەسەر دەکەن. ئەم نووسەرانە خۆشیان بە بەرەی خەڵک دەزانن و ئەمە جگە لەوەی خۆیان بە داهێنەر و پێشڕەو دادەنێن و چاوەڕوانی ئەوەشیان لە خوێنەر هەیە وەک پێغەمبەرێکی ئیلهامبەخش ناویان بێنن. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەرچییەک بکات و هەر دەقێک لە بەرگێکی هونەری قەشەنگیش نمایش بکات، ئەو دەقە ناچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بە ئینسان و مەسەلە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆیە ئەو ئەدەبە بۆ خەڵک و ژیانی پڕ لە کۆیلەتی خەڵک سەلکە تورێکی قوڕاوی ناهێنێ.

سێ: ئەم ڕەوتە وەک خۆشیان ئیدیعا دەکەن ئەدەبی نوخبە پەرە پێدەدەن. ئەدەبی فراوانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش جێگایەکی نییە لە دیدگای چینایەتی ئەواندا. هەر بۆیە ئەدەبی ئەم ڕەوتە ئەدەبی تاک و ئیندیڤیجواڵە و خەمی کۆمەڵگەیان نییە و دەقەکانیان چەند لا لەم

تاکە گۆشەگیرە بکاتەوە هێشتا پێیان کەمە.
چوار: کوشتنی کۆ و دەنگی کۆ و ڕەخنەبارانکردنی هەر دەقێک کە ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بێت. گەڕانەوە بۆ تاک وەک مەرجەعیەتی خوڵقاوی ئەدەبی و پشتکردن لەو کلتوورەی کە بە ئەدەبی شۆڕشگێرانە ناو دەبرێ.
پێنج: ئینکارکردنی ململانێی چینایەتی و دژایەتیکردنی کارەکتەری چینی کرێکار وەک هێزی ئاڵوگۆڕبەخشی ژیان و کۆمەڵگە و لەبەرامبەردا نیشاندانی ئەزەلیەت و ئەبەدییەتی نیزامی ستەمگەری بورژوازی.
شەش: ماهییەتی ڕەوتی ئینیدیڤیجواڵ – لیبراڵی ئەدەبی کوردیی کۆنەپەرستانەیە. ئەم ڕەوتە کێشەی لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی ڕەوتە ئایینییەکان و خورافە و کلتوری دژی ئینسانیدا نییە. نووسەرانی وەک ڕێبین هەردی و مەریوان وریا قانع لە چەندین بۆنەدا ستایشی ئیسلامی سیاسی و باڵی ڕاستی بزووتنەوەی کوردایەتیان کردووە و دەیکەن. ئەم ڕەوتە و پەیڕەوکەرانی خۆیان بە لایەنگری مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و ئازادی ڕووکەشانە دەزانن و هەموو ئەمانە دەکەن تەنها لەبەر خاتری داپۆشین و شاردنەوەی ڕوخساری دزێوی خۆیان. دژایەتیکردنی ڕادیکاڵیزم و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە و قودرەتی خەباتکارانەی چینی کرێکار جگە لە کۆنەپەرستیی هیچیتر نییە.
حەوت: ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ئەوەندەی ئیشی لەسەر کوشتنی ڕوحی بەرەنگاری و شۆڕشگێڕانەی خەڵک کردووە، نیو هێندە ئیشی لەسەر فراوانترکردنەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر و خەڵک نەکردووە. خوێنەر هەمیشە لە دوای خوێندنەوەی هەر کتێبێک کە بۆ ئینسان و جوانی ئینسانییەت نووسرابێ، شتێک فێر بووە. بەڵام دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی نووسەرانی ئەم ڕەوتە (کە بە قسەی خۆیان پڕە لە مەعریفە) خوێنەری وشیار جگە لە سەرەگێژە و سەفسەتەبازی هیچی هەڵناکرێنێ.
هەشت: دواجار ئەم ئەدەبە، ئەدەبی پارێزەر و پشتیوانی دەسەڵات و حاکمە مافیاکانی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانن. نووسەرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە بەرگریکاری بێئەملاوئەولای بەرژەوەندییە مادییەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کوردین. ئەو دەسەڵاتەی کە بەهەموو جۆرێک سەپۆرتی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە دەکات.

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker - communist Party of Kurdistan

Eighth Issue, January 2018